عەلی عەباسۆڤ
هارڤیتۆن چاخاتریان

# کێشەی قەرەباخ

## لە نێوان ئازەربایجانو ئەرمەنستان دا







وەرگێرانی
کەمال رەشید شەریف

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان

عەلی عەباسۆڤ

هارڤیتۆن چاخاتریان

# کێشەی قەرەباخ
# لە نێوان ئازەربایجانو ئەرمەنستان دا

وەرگێڕانی

کەمال رەشید شەریف

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان

سلێمانی 2006

## سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان

دەزگایەکی کەلتوورییە لەساڵی 1992دا دامەزراوە، ئامانجەکەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستییە لەبوارەکانی ئاسایشی نەتەوەییو سیاسەتی نێو دەوڵەتانو ئابوورییو مەسەلە ستراتیجییەکانو مەبەستی بەدەست هێنانی قازانجی ماددی نیە.

هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی کەسەنتەر دەریاندەکا، گوزارشت لەڕاو بۆچوونی خاوەنەکانیان دەکەنو بەپێی پێویست گوزارشت لەڕاو بۆچوونی سەنتەر ناکەن.


- عەلی عەباسۆڤ و هارڤیتۆن چاخاتریان
- کێشەی قەرەباخ لەنێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان دا
- وەرگێڕانی کەمال رەشید شەریف
- بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان.
- سلێمانی 2006.
- ژمارەی سپاردن (582)ی ساڵی 2006.
- ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی سەنتەر: 6/41/8

# پێشەکیی چاپی کوردی

کتێبی((کێشەی قەرەباخ لەنێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان دا))لەناکۆکییەکانی نێوان هەردوو کۆماری ئازەربایجان و ئەرمەنستان لەسەر ناوچە شاخاوییەکانی قەرەباخ دەکۆڵێتەوەو لەم بارەیەوە بەرچاوڕوونییەك دەدا بەخوێنەرانی کتێبەکە سەبارەت بەرۆڵی بکەرانی ناوچەیی و دەرەوەی ناوچەکە لەرووداوەکانی پێکدادانی هەردوولا بەمەبەستی ساغکردنەوەی کێشەکە.

گرنگیی کتێبەکە لەوەدایە کە لەلایەن دوو نووسەرەوە بەهاوبەشی نووسراوە کەیەکێکیان ئازەرەو دوەمیشیان ئەرمەنە کەئەمەش وای کردووە دیدێکی تاك لایەن بۆ کێشەکە لەنێو کتێبەکەدا جێگەی نەبێتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەهەردوو نووسەرەکە دوو کەسی شارەزاو پسپۆڕن.

عەلی عەباسۆڤ لەزانستی فەلسەفەدا دکتۆرای هەیەو بەڕێوەبەری سەنتەری دیالۆگی شارستانێتییەکان و کەلتوری ئاشتییە لەقەوقازی باشورو هەروەها سەرۆکی سەنتەری توێژینەوەی پرۆسە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکانیشە کە بە(ARTEAT)ناسراوە. هارڤیتۆن چاخاتریانیش لەمەسەلە سیاسی و ئابوورییەکاندا شارەزایە.

کتێبەکە لەلایەن ئەلیاس واحیدی‌یەوە لەتورکیی ئازەرییەوە کراوە بەفارسی‌و(سەنتەری کەلتوری توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتیی ئەبراری هاوچەرخی تاران) چاپ‌و بڵاوی کردۆتەوە.

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان وەك بایەخ پێدانێك بەمەسەلە ستراتیجییەکان‌و ئەو کێشەو ململانێیانەی لەناوچە جیاجیاکانی جیهاندا سەریانهەڵداوە وەرگێڕان‌و چاپکردنی ئەم کتێبەی بەلاوە پەسەندبوو، بەتایبەت کەکێشەی قەرەباخ لەچەند ساڵی رابردوودا بۆ ماوەیەك پێکدادانی لەنێوان هەردوو وڵاتی ئازەربایجان‌و ئەرمەنستاندا لێکەوتەوەو ئەم مەسەلەیە سەردێڕی هەواڵەکان بوو لەمیدیاکاندا.

سەنتەر

# پێشەکیی هەردو نوسەر

قەیرانی قەرەباخ یەکێکە لەکێشە کۆنەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران و رەهەندو پێوەری فراوان و گەورەی هەیەو ئاسۆی کێشەکە روون نیە. ئەم کێشەیە رۆژ لەدوای رۆژ درێژە دەکێشێ و ماکێکی نێودەوڵەتی پەیدا دەکا. قەیرانەکە لەکۆتایی سالآنی ۱۹۸۰ی سەدەی رابردوو، لەکایەی سیاسیی یەکێتیی سۆڤێتی جاراندا سەری هەڵدا. پاش داڕوخانی یەکێتیی سۆڤێت، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی وەك گرفتێکی بنەڕەتی لەنێوان هەردو وڵاتی تازە سەربەخۆی ئازەربێجان و ئەرمەنستاندا سەری هەڵداو هەردو وڵاتی دوچاری جەنگێکی خوێناوی کرد. بەگوێرەی ئاماری رەسمی بەردەست لەو جەنگەدا ٥٠ هەزار کەس(لەهەردوولا)گیانیان لەدەستدا(هەرچەندە پێکدادانەکان لەساڵی ١٩٩٤ەوە وەستاون بەلآم هەوڵی هەردو وڵات و کۆمەڵی نێودەوڵەتی و دامەزراوە ناوچەیی‌یەکان بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەیەکی سیاسی بۆ کۆتایی هێنان بەکێشەکە، هێشتا بێ ئاکام ماوەتەوەو لەم سۆنگەیەوە لەهەلومەرجی ئێستادا((نە جەنگ نە ئاشتی))باڵی بەسەر هەردوو وڵاتدا کێشاوە. کۆماری ئازەربێجان و ئەرمەنستان پەیوەندی دیپلۆماسی‌یان لەگەڵ یەکتر نەبووەو سنوری هاوبەشیان بووەتە مەیدانێکی جەنگ. جادەوشێوازەکانی پێکەوە بەستنی وڵاتانی دەروبەر، کە بەخاکی ئەم دوو وڵاتەدا تێپەڕ دەبن داخراون. وڵاتانی ناوچەکەو هەریەکە بەپێی هەڵوێستی تایبەتی خۆی لەکێشەکە

کاردانـەوەی نیـشانداوە. بـەلای روسـیاو ئـەمریکاوە قـەیرانی قەرەباخ گرنگیەکی تایبەتی هەیە، گرنگیەك کە بەخاڵی بەیەك گەیـشتنی ئـارەزووە ئابوریـەکان‌و بەرژەوەنـدی سیاسـی ئـەم وڵاتانە دادەنرێ.

لەبـەر ئـەوەی هەلومـەرجی((نـە جـەنگ نـە ئاشـتی))هەمیـشە لەهـــەناوی خۆیـــدا نیگـــەرانی ئۆپەراســـیۆنی ســـەربازی‌و دەسـتپێکردنەوەی جـەنگ بەزینـدویی دەهێڵێتـەوە، بۆیـە درێـژە کێشانی ئەم هەلومەرجە ئاستی نائەمنی لەناوچەکەدا زیاد دەکا. هەرچـەندە لـەم هەلومەرجـەی ئێـستادا، ئەگـەری پەرەسـەندنی قەیرانەکـــە تاڕادەیـــەك کەمـــە لـــەڕووی دەســـتپێکردنەوەی جەنگەکـەوە(لەدیـدی زۆربـەی شیکارە سیاسـیەکان‌و پـسپۆڕانی کێـشە ناوچـەییەکانەوە لەئاسـۆیەکی زەمـەنی نزیکـدا ئـەمجۆرە ئەگـەرە ئێجگـار کەمـە)بـەڵام هەرچـۆنێ بـێ بـوونی ئـەو جـۆرە هەلومەرجـە بەشـی خـۆی نیگـەرانی دروسـت دەکـا. بـێ لـەوە، درێژەسـەندنی پرۆسـەی چارەسـەرکردنی کێـشەکە، هـەردو وڵات، کـە تائێـستا زیـانی زۆریـان بەوهۆیـەوە بەرکـەوتوە، دوچـاری کارەسـاتی ئـابوریش دەکـات. پـێش پێکدادانـەکانی ناوچـەکە، هەردو حکومەتی ئازەربێجان‌و ئەرمەنستان وەك کۆمارەکـانی تـری یـەکێتی سـۆڤێتی جـاران، پەیوەنـدی ئـابوری نزیـك‌و فراوانیـان لەگـەڵ یـەکتر هـەبوو، بۆیـە نـەمانی ئـەو پەیوندیـە ئابوریانـەی نێوانیـان کاریگـەری ئێجگـار خراپـی لەسـەر گـوزەران‌و ئاسـتی گـــوزەران‌و ژیـــانی هاووڵاتیـــانی هـــەردو وڵات دانـــاوە. لەگـــەڵ تێپەڕبونی کات، زەمینەی دەستپێکردنەوەی ئەو پەیوەندیانەش یەك لەدوایەك لەناو دەچن‌و هەریەکە لەم دوو وڵاتە بەناچاری بۆ وڵاتـی دیکـە دەگـەڕێن پەیوەنـدی لەگەڵـدا دروسـت بکـەن. لەبـەر چارەسـەر نـەکردنی کێـشەی قـەرەباخ، بەشـێك لەرێککەوتننامـەو

پەیمانــە ئابوریـیــەکانی ناوچــەکە هێــشتا بەیــەکجاری جێبــەجێ نـــــەکراون. خـــاڵی گـــرنگ لێـــرەدا ئەمەیـــە کەدواکـــەوتن لەچارەسەرکردنی کێشەکەو بەدی نەهاتنی پێشکەوتن ئەگەرچی کــەمیش بــێ لــەڕوی زەمینــە خۆشــکردنی پێویــستەوە، ئــەوا دۆزینــەوەی توانــا شــاراوەکانی لــەم بارەیــەوە قورســتر دەکــرد. جێگای داخە هەردو وڵات، دیدێکی دوژمنانەیان بۆ یەکتر هەیەو رۆژبــەرۆژیش ئــەم دیــدە بــەهێزتر دەبــێ. زۆربــەی گروپــە سیاسیەکانی باکۆو ئەیرەڤان، لەوانە حکومەتە فەرمانڕەواکان، یارمەتی پتەوترکردن و بەدامەزراوبوونی ئەو دیدە دەدەن و لەو جۆرە هەلومەرجەدا، پێش هەرشتێ متمانە بەیەکتر نامێنێ، کەبناغەو پایەی لەیەك نزیکردنەوەی بۆچونەکان و دۆزینەوەی رێگاچارەیەکی ئاشـتیانەیە. بـێ لـەوە، رق و دوژمنایـەتی وایکردوە روبەڕبونەوەو سەنگەر لەیەك گرتنی هەردولا توندتر بێ. لەراستیدا تەنها گروپە ئێجگار بچوکەکان و ژمارەیەك رێکخراوو دامـەزراوی کۆمەڵایـەتیتر پـشتیوانییان لـەو جـۆرە بۆچـوونە نەکردووەو ناڕەزاییان لەدژی دەربڕیوە.

ئــەو گروپانــە و ژمارەیــەك بیریــاری هــەردو وڵات دژی ئــەو بۆچوونە خراپانە وەستاونەتەوەو هەوڵیانداوە راستی بۆ خەڵك رون بکەنــەوە. نوســەرانی ئــەم نامیلکەیــە دەیانــەوێ لــەرێگای ئامــادەکردنی زنجیرەیــەك بابەتــەوە بۆچـونی خۆیــان ســەربارەت بەمەســەلە بنەڕەتیـیــەکانی قەیرانەکــە رابگەیــەنن و رێگاچــارەی شــیاویش بخەنــە بــەردەم دامــەزراوە کۆمەڵایەتیـیــەکانی هــەردوو وڵات. ئێمـە وەك یەکـەمین هـەنگاوو قۆنـاغی یەکـەمی تواندنـەوەی هەرچەند کەمی سەهۆڵ بەندانی نێوان دانیشتوانی هەردو وڵات تەماشای ئەم کۆمەڵە دەکەین، چونکە ئەگەر

ئـەم بارودۆخــە ماوەیــەكی زۆر بخایــەنێ و ئەگــەر پرۆســەی بەدواداچــونی مەســەلەكەش بكەوێتــەوە گــەڕ ئــەوا زۆر كــاری پێویست هەن دەبێ ئەنجام بدرێن. تەنانەت ئەگەر دەرەنجامێكی ئێجگـار بـاش لـەبارەی چارەسـەركردنی كێـشەكەوە بێتەدەسـت، دیـسانەوە دروسـتبوونی متمانـە بەیـەكتركردنی هـەردوو نەتـەوە، كات و هەوڵێكی زۆری دەوێ.

ئــەم توێژینەوەیــە بەســێ بــەش ئــەنجام دراوە، ســەردەمی دەستپێكردنی ناكۆكییەكە، ئەوبیروڕا زاڵانـەی هـەردولا، كـەبوون بــەهۆی تەشــەنەكردنی قەیرانەكــە لەگــەڵ ماهیــەتی ئامــانج و مەرامــەكانی هــەردولا. كەمەیلــە ئابوورییەكانیــشی دەگرێتــەوە، تـاوتوێ دەكـرێن. بابەتـەكانی ئـەم توێژینـەوەیـە لەسـەر تۆڕەكـانی ئینتەرنێت هەیەو ئەمە ناونیشانەكانیەتی:

ئەدرەسی پێگەی ئینتەرنێتی بەزمانی ئازەری

http: //www.dialogueazarm. Com

ئەدرەسی پێگەی ئینتەرنێتی بەزمانی ئەرمەنی

http: //www. dialoguearmaz. nt.am

ئــەم نامیلكەیــە بــەناوی(هەڵبژاردەیــەك لەچارەســەرەكانی قـەرەباخ، خـەون و راسـتییەكان) بەزمانـەكانی تـوركیی ئـازەری، ئەرمەنی، روسی و ئینگلیـزی بڵاو بۆتـەوەو خراوەتـە بەر داوەری و قـەزاوەتی كۆمـەڵ و بـیروڕای گـشتی و ئومێـد وایـە وەك هـەنگاوی یەكـەم ببێتـە مایـەی دروسـتكردنی متمانـە لـەنێوان هـەردو وڵات و ئەنگێزەو هەنگاوی پاشتری لێ بكەوێتـەوە. جگـە لـەوە ئامانج لـەم نامیلكەیـە ئەوەیـە كەلـەگوتاری وشـك و بـرینگ دور بكەوێتـەوەو دیـدی نـوێ لەپرۆسـەی نزیككردنـەوەی بۆچـونەكانی هـەردولادا بدۆزێتەوە. ئەگەرچی دەزانین بڵاوبونەوەی تاقە

ناميلکەیەك کاردانەوەی هێندە گرنگی لەناو خەڵکی هەردو وڵاتدا نابێ، بەڵام دیسانەوە باوەڕمان بەپێویستیو بایەخی دانوستاندنی راستەوخۆی نێوان هەردولا هەیە.

بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیە لەکاتێکدا نوسران، کەخولی دانوستاندنەکان وەستاون و هیچ پێشکەوتنێك لەڕەوتی گفتوگۆکاندا روویان نەداوە. گفتوگۆی راستەوخۆی نێوان سەرانی هەردو وڵات، کەبەر لەسێ ساڵ دەستی پێکرد، وردە وردە گۆڕاو گەیشتە ئاستی گفتوگۆی نێوان نوێنەرانی ئەو سەرکردانەو یاریدەدەرانی وەزیری دەرەوەی هەردو وڵات. لەلایەکی دیکەوە سەرانی ئەمریکاو فیدراسیۆنی روسیا، پاش چەند گفتوگۆیەك لەمانگی ئایاری ٢٠٠٢دا بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاوکردەوەو رایانگەیاند کەناوچەی قەوقازی باشور لەئایندەیەکی نزیکدا بەرەو ئاشتییەکی سەپێنراو دەبرێ، ئەوەش ناکۆك بوو لەگەڵ بنەماکانی مافناسیو دادپەروەری. هەرچۆنێ بێ ئەم هەلومەرجەی ئێستا، کەپێشبینیی ئەگەری رەخساندنی رێوشوێنی نوێی لێ دەکرێ، پێویستیی بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمەی لای هەموان زیاتر کردووە.

# بەشی یەکەم

## ئاستو رەهەندەکانی کێشەی قەرەباخ
## لەڕەهەندە لۆکالیەکانەوە تا رەهەندە جیهانییەکان

کۆماری ئازەربێجان، هەر لەکۆنەوەو لەو کاتەشدا کەبەشێکی یەکێتیی سۆڤێتی جاران بوو، وەك ولاتێکی فرە نەتەوە روبەڕوی مەسەلەی کەمینە نژادییەکان ببوەوە، بەلام لەناو ئەو مەسەلانەدا تەنها مەسەلەی ئەرمەنەکانی قەرەباخ بوو وایکرد جەنگێکی سەرتاپاگیر هەلگیرسێو کۆماری ئازەربێجانو کۆماری ئەرمەنستانو ئەرمەنەکانی قەرەباخ بەشداری جەنگەکە بکەن. بەگوێرەی ئاماری بلاوکراوە، ئێستا لەناوچەی قەرەباخیی شاخاویدا لەنێوان ١٥٠-١٦٠ هەزار ئەرمەنی نیشتەجێنو ٧٠-٧٥٪ی دانیشتوانی ناوچەکە پێکدەهێنن. کێشەی قەرەباخ، کە بەداواکاری جوداخوازانەی کەمینەی ئەرمەنەکانی قەرەباخ(قەرەباخی سەروو وخوارو)دەستی پێکرد، ٥٠ هەزار قوربانی(لەهەردولا)هەبووەو ٢٥٠هەزار ئازەریشی ناچارکردوە لەئەرمەنستانەوە بەرەو خاکی ئازەربێجان بەناچاری کۆچ بکەنو دواتر ٤٠٠ هەزار ئەرمەنیی دانیشتوی ژمارەیەك شاری کۆماری ئازەربێجان بەرەو ئەرمەنستان یان ناوچەی قەرەباخ کۆچ بکەن.

کۆماری ئەرمەنستان جگە لەداگیرکردنی ناوچە ئەرمەن نشینەکانی قەرەباخ (قەرەباخی شاخاوی)شەش رایۆن(پارێزگا)ی تریشی لەخاکی ئازەربێجان(کەئازەر نشینن)داگیر کردووەو سەرەنجام ۸۰۰ هەزار ئازەری ئەم ناوچانەیشی ئاوارە کردووە کەئێستا لەشارەکانی تری ئازەربێجاندا ژیان دەبەنە سەر.

کۆماری ئەرمەنستان ۲۰٪ی خاکی ئازەربێجانی داگیر کردوەو دەڵێ ئەم هەلومەرجە لەئەنجامی خەباتی سوپای کۆماری قەرەباخی شاخاوی‌یەوە لەدژی کۆماری حەوت ملیۆن ئازەربێجان بەدەستهاتوەو پەیوەندیی بەسوپای ئەرمەنستانەوە نی‌یەو بەمەسەلەیەکی ناوخۆیی ئازەربێجان دادەنرێ. کەچی سوپای ئەرمەنستان بەهۆی داگیرکردنی ناوچە ئەرمەنی نشینەکان‌و ژمارەیەك ناوچەی ئازەری نشینی قەرەباخەوە ئەو ناوچانەی بەکردەوە بەخاکی ئەرمەنستانەوە لکاندوە.

ناسینی ئاستی کارکردو رەهەندی ئەم ململانێ‌یە لەخولە جیاجیاکاندا گرنگی زۆری هەیە. رەهەندو ئاستی قەیرانی قەرەباخ بەم شێوەیەی خوارەوە دەستەبەندی کراون:

١-رەهەندی ئایینی- نژادی کێشەکە" ئازەری- ئەرمەنی.

٢-رەهەندی ناوچەیی کێشەکە" ئازەربێجان- قەرەباخ- ئەرمەنستان.

٣-رەهەندی وابەستە بەیەکێتی‌ی سۆڤێت‌و پاش داڕوخانی یەکێتی‌ی سۆڤێت، ئازەربێجان- یەکێتی‌ی سۆڤێت(روسیا)- ئەرمەنستان.

٤-رەهەندی نێودەوڵەتی کێشەکە" ئازەربێجان- ئەرمەنستان‌و ئەکتەرەکانی تر(کەگرنگترینیان بریتین لەئەمریکا، روسیا، وڵاتانی یەکێتی‌ی ئەوروپا، تورکیاو ئێران).

پێش ئەوەی باس لەڕێگاکانی دەستەبەرکردنی سەقامگیری لەناوچەکەدا بکەین و دواتر شیکاری ڕێگاچارەسەرەکان بکەین، پێویستە ئەم ڕەهەندانەمان لەبەرچاوبێ.

## ١-ڕەهەندی کەمینە نژادی- ئایینییەکانی کێشەکە

ناسنامەی ئایینی و نژادی ئازەری و ئەرمەنییەکان لەبنەڕەتەوە لەیەکتر جیایە، بەڵام ئەم جیاوازییە هەرچەندە بێ، لەهەندێ دۆخدا چارەنوس و هەلومەرجی هاوشێوەیان هەیە. ئازەرییەکان، هەم لەجیهانی ئیسلام(بەپێوەرێکی فراوان) و هەم لەجیهانی تورك(بەپێوەرێکی سنوردارتر بەڵام ئێجگار گرنگتر) حەزو ئارەزویان هەیەو بەهەموو شێوەیەك خۆیان بە نەتەوەیەکی گەورە لەقەڵەم دەدەن. ئازەرەکان بەکردەوە خۆیان بەنەتەوەیەکی نەمر دادەنێن و ئەگەری پوکانەوەی نژادی خۆیان ئێجگار بەدوور دەزانن و لەوبارەیەوە هیچ جۆرە نیگەرانییەکیان نییە. زۆربەی ئازەرەکان شیعەن و ئەمەش وایکردوە لەجیهانی ئیسلام دا هەلومەرجێکی تایبەتیان هەبێ و لەجیهانی تورکیش دا وەك گۆشەگیر لەقەڵەم دەدرێن.

ئەرمەنەکانیش بەهۆی ناسنامەی ئایینی تایبەتیانەوە(ئەرتەدۆکس) هەلومەرجێکی تایبەتیان لەناو جیهانی مەسیحیدا هەیە. لەسەرێکی ترەوە، ئەرمەنەکان بەهۆی ژیانی دورودرێژ لەدەوروبەری نامەسیحیدا(موسڵمانان) و هاوشانی کەلتوری باوی دەسڕۆی ئەم دەوروبەرە ژیاوەو بەدرێژایی مێژوو گرژی و ڕووبەڕووبونەوەو ناکۆکییان هەبوەو ئەم هەستەیان لاچەسپاوە کەئەوان وەك کەمینەیەکی ئایینی-نژادی کەوتونەتە گەمارۆی دوژمنەکانیانەوەو هەمیشە هەڕەشەی پاکتاوکردنیان لەسەرە. دەتوانرێ بوترێ بوونی ئەو جۆرە بیروباوەڕو هەستە لەمێشکی ئەرمەنەکاندا،

رۆڵــی ســەرەکی هــەبو لەدروســتکردنی کێــشەی قــەرەباخ و درێژەکێــشانی تاقۆنــاغی ئێــستا. ئــەو بیرۆکەیــە وایکــردووە ئەرمەنـەکان گوێ بـەو گرەنتیانـە نـەدەن کەلەلایـەن ئازەرەکانـەوە ســەبارەت بــە رەخــساندنی ئاســایش و دەســتەبەرکردنی مــافی ئەرمەنەکانی قەرەباخ دەدرێ.

لەســالانی حــوکمڕانی یــەکێتی ســۆڤێتدا هــەردو نەتەوەکــە رۆحــی مەزهــەبی خۆیــان تاڕادەیــەکی زۆر فــەرامۆش کردبــوو و ئیــسلام و مەســیحیەت ببــون بــەدوو ئــایینی رواڵــەتی، بــەلام سەرەڕای ئەو راستیە لەناو ئەرمەنەکاندا هەمیشە ئایین فاکتەری هاوبەستەگی، یەکێتی و پتەوکردنی پەیوەندیە هەناویـەکانی نەتــەوە بــووەو کەنیــسە وەك دامــەزراوێکی کۆمەلایــەتی کاریگــەر رۆڵی هەیە.(ئەو سالانەی لەئەرمەنستاندا حکومەت لەئارادا نەبوو، لەراستیدا کەنیسەی رۆحانی ئەرمەنەکان ئەو رۆڵەی دەبینی).

لەســەردەمی یــەکێتی ســۆڤێتدا، ئــەم دوو نــژادە نزیکــەی ٧٠ ســاڵ لەهەلومــەرجێکی یەکــساندا گوزەرانیــان کــردو هــەردوکیان لــەرابردودا مێژویــەکی ســەقامگیریان لــەولاتی ئەلبانــەکان بەســەر بــردوەو بەهاوبەشــی دەســەلاتیان بەســەر ناوچــەکەدا کــردوەو چەندین ساڵی دورودرێژ پێکەوە ژیاون و تەنانـەت خـەڵکی هـەردو نەتەوەکـە ژن و ژن خوازیـشیان لەنێوانـدا هـەبوەو زەمینـەی لەیـەك نزیکبونــەوەی خــەڵکی هــەردوو نەتەوەکــەی لــەجاران زیــاتر رەخساندوە.

سەیر لەوەدایە کـەزۆر ئاسـایی دەبـوو ئەگـەر پەیوەندیـەکانی نێوان نژادی گورجی و ئەرمـەن لەپەیوەنـدیی نێـوان ئـازەرو ئەرمـەن فـراوانتر بوایـە، کەچـی مەسـەلەکە بـەو جـۆرە نیـەو لەڕاسـیتدا پەیوەندیی نێوان گورجی و ئەرمەنەکان خراپە. بەدرێـژایی مێژو پەیوەندیەکانی ئازەرو ئەرمەنیەکان لەچاو پەیوەندی ئەرمەن و گورجی فراوانتر بوە. بوونی

ئەم جۆرە کەشە وایکردوە شتی هاوبەشی لەنێوان هەردوو نەتەوەی ئازەرو ئەرمەن دروست بێ. ئازەرییەکان لەبیرکردنەوەی خۆیاندا هەمیشە ئەرمەن بۆ دو گروپ دابەش دەکەن((خۆییەکان))و((نامۆکان))(ناوخۆییەکان) واتە ئازەرەکانی، ئەرمەنییەکانی قەرەباخ بەخۆییو ئەرمەنییەکانی ئەرمەنستان بە بێگانە لەقەڵەم دەدەن. ئەم بیرکردنەوەیە بەتەواوەتی لەناو ئەرمەنییەکانی قەرەباخو شوێنەکانی تری ئازەربێجانیشدا هەبوە. چونکە ئەوانیش ئەرمەنییەکانی ئەیرەڤان بەبێگانە دادەنێنو بەمجۆرە بیرکردنەوەیە بەکردەوە خۆیان لەبەرامبەر ئەرمەنییەکانی شوێنەکانی تری ئەرمەنستاندا دەبینییەوە. بەم پێودانگە، چەمکی جیاجیا لەناو خەڵکی ئازەربێجان(ئازەریو ئەرمەنی)دا باوبوو، وەك: ((ئازەرەکانی باکۆ))، ((ئازەرەکانی ئەرمەنستان))، ((ئازەرەکانی جۆرجیا))، ((ئەرمەنەکانی قەرەباخ))، ((ئازەرەکانی رایۆن(پارێزگا)(مەبەست ئەو ئازەرانەیە کە لەگەڵ ئەرمەنەکاندا لەیەك رایۆن(پارێزگادا)دەژین)، ((ئەرمەنەکانی ئەیرەڤان))و ((ئەرمەنەکانی هەندەران)). سەرەڕای ئەو کێشانە، لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە یەکەمین روبەڕوبونەوەو گرژی لەنێوان ئازەرو ئەرمەنەکاندا دەستی پێکرد. ئەم گرژییانە لەساڵانی ١٩٠٥ تا ١٩١٨ و ساڵانی پاشتر بوون بەجەنگی خوێناویو تا پێشهاتەکانی ئێستا درێژەیان هەیە. پێکدادانەکانی ساڵانی دوایی، جەنگی نێوان هەردولا هاوشێوەی روداوەکانی نێوان سربو کرواتەکان بوو، مەسەلە مرۆییەکان پێشێل دەکرێنو خواستی ئەوتۆ پەیرەو دەکرێ کەداوای ریشەکێش کردنی ناسنامەو ستراکتۆری لایەنی بەرامبەر دەکاو ئارەزوی بەدەر لەعەقڵو مەنتق لەمێشکدا پەروەردە دەبێو شێوەیەکی

راســـتەقینە لـــەخۆدەگریٚ، لـــەم نیٚوانـــەدا رونـــاکبیران و ڕۆحانیی‌یـــەکان(قەشـــەکانی ئەرمـــەن) کـــەهیچ جـــۆرە کایەیـــەکی دیموکراتی‌یـــان تـــاقی نەکردۆتـــەوە، هـــەروەها توخمـــە هەســـتیارو کـــورت بینـــەکان، کـــەرۆڵی گروپـــی گـــورز وەشـــیٚن دەبیـــنن لەچوارچـێوەی بـێ سـەروبەری‌یەکاندا، رۆڵێکـی ئیٚجگـار زۆریـان هەیـەو لەسـەر ئـەم بناغەیـە مـەیلی پاکتـاوی نـژادیی ئازەرەکـان لەلایـەن ئەرمەنەکانـەوە بـەکردەوە جیٚبـەجیٚ کـراو داواکـاری ئەرمەنـەکان رووی کردە خاکی قەرەباخ و نەخچەوان و دواتر کار کرا بۆ پیٚکهیٚنانی ولاتیٚکی سەربەخۆ لەخۆرئاوای ئازەربیٚجان.

یـــەکیٚ لـــەریٚگاکانی دەربـــازبون لـــەم قەیرانـــە، بریتی‌یـــە لەنویٚـسازی و مۆدیٚرنـەکردنی کەشـی هاریکاری‌یـەکانی نیٚـوان ئەرمـــەن و ئازەربیٚجانی‌یـــەکانی روســـیا، کـــەدەتوانریٚ ســـودی لیٚ وەربگیردریٚ بۆ ناوچەی قەیراناوی‌ی قەرەباخ و لەم چوارچیٚوەیەدا پرۆسـەی دیمـوکراتیزەکردن دەبیٚتـە هـۆی بـەڕوونی خـستنەڕوی خواســـتەکانی خـــەڵك لەمەیدانـــە کۆمەلایـــەتی- سیاســـی و ئابوری‌یەکانـداو دەتـوانریٚ وەك فاکتـەریٚك بـۆ لـەناوبردنی رق و کینەکان بەکاربهیٚنریٚ.

## ٢-رەهەندی ناوچەیی کیٚشەکە

کیٚـــشەی قـــەرەباخ وایکـــردوە هەســـتی ناسیۆنالیـــستی لـەئازەربیٚجان و ئەرمەنـستان و تەنانـەت لەقـەرەباخی شـاخاوی‌دا، بـوروژیٚ و هەسـتی داواکردنـی دەسـەلاتی سیاسـی دروسـت بـیٚ، چـونکە تـەنها لەسـایەی شـەپۆلی ناسیۆنالیـستی‌یەوە بـەکردەوە دەســـەلاتداریٚتی دەهاتـــەدی. ئەوانـــەی پیٚیـــان وایـــە خواســـتی سەربەخۆیی لەکۆمارەکانی سنوری دەریای بەلتیك لەسەر بنـەما دیموکراتی‌یـەکان بـوو، بەهەڵەداچـون چـونکە لـەو کۆمارانـەدا، بزویٚنەری بنەڕەتی بزاڤی سەربەخۆخوازانە،

ناسیۆنالیستی بوو. بەڵام ئەوەندە هەیە کەبزاڤە ناسیۆنالیستییەکان لەو کۆمارانەدا یەکیان گرت و پێکەوە لەدژی دەسەڵاتداریێتی ناوەندی یەکێتیی سۆڤیەت کەوتنەکار. لەکۆمارەکانی قەوقازی باشوردا مەسەلەکە جیاواز بوو، چونکە دۆزینەوەی شەریکی دەرەکی(بۆ دامەزراندنی پەیوەندی) بەلای ئەم وڵاتانەوە، وەك وڵاتانی سنوری بەڵتیك ئاسان نەبوو، بۆیە وڵاتانی ئازەربێجان و جۆرجیا درەنگتر چوونە هەناوی وڵاتانی سەربەخۆ بەرژەوەند هاوبەشەکانەوە.

سەرانی هەردو وڵاتی ئازەربێجان و ئەرمەنستان لەسایەی پشتیوانی و پارێزگاری ژمارەیەك گروپی سیاسییەوە ناچارن((بەئاوازی ئەوان هەڵپەڕن)). ئەم دوو وڵاتە خولێکی ئەوتۆیان تێپەڕاندوە کەتێیدا چەند گروپێکی بچوك لەخەڵك سەرگەرمی کەڵەکەکردنی سەرمایە بوون و لەهەلومەرجی ئێستادا کاتی ئەوە هاتوە تا هەردو حکومەت(هەروەها حکومەتی جۆرجیا) گۆڕانی بنەڕەتییان تێدا بکرێ. بێ لەوە لەمەسەلەی بەڕێوەبردنی وڵاتدا لەناوچەی قەوقازی باشور، ئێستا لەجاران زیاتر هەست بە((بیرکردنەوەیەکی نوێ))دەکرێ. هاوپەیمانێتی و هەمبەستەگی نێوان هەرسێ سیستمەکەو رەوشی بیرکردنەوەی(سەر بەهەرسێ وڵاتەکەی ناوچەکە)لەهەلومەرجی ئێستادا خۆی لەخاڵێکی نەشیاودا دەبینێتەوەو ئەم مەسەلەیە، هەلومەرجە زاڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمی ئەم ناوچەیەمان بیر دەخەنەوە.

ئەرمەنەکانی قەرەباخ وەك خەڵکی ئاپخازیا(ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم لەجۆرجیا)زیاتر لە ١٠ساڵە سەر بەهیچ دەوڵەتێکی دیاریکراو نین و ئەمجۆرە هەلومەرجە وای کردوە ئەم دوو ناوچەیە چەندین جار وەك دەسکەلاو فاکتەرێکی زلهێزە دەرەکییەکان بەکار بهێنرێن.

ئاشــكرايه، پەرەســەندن و بەدامــەزراوبونی مافــە مــەدەنی و شارســتانی‌یەکانی خــەڵك و بەشــێوەیەکی گــشتی چەســپاندن و پتــەوبونی دیموکراســی لــەم ناوچــەیەدا کاریگەری‌یــەکی زۆری لەچارەســەرکردنی کێــشەکەدا هەیــەو ئەگــەر نــەتوانرێ بــوترێ ڕێگاچارەی یــەکجارەکی قەیرانەکەیە، ئەوا دەتـوانرێ بـوترێ وەك مـەرجێکی بنـەڕەتی و پێویـست ئامـاژەی پـێ بـدرێ و دامـەزراوەی جەماوەری هاوبەش پێکبهێنرێ. جگەلەوە پێویستە هـەوڵ بدرێ. پێویــستە گفتوگــۆ لەســـەر بنـــەمای دیموکراســـی و مامەڵـــەی هۆشـیارانە لـەنێوان خـەڵکی هەرسـێ وڵاتەکـەدا ئـەنجام بـدرێ، مۆدێلێکی هاوبـەش بـۆ دانوستاندنەکان لەسـەر کێشەی ناوچەکە بدۆزێتــەوەو ســازدانی چــەند کۆنفرانــسێك بەبەشـداری وڵاتـانی روسیا، ئەمریکا و ئەوروپا بۆی هەیە ڕەهەندەکانی کێشەکە کەم بکاتەوە.

## ٣-رەهەنــدەکانی تـایبــەت بەدەســەڵاتداریێتی روســەکان لەقەوقازدا:

کێشەی قەرەباخ لەکاتی دەسڕۆیی و پاش داڕوخانی یـەکێتی سۆڤێت، ئەگەرچی بەیەکەمین قەیران و کێشە لەقەڵەم نادرێ، بەڵام یەکێکــە لەپایــەدارترین و بەتــەوژمترینیان. لەســەردەمی ڕژێمــە موحافزەکارەکــــانی وڵاتــــانی قــــەوقازی باشــــوردا، سیستەمی‌کۆمۆنیــستی و سیــستمی حکــومەی وابەســتە بــەو سیـستمە لـەبارترین مـۆدێلی حکومـەت بـوون. لـەم سـۆنگەیەوە لەفەرمانگـــــــە حکومی‌یـــــــەکانی ئـــــــەم ناوچانەدا(نوێسازی)((بیرۆسترۆیکا)پێگەیەکی ئەوتۆی نەبوو. لەم ناوچــانەدا تیۆری‌یــەك هــەبوو لەســەر ئــەم بنەمایــە کەگوایــە دەســەڵاتدارانی ناوەنـدی یـەکێتی سـۆڤێت خۆیـان یارمـەتی زیادکردنی گرژی و ناکۆکی‌یە نژادی‌یەکان دەدەن لەهەندێ ناوچە تاسەرکردەی

رژێمە موحافزەکارەکان، ئەوانەی بیری کۆنیان هەیە جێگای خۆیان بۆ سەرکردەی گەنج و خاوەن بیری نوێ لەچوارچێوەی سیستمی کۆمۆنیستی‌دا چۆڵ بکەن. ئەگەر ئەو جۆرە تیۆری‌یە دروست بێ، ئەوا نەخشە داڕێژەرانی ئەم تیۆری‌یە نەیانتوانیوە ئاکامی کارەکەیان بەدروستی پێشبینی بکەن، چونکە لەگەڵ پەرەسەندنی گرژی‌یەکان و دەرکەوتنی ململانێی نوێ، هێزەکان و ئەکتەرانی بیانی دزە دەکەنە مەیدانەکەوەو دەرکردنی ئەم هێزانەش لەفەزای سیاسی ناوچەکە مەحاڵە.

ئەو سیستمانەی لەسەر بنەمای ناسیۆنالیستی دامەزراون هەرچەندە سەرەتا هەندێ دروشمی ریاکارانە سەبارەت بەتازەگەری دوبارە دەکەنەوە، بەڵام وردە وردە ئەم دروشمانە جێگای خۆیان بۆ دروشمی دانراو لەسەر چەمکی وەك، لیبرالیزم، ئازادی، دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ و خۆشی‌یەکانی ژیانی سەرمایەداری چۆڵ دەکەن.

ئەو ململانێ نژادی‌یانەی پاش ئەو گۆڕانانە سەریان هەڵدا، بەم چوار قۆناغەی خوارەوە تێپەڕبون:

ا-سازدانی هێزە سیاسی‌یەکان.

ب-گوشار خستنەسەر دەسەڵاتداری.

ج-بەزۆر گرتنە دەستی دەسەڵات.

د-لەدەستی خۆدا هێشتنەوەی هێزی دەسەڵات.

ه-خراپ کەڵك وەرگرتن و بردنە دەرەوەی بڕێکی زۆر پارە، کەرەستەی خاو، ماددەی سڕکەر، چەك و شتی تر. بوونی ئەم دۆخە وا دەکا ئاسایش و دەسەڵاتی حکومەت ناوەندی کەم بێتەوەو بێ سەروبەری بڵاوبێتەوە لەوڵاتدا. داڕوخانی یەکێتی یەکێتی سۆڤێت دەرفەتێکی گونجاوی رەخساند تا ململانێ‌یەکانی قەوقازی باشور بەشێوەیەکی

گونجاو چارەسەر بکرێن، بەڵام لەبەرئەوەی لەم ناوچەیەدا، کێشەی سەقامگیری‌ی حکومەت هەبوو، ئەم دەرفەتە لەکیس چو. پاش پوکانەوەی یەکێتی‌ی سۆڤێت، روسیا لەسایەی دابین کردنی چەك‌و ناردنی پسپۆڕانی سەربازی‌یەوە بۆ ئەرمەنستان، وەك فاکتەرێکی کاریگەر رۆڵی لەدرێژەکێشانی کێشەکەدا پەیدا کردو بەمجۆرە سەرکەوتن‌و سەرنەکەوتنی هەردو وڵاتی ئەرمەنستان‌و ئازەربێجان پاش داڕوخانی یەکێتی‌ی سۆڤێت تاڕادەیەکی زۆر کەوتە ژێر کاریگەری‌ی روسیاوە.

کۆمارەکانی ئازەربێجان‌و جۆرجیا، کەسەرەتا نەبوون بەئەندام لەکۆمەڵەی وڵاتە سەربەخۆ بەرژەوەند هاوبەشەکان، روبەڕوی بایکۆتی روسیا بوونەوە لەڕوی سیاسی، ئابوری‌و سەربازی‌یەوەو پاشان ئەم دو وڵاتە پەیوەندی‌یە دەرەکی‌یەکانیان بەرەوشێکی ترو لەگەڵ چەند وڵاتێکی‌تر رێکخست. هەرچەندە دواتر روسیا هەوڵی‌دا لەکێشەکانی ناوچەکە بەگشتی‌و قەرەباخ بەتایبەتی‌دا رۆڵی نێوەنجیکار ببینێ، بەڵام نەیتوانی لەم رۆڵەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، جگەلەوە مۆسکۆ لەبواری پەرەپێدانی هاریکاری‌یە ئابوری‌یەکان‌و رەخساندنی زەمینەی هاوپەیمانێتی لەنێوان وڵاتانی ناوچەکە نەیتوانی رۆڵێکی بنەڕەتی‌و دیاریکەر بگێڕێ.

بەرنامەکانی ریفۆرم‌و ئابوری، ئەوانەی لەو وڵاتەدا خەریکە ئەنجام دەدەرێن‌و تەنانەت سیاسەتەکانی تایبەت بەباشکردنی خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان، هەمیشە بەڕەشبینی تەماشا دەکرێن لەلایەن بیریارانی روسیاوە. روسیا پەیوەندی‌یەکانی خۆی لەناوچەکەدا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی‌و مەیلەکانی رێك دەخاو لەسەر بناغەی ئەم مەیلانە، پێی باشە کێشەی قەرەباخ ماوەیەکی درێژتر بەهەڵپەسێراوەیی بمێنێتەوە.

ئەگەر هەردو وڵاتی ئازەربێجان و ئەرمەنستان لەمەیدانی کێشەکانیاندا بگەنە جۆرە ڕێککەوتنێك و ئنجا هەوڵی بەشداریکردنی خۆرئاوا لەریٚ و شوێنەکانی ناوچەکەدا بدەن، ئەوا روسیا لەلاپەڕەی بنەڕەتی وازی‌یەکە لادەبریٚ و پێشبینی کردنی کاردانەوەی ئەم وڵاتە لەمبارەیەوە قورس نییە.

لەوانەیە ئەو باسە هەندیٚ جیٚی سەرسوڕمان بیٚ، بەڵام مێژو، چانسێکی دوبارەی داوەتە وڵاتانی ناوچەکە تا دوبارە بڕیار لەسەر چۆنێتی فەرمانڕەوایی و سیاسەتە پەیوەندیدارەکان بەهاووڵاتیانەوە بدەن. پێدەچیٚ کۆماری ئەرمەنستان سەرەڕای هەبونی رۆڵی شایستە لەچارەسەرکردنی قەیرانی ناوچەکەدا، خاوەن دامەزراوە یان ناوەندێکی ئەوتۆ نەبیٚ بتوانیٚ بڕیاری هەستیارو مێژویی بداو دوورنی‌یە ئەم وڵاتە دوبارە بیەویٚ بچێتە ژێر چەتری روسیاوەو لەم دۆخەدا ئەگەری چوونی فیدراسیۆنی روسیا بۆ ناو یەکێتی ئەوروپاش دەکەوێتە ژێرکاریگەری‌ی ئەم مەسەلەیەوەو کەلێن دەکەوێتە نێوان بەرژەوەندی‌یەکانی ئەوروپاو ئەمریکا لەلایەك و بەرژەوەندی‌یەکانی روسیاو وڵاتە هاوپەیمانەکانی لەناوچەکەدا، بەڵام ئێستا مەسەلەی فرە جەمسەری، ناوەڕۆکی زیانبەخشانەو نێگەتیڤانەی بۆ ناوچەکە دەبیٚ. جەمسەرەکانی وەك: ئازەربێجان- ئەمریکا، جۆرجیا- ئەوروپای خۆرئاواو ئەرمەنستان- روسیا.

هەرچۆنیٚ بیٚ هەلومەرجی نویٚ بۆ وڵاتانی ناوچەکە هاتوەتە پێشەوە تا لەبارەی ناکۆکی‌یەکانیانەوە گفتوگۆ بکەن و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، بەڵام ئەوەی بەدی دەکریٚ، لەناو حکومەتەکانی ئەم وڵاتانەدا هێشتا ئەو ئاستە پێویستە نەهاتوەتەدی تابتوانریٚ ڕێککەوتن بێتەدی و متمانە بەیەکترکردن لەناوچەکەدا دروست بیٚ. سەرەڕای ئەوەش جۆرە رەوتێکی پۆزەتیڤ هەیە کەبریتی‌یە لەوەی سەرەڕای ڕێگاچارەی واقعی و

سـستی هاریكاری‌یـه‌كان بـۆ دابینكردنـی ئاسـایش و ئـۆقره‌یی له‌ناوچـه‌كه‌دا، رێبـازی گـشتی و گـه‌وره‌ی وڵاتـان له‌سـه‌ر بنـه‌مای له‌یـه‌ك تێگه‌یـشتن دامـه‌زراوه. له‌سۆنگه‌ی ئـه‌و وتانـه‌ی سـه‌ره‌وه. رێبـازی گـشتی له‌مباره‌یـه‌وه بـۆی هه‌یـه ببێتـه هـۆی له‌یـه‌ك نزیـك كردنـه‌وه‌ی وڵاتـانی ناوچـه‌كه‌و لـه‌م له‌یـه‌ك نزیـك كردنـه‌وه‌دا، یـه‌ك لایه‌نه‌گه‌ری جێگای نه‌بێته‌وه، چونكه مه‌سه‌له‌كه مایه‌ی په‌سه‌ندی زۆرێ له‌گروپه خاوه‌ن به‌رژه‌وه‌نده‌كانی ناوچه‌كه‌یه‌و هه‌موان پێیـان وایـه ئاینـده‌ی سیاسـی قـه‌وقازی باشـور بریتی‌یـه له‌ئاسـۆی به‌رژه‌وه‌ندی‌یه‌كانی ئه‌وسێ وڵاته.

## ٤-ره‌هه‌نده نێوده‌وڵه‌تی‌یه‌كانی كێشه‌كه:

پرۆسه‌ی به‌جیهانیبون و په‌یوه‌ستبون به‌جیهانی ئازادی دوای داڕوخـانی یـه‌كێتی‌ی سـۆڤێت له‌ناوچـه‌ی قـه‌وقازی باشـور له‌شوێنه‌كانی دیكـه‌ی سۆڤێتی جاران خێراتـر به‌ڕێوه‌چوو، هـۆی ئه‌مـه‌ش ده‌گه‌ڕێتـه‌وه بـۆ بـوونی نـه‌وت له‌ناوچـه‌كه‌دا كـه‌وای كـرد كێـشه‌كانی ناوچـه‌كه لایـه‌نێكی نێوده‌وڵـه‌تی لـه‌خۆبگرن و قوڵتربینـه‌وه. پـێش ئـه‌وه‌ی ورده ورده بـاس له‌ئه‌نجامـه‌كانی ئـه‌و پرۆسـه‌یه بـه‌كرده‌وه بكـه‌ین، ئـه‌و مه‌سـه‌لانه‌ی لـه‌و سـۆنگه‌یه‌وه سه‌ریان هه‌ڵداوه به‌گشتی باس ده‌كه‌ین.

لـه‌ئایاری(١٩٩٤)ه‌وه ئاشـتی‌یه‌ك كه‌ناوه‌ڕۆكه‌كـه‌ی بریتی‌بـوو لـه‌ئاگری ژێـر خۆڵـه‌مێش له‌ناوچه‌كه‌دا به‌رقـه‌راربوو. لـه‌و ماوه‌یـه‌دا لایه‌نـه ناكۆكـه‌كان نـه‌یانتوانی رێگاچـاره‌ی گونجـاو بـۆ چاره‌سـه‌ركردنی كێـشه‌كه بدۆزنـه‌وه. ئه‌گـه‌ر ناوچـه‌كه خـاوه‌ن هه‌لومـه‌رجێكی جیۆپۆلـه‌تیكی‌ی دیكـه‌و كۆمـاری ئازه‌ربێجـان گه‌نجینه‌ی نه‌وتی ستراتیجی تێدا نه‌بوایه، به‌دڵنیایی‌یه‌وه كێشه‌كه له‌مێژه‌وه چاره‌سه‌ر ده‌كرا. بـه‌ڵام بوونی به‌رژه‌وه‌ندیی ستراتیجی و گرنگی ژماره‌یه‌ك زلهێزی وه‌ك ئه‌مریكا

لەناوچـەكەدا كێـشەكانی ئـاڵۆزتر كـردوەو وەك كلافەیـەكی ئاڵۆزكاوی لێهاتوە.

روسـیا لەهـەوڵی ئەوەدایـە دەسـڕۆیی خـۆی بگێڕێتـەوە بـۆ ناوچـەی قـەوقازی باشـور، كەپێشترو بـۆ چەندین سـاڵ دەسـەڵاتی بەسەر ئـەو ناوچەیەدا هـەبو. بێ لـەوە ئێرانیش ئێجگار نیگەرانە لەهاتنی ئـەمریكاو نـاتۆ بـۆ ناوچەكەو دژایـەتی هـاتنی سـەرمایەی كۆمپانیاكانی خۆرئاوا دەكا، ئەوانەی لـەبواری گوێزانـەوەی نـەوت دا كاردەكـەن، چـونكە دەبێتـە هـۆی ئەمـەی ئازەربێجـان ببێتـە ناوچـەی كۆنتـاكتی هاوكاری‌یـە ئابوری‌یـەكانی نێـوان ئـەوروپای خۆرئاواو خۆرهەڵاتی دوور.

ئێـران‌و روسـیا سـەرەڕای ناكۆكی‌یـە راستەقینەكانیان، لـەدژی پەرەسـەندنی دەسـڕۆیی خۆرئـاوا لەقـەوقازی باشـورو ئاسـیای ناوەڕاسـتدا كاردەكـەن‌و دژی ئـەوەن خۆرئـاوا رۆڵێكـی هـەژمونی لەناوچـەكەدا ببینـێ، بۆیـە هـەردوكیان لـەڕوی ناچـاری‌یەوە هاوپەیمانی تاكتیكی‌یان دروستكردوە. ئەو وڵاتانەی بەرژەوەندی تایبـەتیان لەقـەوقازی باشـوردا هەیـە هەرچـەندە لەگـەڵ سـێ وڵاتەكـەی ناوچـەكە رەفتـاری جیاجیایـان هەیـە، بـەڵام لەڕاسـتیدا هێـزە دەرەكی‌یـەكان ئـەو كـات لـەم ناوچـەیەدا هێـز پـەیدا دەكـەن كەئەم سێ وڵاتە وەك یەك جوگرافیای سیاسی تەماشا بكەن.

ئەرمەنـستان، كەكەمینـەی نـژادی ئەرمـەن بەئەندازەیـەكی زۆر لـەوڵاتانی خۆرئـاوادا بـڵاو بونەتـەوە، هـەوڵ دەدا لەناوچـەكەدا هاوپـەیمانێتی‌ی روسـیا بكـاو لەبنەڕەتـەوە زیـاتر بەرژەوەنـدیی روسـیا دابـین بكـا. ئەمـەش بـەگیروگرفت بـۆ ئـەم وڵاتـە لەقەڵـەم دەدرێ. ئـەمریكا سـاڵی ١٩٩٢ تـەنها لەسایەی دنـەدان‌و گوشـاری لۆبی‌یەكانی ئەرمـەنی ئـەمریكاوە، كۆمـاری ئازەربێجـانی لەلیستی كۆمەكە بێ بەرامبەرەكان

بۆ ولاتە بیانیەکان دەرکرد(بابەتی پاشکۆی ژمارەی ٩٠٧ی یاسای پشتگیری کردن لەئازادی). لەم روەوە کۆماری ئازەربێجان تا ساتەوەختی پێشهاتی ١١ی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠١ تەنها ولاتی ناو کۆمەکی ولاتە سەربەخۆ بەرژەوەند هاوبەشەکان بوو کە لەو یارمەتیە مرۆدۆستانەیە بێ بەش بوو. ئەرمەنستان ئێستاش وابیردەکاتەوە کەتەنها لەسایەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ روسیا دەتوانێ ئامانجەکانی بەدەست بهێنێ. روسیاش دەیەوێ دەسڕۆیی خۆی لەئەرمەنستاندا لەبوارە سەربازیو ستراتیجیەکاندا چڕبکاتەوەو خۆی بکاتە پشتیوانەیەك بۆ ئەرمەنستانو ئەرمەنستانیش لەپێناو پارێزگاریکردن لەخۆی دژی هەموو کاردانەوەیەکی تورکیا(دوژمنی باوی ئەرمەنستان)، کە لەکێشەی قەرەباخدا پشتگیری ئازەربێجان دەکا، پەنا بۆ روسیا ببا، کۆماری ئازەربێجان دەڵێ لەماوەی سالانی ١٩٩٦-١٩٩٨ روسیا بایی ملیاردێك دۆلار چەکی قورسی وەك موشەکی ئەوتۆ کەمەوداکەی دەگاتە باکۆ، بەخۆڕایی داوەتەوە ئەرمەنستان. شیکارانی ئازەربێجان دەڵێن: ئەم کۆمەکە سەربازیيانە بۆ ئەمەیە تا ئەرمەنستان دوبارە هێرش بکاتەوە سەر ئازەربێجانو ئەو زەویيانە داگیر بکا کەڕێڕەوی لولەی گواستنەوەی نەوتی باکۆ-سویسا(جۆرجیا)وهێڵی تازەکار لەسەرکراوی باکۆ- تەفلیس-جەیهان(تورکیا)پێیاندا تێپەڕ دەکەن. لەئەرمەنستان نکوڵی لەم مەسەلەیە دەکریو دەڵێن بۆ ڕوبەڕوبونەوەی تورکیایە، چونکە تورکیا سوپایەکی لەهەموان بەهێزتری لەناوچەکەدا هەیە.

بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندیەکانی نێوان تورکیاو قەوقازی باشور بەفاکتەرێکی بنەڕەتیو گرنگی ریو شوێنە نێونەتەوەییەکانی ئەم ناوچەیە دادەنرێ. شتێکی ئاساییە کەولاتێکی گەورەو بەهێزی وەك

توركيا هەوڵی داكوتان و پتەوتركردنی دەسڕۆیی خۆی لەناو وڵاتانی سەربەخۆی ناوچەكەدا بداو لەسەرێكی دیكەوە، وەك ئەندامێكی ناتۆو هاوپەیمانی تایبەتی ئەمریكا لەناوچەكەدا، هاوشان لەگەڵ وڵاتانی خۆرئاوادا ركەبەرایەتی روسیا بكا(هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییدا ئەم ركەبەرایەتییە كزتر بۆتەوە). سەرەڕای هەوڵەكانی توركیا بۆ دەسڕۆیی لەناوچەكەدا، كەچی ئەم هەوڵانە بەسستی دەچنە پێش و هۆی بنەڕەتی ئەو سستییەش كێشەی قەرەباخە. توركیا لەڕوی نژادی و ئایینییەوە هاوبەشی لەگەڵ ئازەرەكاندا هەیە، بۆیە لەكێشەی قەرەباخدا پشتگیری ئازەربێجان دەكاو ئەم پشتگیری كردنەش تەنها بەكۆمەكی ماددی و تەنانەت سەربازییەوە نەوەستاوە، بەڵكو پشتیوانی سیاسی- كۆمەڵایەتی لەگەڵ شاخسەكانی دەروننناسی و سۆزی نێوان جەماوەریش دەگرێتەوە. چاپەمەنی ئەرمەنستان و ژمارەیەك چاپەمەنی بیانی چەندین جار جەختیان لەسەر ئەمە كردۆتەوە ئەگەر توركیا نەبوایە، نوخبەی سیاسی ئازەربێجان زیاتر حەزیان بەئاشتی دەكرد لەكێشەی قەرەباخدا. بەڵام توركیا بەكردەوە سنورەكانی خۆی لەگەڵ ئەرمەنستان داخستوەو لەڕوی ئابورییەوە بلۆكی كردوە. ئەگەر ئەم هەنگاوەی توركیا لەپێناو دابینكردنی بەرژەوەندیی ئازەربێجان وەك لایەنێكی سێهەم رەچاو بكەین، ئەوا بەدۆخێكی كەم وێنە لەمێژوی توركیادا دادەنرێ و لەوانەیە هاوتای ئەم نمونەیە لەو هەنگاوەی توركیادا بدۆزرێتەوە كەساڵی ٢٠٠٤ سنوری خۆی بەڕوی هەناردەی نەوتی عێراقدا داخست بەهۆی پشتگیری كردنی عیراق لەخەباتی فەلەستینییەكان دژی ئیسرائیل.

روداوەكانی ساڵی ١٩١٥ رۆڵیان لەپەیوەندیی نێوان توركیاو ئەرمەنستاندا هەیە(ئەرمەنەكان دەڵێن لەو ساڵەدا توركەكان سەدان

هەزار ئەرمەنیيان قەتلوعام كرد. كوژرانی ئەرمەنەكان لەو ساڵەدا، لەلایەن توركیاوە نكۆڵی لێ دەكرێ‌و لەم گۆشەنیگایەوە كوژران یان نەكوژرانی ژمارەیەكی زۆری ئەرمەن لەو ساڵەدا كێشە نیيە، بەڵكو مەسەلەكە بریتییە لەزەق كردنەوەی روداوەكە وەك تاوانێكی جینۆساید. توركەكان پێیان وایە لەوكاتەدا بەهەمان ئەندازە تورك‌و كوردیش كوژران)و لەم سۆنگەیەوە ئەرمەنستان جگە لەقەیراناوی بونی سنوری لەگەڵ ئازەربێجان، لەسنوری توركیاش گرژی‌و قەیران هەیە.(شایانی باسە لەهەلومەرجی ئێستاداو بەهۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەكانی ئەرمەنستانەوە، سنوری رەسمی لەگەڵ ئازەربێجاندا نەماوەو هێڵی سنوری ئێستا بریتییە لەهێڵی پێشەوەی شەڕگەكە كە جیاوازییەكی زۆری لەگەڵ سنوری رەسمیدا هەیە). لەهەمو دۆخێكیشدا روسیا وەك ئەكتەرێكی تر سود لەناكۆكییەكانی سنور وەردەگرێ.

ئەرمەنستان لەم ساڵانەی دواییدا هەوڵیدا خۆی لەبازنەی دەسڕۆیی روسیا دەرباز بكاو پشتیوانیی ئەمریكا بەدەست بهێنێ‌و لەسەر ئەم بنەمایە لەئەرمەنستان بنەمایەك بەناوی((هەمەلایەنەگەری)) لەسیاسەتی دەرەكیدا پەیڕەو كرا تا كار بكا بۆ نەهێشتنی ناكۆكی لەنێوان بەرژەوەندیەكانی روسیاو خۆرئاوا لەناوچەكەدا. ساڵی ١٩٩٨ پاش داوای رێكخراوی ئاسایشی‌و هاریكاری ئەوروپا لەكۆبونەوەی لیشبونەی تایبەت بەچارەسەركردنی كێشەی قەرەباخدا، لیۆن تیر پترۆسیانی سەركۆماری ئەرمەنستان لەسەركارلابراو گروپەكانی ئۆپۆزسیۆن هاتنە سەركار. هەرچەندە ئەم گۆڕانەی دەسەڵاتدارێتی ئەرمەنستان ئێجگار بەوریایی‌و

موحافزەكارانە ئەنجام درا، بەڵام دیسانەوە روبەڕوبونەوەی كاردانەوەی روسیا بوەوە.

كاربەدەستانی ئەرمەنستان لەئامارە رەسمیەكانیاندا دانیان بەمەدا ناوە كەیەك ملیۆن كەس داوای كار دەكەن، یان بەشێوەیەكی هەمیشەیی لەوڵات كۆچ دەكەن، ئاشكرایە پسپۆڕانی سەربەخۆ، ژمارەی راستەقینە، لەژمارەی ئامارە رەسمیەكە ئێجگار بەزیاتر دادەنێن. ژمارەی ئەو ئەرمەنانەی ناوچەی قەرەباخی شاخاوییان بەجێهێشتوە(كەئەرمەنستان داگیری كردوە)جێگای سەرنجەو بەشێكی گەورەی ئەو زەوییە ئازەرییەی لەلایەن ئەرمەنستانەوە داگیركراوە، چۆڵن و دانیشتوانیان تێدانییە. شایانی باسە زۆر هاووڵاتی ئازەریش لەوڵات كۆچیان كردووەو بەشێوەیەكی گشتی لەسەرتاسەری خاكی ئازەربێجان و جۆرجیا یەك لەدوای یەك ٢ملیۆن و ١,٥ ملیۆن كەس وڵاتیان بەجێهێشتوە، ئەمەش نیشانەی نالەباری گوزەران لەناوچەكەدا نیشان دەدا. لەو سۆنگەیەوە داتوانرێ بوترێ لەم ناوچەیەدا لەڕوی خەڵك ناسییەوە، هەلومەرجێكی مەرگبار لەئارادایەو زۆرینەی ئەوانەی بۆ هەندەران كۆچ دەكەن، بریتین لەگەنج.

ئەرمەنستان كە لەڕوی كەرەستەی خاوو نەوتەوە هەژارە، دوچاری سستییەكی ئابوری توند بۆتەوە، ئەمەش حكومەتی ناچاركردوە تا هەرچی زووە كێشەكە چارەسەر بكاو بەشداری ستراكتۆری ستراتیجی نوێی ناوچەكە بكا، ئەوەش لەگەڵ بەرژەوەندیی روسیا وێك نایەتەوە(بەبەراورد لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتیی روسیا شیاوی چاوپۆشی كردنە).

لەسەرێكی ترەوە لەم ساڵانەی دواییدا گروپی(مینسك)ی رێكخراوی ئاسایش و هاریكاری ئەوروپا، مەسەلەی پێكهێنانی

پەیوەندی ئابوری لەنێوان ئەرمەنستانو ئازەربێجان پێش چارەسەرکردنی قەیرانەکە وەك ئەولەوییەتێك لەقەڵەم دا. لەم ڕێگایەوە خۆرئاوا نەك تەنها یارمەتی خێرا چارەسەرکردنی قەیرانەکە دەدا، بەڵکو وا دەکا دەسڕۆیی سیاسی- سەربازی روسیاش لەناوچەکەدا کەم بکاتەوە. ئەم ڕێگاچارەسەرەش هەمیشە لەلایەن ئازەربێجانەوە رەتدەکرایەوە، چونکە کۆماری ئازەربێجان هاریکاریی ئەو وڵاتەی نەدەکرد کەخاکی داگیرکردوەو لەفەسڵەکانی ئایندەدا بەدرێژی باس لەم بابەتە دەکەین.

هەروەها جۆرجیاش کەرۆڵی ناوبژیوانی لەنێوان ئەو دو وڵاتەی قەوقازی باشوردا لەئەستۆگرتبوو، دوچاری قەیران بوە لەناوچەکانی ئاپخازیا، ئۆستیای باشورو چەند ناکۆکییەکی شاراوەی تر لەئاجارستانو جاواختیا، کە لەهەمویاندا دەستی روسیای تێدایەو خۆرئاوا جگە لەپێشنیاز بۆ چارەسەرکردنی کێشەی قەرەباخ داوای مسۆگەرکردنی یەکپارچەیی جۆرجیا بەڕێگای ئاشتییانەش دەکا. واتە جۆرجیاو ئازەربێجان ئەمڕۆ وەك دو هاوپەیمانی ستراتیجی هەوڵ دەدەن دەسڕۆییو بەشداربونی روسیا لەناوچەکەدا کەم بکەنەوە. نمونەی بەرجەستەی ئەم هەوڵانە بریتییە لەبەستنی پەیمانی((گوام))(بەبەشداری جۆرجیا، ئۆکرانیا، ئۆزبەکستان، ئازەربێجان، مۆلداڤیا، بەڵام بەم دواییە ئۆزبەکستان لەم پەیمانە دەرچو) بۆ بەئاشکرا روبەڕوبونەوەی مۆنۆپۆڵ کردنی دەسەڵاتی سەربازی- ئابورییانەی مۆسکۆ، ئەمریکا بەم دواییە. بڕیاریدا بڕی ٤٥ ملیۆن دۆلار بۆ فراوانکردنی پەیمانەکە تەرخان بکا.

مۆسکۆو تاران لەڕوی سەربازی- تەکنیکییەوە هاریکاریی یەکتر دەکەن بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی سێ قۆڵی(روسیا- ئێران-

ئەرمەنستان)بەمەبەستی روبەڕوبونەوەی هێزنواندنی خۆرئاوا لەناوچەکەدا. ئێرانی ئیسلامی پشتیوانی لەسیاسەتەکانی روسیا دەکاو پەیوەندی‌یەکی ساردی لەگەڵ کۆماری ئازەربێجاندا هەیە. ئێران چەندین جار دژایەتی خۆی بۆ دەسڕۆیی ئەمریکا لەناوچەی قەوقازی باشورو ئاسیای ناوەڕاست دەربڕیوەو بەپێچەوانەی روسیاوە لایەنگری خۆی بۆ بەها دیموکراتی‌یەکانی خۆرئاوا دەرنابڕێ. بێ لەوە دواکەوتن لەدیاریکردنی سیستمی مافناسی دەریای قەزوین لەلایەن ئێران‌و روسیاوە لەبەر ئەمەیە تا ئەمریکا لەناوچەکە وەدەرنێن‌و ئەم راستی‌یە لەبەیاننامە نائاسایی‌یەکانی حکومەتی ئێراندا ئاشکرا دەبینرێن لەدژایەتی کردنی رێککەوتننامە نەوتی‌یەکانی ئازەربێجان لەگەڵ خۆرئاوا. دوا جموجۆڵیش لەو بارەیەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠١ کەئێران کەشتی دۆزەرەوە جیۆلۆجی‌یەکانی ئازەربێجان‌و کۆمپانیا نەوتی‌یەکانی بەریتانیای ناچارکرد کارەکانیان لەکەناری ئازەربایجاندا رابگرن کەسەرگەرمی دۆزینەوەی نەوت بوون.

یەکێکی‌تر لەهۆیەکانی هەڵوێست وەرگرتنی ئێران لەدژی ئازەربێجان بریتی‌یە لەبونی ژمارەیەکی زۆر تورکی ئازەر، لەئێران بەپێی سەرچاوەکانی ئۆپۆزسیۆن ژمارەی ئازەرەکانی ئێران لە٢٠ملیۆن کەس تێپەڕ دەکا یان نزیکەی ٣٠ملیۆن کەس لەسەرجەم دانیشتوانی ئێران پێکدەهێنن)و دنەدان وروژاندنیان لەدەرەوە بۆ جیابونەوە لەئێران هەیە. ئێران توانیویەتی گەمارۆ ئابوری‌یەکان لێهاتویی‌یانە تێپەڕێنێ‌و لەم چوارچێوەیەدا رۆڵی تایبەتی وڵاتانی خۆرئاوای ئەوروپا، بێ کاریگەر نەبوە. ئێران لەپرۆژەکانی دەرهێنانی نەوتی ئازەربێجاندا، کە بەبەشداری ئەمریکا ئەنجام دەدرێ، پشتگوێ خراوەو هەوڵ دەدا لەسایەی پەرەپێدانی هاوکاری‌یەکانی لەگەڵ وڵاتانی تورکمانستان‌و

قەزاخستان بوار خۆش بكا بۆ دامەزراندنی هێڵی گوێزانەوەی نەوتو گازی ئەو دوو وڵاتە بەجۆرێ بەناو خاكی ئێراندا تێپەڕ بكاو بگاتە ئەوروپای خۆرئاواو خۆرهەڵاتی دور. ئەگەر هێڵی لولەی كەم بایەختری(باكۆ- باتۆمی)بخەینە لاوە، ئەوا تائێستا نەوتی كۆماری ئازەربێجان لەرێگای هێڵی لولەی كۆنی(باكۆ- نوڤرو سیسك)ەوە دەگوازرێتەوە بۆ بازاڕەكانی ئەوروپا، بەلاَم بەجێبەجێ كردنی پرۆژەی گوێزانەوەی نەوتی(باكۆ- تەفلیس- جەیهان)، كە بودجەكەی بەپێی رێككەوتنامەكان دەگاتە ٢,٤- ٣,٥ ملیار دۆلاری ئەمریكی، نەوتی باكۆ لەڕێگای ناوچەكانی دەرەوەی روسیاوە دەگوازێتەوە. ئاشكرایە رەوتی روداوە سیاسیی‌یەكان لەناوچەكەدا تارادەیەكی زۆر بەندە بەئەنجامی جەنگی هێڵی لولەكانی نەوتەوە. ئەم مەسەلەیەش دوای روداوەكانی ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١ گرنگی‌یەكی زیاتری پەیدا كردوە.

لەچاپەمەنی‌یەكاندا ئەم هەواڵەمان بەرگوێ كەوتوە كەدانوستاندن لەنێوان سەرانی ئازەربێجانو ئەرمەنستان لەنیسانی ٢٠٠١دا لەفلۆریدا ئەنجام درا، ئەو دانوستاندنە لەبنەڕەتدا بۆ یەكلایی كردنەوەی كێشەی قەرەباخ نەبووە، بەڵكو بۆ تاوتوێ كردنی پەیوەندی‌یەكانی نێوان ئەمریكاو روسیا بووە.

وەك باس كرا هەلومەرجی ئێستای قەوقازی باشور، بارودۆخەكانی سەرەتای سەدەی بیستەممان بیردەهێنێتەوە، چونكە لەو سەردەمەدا جۆرجیا، ئازەربێجانو ئەرمەنستان لەماوەیەكی كورتدا سەربەخۆیی خۆیان بەدەستهێنا. وەك ئەو سەردەمە، ئەم دوو كۆمارە لەهەلومەرجی ئێستاشدا روبەری بەرهەڵستكاری نەتەوە جیاجیاكانی ناوچەكەو ناوخۆ بونەتەوە. ئەم بەرهەڵستكاری‌یە هەندێ جار پێكدادانی چەكدارانەیشی لەگەڵدابوە. خولی پێشتری ناوچەكە بەهۆی پێكهێنانی یەكێتی‌ی

سـۆڤێتەوە بریتیبـوو لەئـەزمونێکی غەمـەنگێزو سـەرکوتکردنی بزاڤـە سـەربەخۆخوازەکانی ئـەم وڵاتانـەی لێ کەوتـەوە. ئایـا ئـەم خولـەی ئێستا جیاوازی لەگـەڵ ئەو خولـەی پێشو هەیـە؟ وەڵامـی پرسـیارەکە بۆ ئامانجو مـەرامی نوخبـە سیاسـییەکانی قـەوقازی باشـــور دەگەڕێتـــەوە کـــە تاچـــەند بتـــوانن پەنـــد لـــەروداوە مێژوییـیەکانی پێشو وەربگـرن. ئایـا ئـەم نوخبانـە دەتـوانن ڕێ لەزێدەڕۆییـیەکانی خۆیـان بگـرنو ڕێو شـوێنی ناوچـەیی نـوێ بگرنەبـەر کـە لەسـەر بنـەمای سیاسـەتو سیـستمی ئـابوریی جیهانی بەرەو یەکپارچەبوون داڕێژرابێ؟

هەرچەند هەلومەرجی ئێستا لەگەڵ سـەرەتای سـەدەی بیستەم جیـاوازیی هەیـەو ئـەم وڵاتانـە ئێـستا سـەربەخۆن، بـەڵام ئەگـەری ئـەوەش هەیـە ئـەو سـەربەخۆییـیەی وڵاتـانی ناوچـەکە هـەوڵی بۆ دەدەن، لەچـەمکی راسـتەقینەی خـۆی دور بکەوێتـەوەو شـێوەی نۆکەریو دیلی بگرێتە خۆی لەپێناوی هێنانـەدیی بەرژەوەندیی بێگانە.

کاربەدەستانی پێشوی سیستمی کۆمۆنیستی وەڵامـی روداوە گـشتییەکانی ناوچـەکە، لەوانـە پێداویـستییەکانی هاووڵاتیـان، بێکاری، بەکۆمەڵ کۆچکردن، گەنـدەڵیو بـەرتیل خـواردنی فراوان بەدوبارەکردنەوەی دروشمی دیموکراتییانەی خۆرئاوا دەدەنەوە.

ئـەنجامی پێکدادانـە نژادییـەکان تـەنها روالّەتـە ئاشـکراکەی نییە، بەڵکو ئاکامی ناڕاستەوخۆی دیکەیشی هەیە. لەنێوان ٣ تا ٥ ملیـۆن کـەس لەخـەڵکی قەوقازی باشـور لـەپێناو بەدەستهێنانی کاروگوزەرانو ژیانێکی ئارامدا،ماڵو حاڵی خۆیان بەجێهێشتوە.

ئەو ململانێیە کەرۆژ لەدوای رۆژ دامێنەکەی بەرفراوانتر دەبێ، لەگـەڵ بـەردەوامبونی بەدرێـژایی چـەندین دەیـە، قوربـانی تـازەی لێدەکەوێتەوە. لەهەزارەی سێهەمدا تەنها رێگای شکۆفەکردنی

هەمەلایەنەی ناوچەکە بریتی‌یە لەبەرزکردنەوەی هۆشیاری دانیشتوان لەڕێگای رەوشە دیموکراتی‌یەکان‌و نرخ دانان‌و چاودێری کردنی بەها دیموکراتی‌یەکان.

بەر لەدەستپێکردنی سەدەی بیست‌و یەکەم مرۆڤایەتی وردە وردە باوەڕی بەفەلسەفەی ئاشتی هێناو هەرچەندە نەمامە تازە شکۆفەکراوەکانی کەلتوری ئاشتی لەجەرگەی جەنگەڵدا بەجێماوە، بەڵام چەند ساڵێکە کەلتوری جەنگ خوازی ئێجگار لاواز بوە.

پێشبینی کردنی ئایندە لەم بارەیەوە قورسە، بەڵام گومانی تێدا نی‌یە کەتەنها رێگای روبەڕوبونەوەی لایەنە ناعەقلانی‌یەکانی کەلتوری جەنگ، بریتی‌یە لەپەنابردن بۆ رەوشی عەقلانی‌و مەنتقی کەلتوری ئاشتی‌و ئەو کەسانەی بەهۆی تێنەگەیشتن لەم راستی‌یە ستایشی جەنگ دەکەن، بەدڵنیایی‌یەوە خۆیان دەبنە یەکەمین قوربانی‌ی تیغی بێ بەزەیی‌ی ئەم مەسەلەیە.

## بەشی دووەم

# ڕێوشوێنە پێشنیارکراوەکانی
# چارەسەرکردنی کێشەی قەرەباخ

لەوەتەی لەساڵی ١٩٩٨ کێشەی قەرەباخ سەری هەڵداوە تا ئێستا لایەنە رەسمییە خاوەن بەرژەوەندەکانی کێشەکە, ڕێکخراوە نێودەوڵەتی‌یەکان, وڵاتانی بیانی و کەسانی بێلایەن, بیریاران و ژمارەیەکی زۆری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی, ئامۆژگاری و ڕێگاچارەی جیاجیایان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە پێشنیاز کردوە. لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین ئەوەندەی بکرێ, لیستێکی ئەم ڕێگا چارەسەرە پۆلێن کراوانە بخەینە رو:

أ/ لایەنە مافناسی و نێودەوڵەتییەکانی کێشەکە.

ب/ بنەما بنەڕەتی‌یەکان لەخستنەڕوی ڕێگا چارەی کێشەکە.

### أ/ لایەنەکانی مافناسی و نێودەوڵەتی کێشەکە

لەراستیدا لایەنەکانی نێودەوڵەتی و مافناسیی کێشەکە پێویستە هەڵکەوتی شایستەیان هەبێ لەچارەسەرکردنی کێشەکەدا, بەڵام ئەم کارە لەبەر نەگونجانی چەند پرنسیپێکی بنەڕەتیی وەك ((مافی دیاریکردنی چارەنوس لەلایەن هاووڵاتییانەوە))و ((یەکپارچەیی زەوی و پارێزگاری کردن لەسنوری رەسمەیی وڵاتان)) سەرکەوتنی

بەدەست نەهێنا. هەردوو لایەنە ناکۆکەکەو فاکتەرە پەیوەندیدارەکانی دیکە, ئەو تێبینیانە بەقازانجی خۆیان لێك دەدەنەوە.

ناتوانرێ ئەم راستی‌یە لەبەرچاو نەگیرێ کەهەلومەرجی ئێستای مافە نێودەوڵەتی‌یەکان, کەدوای جەنگی دوەمی جیهان فۆرمۆڵەبەندی بون, هەروەها کەموکوڕی لەشیکردنەوەی مافناسی‌یانەی ئەو روداوە سیاسی‌یانەی لەناوچە جیاجیاکانی جیهاندا رو دەدەن, بریتین لەئەنجامی چالاکی‌و کارکردی ناکاریگەرو بەدواداچونی گونجاو لەلایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتی‌یەوە. بۆ بەوردی لێکۆڵینەوە, هەوڵ دەدەین کێشەکە لەچوارچێوەی رەهەندی مافناسی‌ی نێودەوڵەتی‌دا شی بکەینەوەو چەند سەرچاوەیەك لەم بارەیەوە وەك دۆکۆمێنت رەچاو بکەین.

لەو بارەیەوە دیکۆمێنتی جۆراوجۆر هەیەو گرنگترینیان ئەم وتارانەن:

١-ڤوربانۆف, مافناسی‌ی نێودەوڵەتی دەربارەی دیاری‌کردنی مافی چارەنوس‌و کێشەی قەرەباخ.

٢-ئەسکەندەری‌یان, گرژی‌یەکانی نێوان کەمینە نژادی‌یەکان دوای سەردەمی کۆمۆنیزم‌و یاسای نێودەوڵەتان (لێکۆڵینەوە سەبارەت بەبارودۆخی ئەودیوی قەوقاز).

٣-ن. ئۆهانسیان, ململانێی قەرەباخی شاخاوی‌و فاکتەرەکانی چارەسەرکردنی کێشەکە.

ئەو وتارانەی سەرەوە لەکتێبی ((کێشە نەتەوەیی‌یەکانی ئەودیوی کافکاس: ریشەی کێشەکان‌و شێوەی چارەسەرکردنیان)) کۆکراونەتەوە کەساڵی ١٩٩٧ لەلایەن زانکۆی مریلاندی ئەمریکاوە بڵاوکراونەتەوە.

لەتێڕوانینی یەکەمی ئەم دوو بنەمایەدا (بنەمای دیاریکردنی مافی چارەنوس‌و بنەمای پاراستنی یەکپارچەیی خاك) ناکرێ ئەم

دو بنەمایە پێکەوە کۆ بکرێنە، چونکە ئەو کەمینە نژادییەی بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەولاتێکدا دەژی، حەز دەکا لەپێکهاتەی سیاسیی ئەم ولاتە دەرچێ و سەربەخۆ بژی. لەراستیدا بۆ ئەمجۆرە ململانێیانە ئەو کاتە دەتوانرێ رێگاچارەی نێودەوڵەتی بدۆزرێتەوە کەکۆمەڵی جیهانی پێشتر بڕیاری لەبارەی یەکێ لەم بنەمایانە دابێ، بەلام بەهۆی نەبونی دیدگایەکی هاوبەش، رێگاچارەی لێبڕاو لەئارادا نییەو پێویست دەکا رێگاچارەی جۆراوجۆر بدۆزرێنەوە.

زۆر لێکۆڵیار پێیان وایە ئەولەوییەتدان بەیەکێ لەو پرەنسیپانە بەندە بەهەلومەرجە سیاسییە نێودەوڵەتیەکانەوە، بۆ نمونە لەسەردەمی جەنگی سارددا، پرەنسیپی سەروەریی نەتەوەیی ولاتان و نەبەزاندنی سنوری رەسمی، هەمیشە لەچاو پرەنسیپەکانیتر ئەولەوییەتی هەبو، چونکە ئەو سەردەمە جیهان دابەش کرابو بۆ دو بلۆکی ناکۆك بەسەرۆکایەتیی ئەمریکا لەلایەك و یەکێتیی سۆڤێت لەلایەکی دیکە. هەردو بلۆکەکەش نیگەران و هەستیار بون لەمەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنوس و پێیان وابو ئەو مافە هاوسەنگیی هێزەکان لەجیهاندا دەگۆڕێ، بەلام دوای کۆتایی هاتنی جەنگی ساردو داڕوخانی یەکێتیی سۆڤێت، هەلومەرجەکە گۆڕاو پەیوەندیی نێوان ئەو دو پرەنسیپە ئێستا لەسەر بنەمای چەند تێبینییەکی نوێ دادەڕێژرێ، کەگرنگترینیان بریتییە لەگوتاری نەزمی نوێی جیهان.

هەلومەرجی نوێ لەلایەن هەردو بیریاری ئەمریکا (م. هالپرین)و (د. شیفەر)ەوە بەمجۆرە گوزارشت کراوە: ((کۆتایی هاتنی سەردەمی جەنگی سارد، کۆمەڵی جیهانی بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو

روبەڕوی هەلومەرجێکی دیکە کردەوەو لەم هەلومەرجە نوێیەدا نەتەوەکان لەچوارچێوە جیاوازەکاندا داواکاریی زۆریان دەربارەی مافی دیاریکردنی چارەنوس خستە ڕو. دوای

روبەڕوی هەلومەرجێکی دیکە کردەوەو لەم هەلومەرجە نوێیەدا نەتەوەکان لەچوارچێوە جیاوازەکاندا داواکاریی زۆریان دەربارەی مافی دیاریکردنی چارەنوس خستە ڕو. دوای داڕوخانی یەکێتیی سۆڤێت ناتوانرێ بوترێ کەپێویستە سنورەکانی پێشتر بەبێ گۆڕان بمێننەوە. بەلام دیسانەوە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کەناکۆکییەکی بنەڕەتی لەنێوان مافی دیاریکردنی چارەنوس و مافی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ولاتاندا دروست بوە. ئەم بیریارانە بیریان بۆ ئەو دەچێ کەدەکرێ بەرێگا یاساییەکان داوای مافی دیاریکردنی چارەنوس بکرێ و نابێ فەرامۆش بکرێ. بەلام لەزۆربەی دۆخەکاندا ئەم مافە لەناو سنوری رەسمیی ولاتاندا دەتوانرێ داوا بکرێ و لەهەندێ دۆخیشدا ولاتی نوێ پێك بهێنرێ، ئەمەش دەکرێ بەشێوەیەکی ئاشتییانە ئەنجام بدرێ*)).

ئەو لێکۆلیارانەی باوەڕیان وایە کەپێویستە سەرلەنوێ پێناسەی پەیوەندیی نێوان مافی دیاریکردنی چارەنوسی نەتەوەکان و یەکپارچەیی خاکی ولاتان بکرێتەوە، رێگای جۆراوجۆر بۆ مافی دیاریکردنی چارەنوسی نەتەوەکان دەخەنە ڕو، لەوانە:

أ/ دیاریکردنی چارەنوس بەشێوەی سەربەخۆیی و بەپێی بەیاننامەی ١٩٦٠ی نەتەوە یەکگرتوەکان کەجێگای هیچ جۆرە مشتومڕێك هەلناگرێ.

ب/ دیاریکردنی چارەنوس بەشێوەی پێکهێنانی دەولەت لەناو دەولەت (دەولەتی لق لەناو دەولەتی بنەڕەت) وەك نمونەکانی تبت لەچین، پەنجاب (سیخەکان) لەهیندستان، چاچان لەروسیاو ناوچەی کۆرسیکا لەفەرەنسا.

---

* M. Halperin. D. sce ffer. Self-Determination in the new world order. Washington D.C ١٩٩٦. P.٩٦.

ج/ دیاریکردنی چارەنوس لەسەر ئاستی سەرو دەوڵەتیو لەم شێوەیەدا بەشێك (یەك کەمینەی نژادی) لەولاتێك یان لەچەند ولاتێك جیا دەبێتەوەو دەلکێندرێ بەخاکی ولاتێکی دیکەوە یان ولاتێکی سەربەخۆ پێکدەهێنێو دەکرێ ئاماژە بۆ ئەرمەنەکانی قەرەباخی کوێستانی بکرێ کەهەوڵ دەدەن لەخاکی ئازەربێجان جیا ببنەوەو پەیوەندی بەئەرمەنستانەوە بکەن. نمونەی تر بریتین لەلکاندنی کشمیر بەپاکستانەوە, ئۆستیای باشور (لەخاکی جۆرجیا) بەئۆستیای باکور لەروسیا, لکاندنی روسەکانی دانیشتوی ئۆکراینو مۆلداڤیا بەروسیاوە, یەکگرتنی سربەکانی بۆسنیا–هەرزەگۆڤینیا لەگەڵ سربەکانی سربستانو پەیوەندیکردنی کاتۆلیکەکانی ئەیرلەندا بەکۆماری ئەیرلەنداوە.

هەروەها چەند پۆلێن کردنێکی تر هەیە لەگواتیمالا, نیکاراگوا, مەکسیك, رواندا, ئوستralیاو ولاتی ترکەزۆربەیان مافی دیاریکردنی چارەنوسیان لەگۆڕینی پێکهاتەی دەوڵەتدا دەبیننەوە.

لایەنی ئەرمەن لەکێشەی قەرەباخدا باوەڕی بەمۆدێلی سەربەخۆییو جودابونەوە لەئازەربێجانو پەیوەندی کردن بەئەرمەنستانەوە هەیە. شیکارانو پسپۆرانی ئەرمەنستان دەڵێن: ((سەردەمی جەنگی سارد کۆتایی هاتوەو نابێ هەردو بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنوسو پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ولاتان وەك دژە یەکتر دانرێن)). ئا. یەنوکیان دەڵێ ((هەرچەند بەپێی بنەمای نەبەزاندنی خاکی ولاتان, داگیرکردنی بەشێك لەخاکی ولاتێك لەلایەن ولاتێکی ترەوە قەدەغەیە بەڵام بەگوێرەی مافی دیاریکردنی چارەنوس, نەتەوەکان دەتوانن بەشێوەیەکی ئازادانە یەکبگرنو ستراکتۆری

**سیاسیو حکومەیی سەربەخۆیان هەبیٚو لەم بارەیەوە ئەمە دەبیٚ بەئامانجێکی بەرزو سەرهەڵدانی جەنگیش مایەی پشتگیرییە)).**

**بەڵام پسپۆرانی ئازەربێجان مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنوس وەك بەڵگەیەك بۆ داگیرکردنی خاکی ئازەربێجان لەلایەن ئەرمەنستانەوە لەقەڵەم دەدەن. هەروەها لایەنی ئەرمەن پشت بەوتەکانی مافناسێکی ئەڵمانیا دەبەستیٚ بەناوی (ئۆ.لۆکتەرهاندت) لەکتێبی ((مافی پێکهێنانی حکومەتێکی سەربەخۆ لەقەرەباخی شاخاوی, هاوجوتە لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتاندا)).**

**((ئۆ. لۆکتەرهاندت)) لەکتێبەکەیدا دان بەم راستییەدا دەنیٚ کەناکۆکی لەنێوان مافی دیاریکردنی چارەنوسو مافی دەسرۆیی ولآتاندا هەیەو باوەڕی وایە لەدۆخی ئاساییداو بەپێی یاسای نێودەوڵەتان, مافی سەروەریو یەکپارچەیی خاکی ولآتان لەمافی دیاریکرنی چارەنوسی نەتەوەکان لەپێشترە, بەڵام لەدۆخی جیاوازدا هەندیٚ سەرنجی تریش هەن چونکە ئەگەر مافی کەمینەکان بەشێوەیەکی ناشایستەو توند پێشێل بکریٚ, ئەوا لەم دۆخەدا مافی دیاریکردنی چارەنوسی ئەم کەمینەیە لەچاو مافی سەروەریو یەکپارچەیی ولآت لەپێشتر*دەبیٚ.**

**بەگوێرەی بۆچونی ئەو مافناسە هەرچەند رێگای تریش بۆ دەستەبەرکردنی مافی کەمینەکان هەیە, بەڵام ئەم رێگا چارەسەرانە بەکەڵکی قەیرانی قەرەباخی شاخاوی نایەن, چونکە ئازەربێجان رەچاوی مافی مەدەنی, سیاسیو ئابوریی ئەرمەنەکان ناکا**.**

---

* Lukhterhandt O.Nagoro Karabakh’s Right to Independence According to International Law. Boston. ١٩٩٣

** Ibid

لۆکتەر هاندت لەکۆتایی‌دا بەمجۆرە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە کەمینەی ئەرمەن لەقەرەباخ مافی جیابونەوەی لەئازەربێجان‌و پێکهێنانی ولاتێکی سەربەخۆ یان پەیوەندی‌کردن بەخاکی ئەرمەنستانەوە هەیە. ئەمجۆرە لێدوانانەو ئەنجام لێ وەرگرتنیان، بەلای ئازەربێجانەوە دیدێکی یەك لایەنەو نامەنتقی‌یە. ئازەربێجان دەڵێ ئەگەر ئەمجۆرە لۆجیکە پەسەند بکەین ئەوا کەمینە ئازەرەکانی ئەرمەنستان، کەپێشتر بەچڕی لەیەك ناوچەدا دەژیان‌و ئێستا بەزۆر لەخاکی ئەرمەنستان دەرکراون، ئەمانیش مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیان لەناو خاکی ئەرمەنستان یان پەیوەندی کردن بەئازەربێجانەوە هەیە.

بەڕای پسپۆڕانی ئەرمەن، لەبەر ئەوەی ئەرمەنەکانی قەرەباخ سێ مانگ پێش داڕوخانی یەکێتی‌ی سۆڤێت، واتە لەئەیلولی ١٩٩١دا سەربەخۆیی‌ی خۆیان ڕاگەیاندوە، بۆیە جودابونەوەی ئەم ناوچەیە لەئازەربێجان، بەپێشێل کردنی یەکپارچەیی‌ی خاکی ئازەربێجان لەقەڵەم نادرێ. بەلام پسپۆڕانی ئازەربێجان باوەڕیان وایە ئەمجۆرە قسانە بەقازانجی داواکاری‌یەکانی ئەرمەنستان لەسەر حیسابی خاکی ئازەربێجان دەکرێن‌و مەسەلەی قەرەباخ تەنها لەچوارچێوەی سنوری ڕەسمی‌و دیاریکراوی ئازەربێجاندا، ئەو سنورەی کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانیشەوە پشتگیری دەکرێ، شیاوی خستنە ڕوەو ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی‌ی قەرەباخ لەلایەن هیچ دامەزراوێکی نێودەوڵەتی یان ولاتێکی بیانی‌یەوە بەڕەسمی نەناسراوە، لەکاتێکدا سەربەخۆیی‌ی ئازەربێجان لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا کەقەرەباخیش بەشێکە لێی، لەلایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتی‌یەوە بەڕەسمی ناسراوە.

ئازەربێجانی‌یەکان باوەڕیان وایە مافی دیاریکردنی چارەنوس کەیەکێ لەبنەما پەسەندکراوەکانی کۆمەڵی جیهانی‌یە, هەلومەرج و سەرنجی خۆی هەیەو بەگوێرەی ئەو سەرنجانە جیابونەوەی قەرەباخی شاخاوی لەخاکی ئازەربێجان ڕەوا نی‌یە, ئازەرەکان ئاماژە بۆ بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان دەکەن و لەم بارەیەوە لەبەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا دەربارەی ماددەی پەیوەست بەمافی دیاریکردنی چارەنوسی نەتەوەکان هاتوە کەهیچ بەندێکی ئەم بەڵگەنامەیە ناتوانێ بەشێوەیەك لێك بدرێتەوە کەببێتە مایەی پێشێلکردنی یەکپارچەیی خاکی وڵاتان. هەروەها هاتوە کە لەچوارچێوی مافی دیاریکردنی چارەنوسی نەتەوەکاندا ئەگەر خاکی وڵاتان, ئەوانەی لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بەرەسمی ناسراون, لەلایەن دەوڵەتێکی ترەوە داگیر بکرێ, ئەوا ئەم بەڵگانە مافی پاراستنی سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی وڵاتی داگیرکراو دەپارێزن*.

ئازەرەکان دەڵێن ئەو ریفراندۆمەی ئەرمەنەکانی قەرەباخ ئەنجامیان داوە (کە تێیدا داوای جیابونەوەیان لەخاکی ئازەربێجان کردبوو) دوای بەزۆر دەرکردنی ئازەرەکانی ناوچەکەو بەبێ ڕەچاوکردنی ڕاوبۆچونی ئەو ئازەرە دەرکراوانە بوەو بڕیاردان دەربارەی ئایندەی سیاسی‌ی ئەم ناوچەیە پێویستە بەرەچاوکردنی ڕاوبۆچونی ئەرمەن و ئازەرەکانی ناوچەکە بدرێ و لەڕاستیدا پێویستە کێشەکە لەنێوان ئەم دوو گروپەدا چارەسەر بکرێ. لایەنی ئازەربێجان باوەڕی وایە ئەمڕۆ هیچ

---

* ئە. قوربانۆڤ لەوتاری ((گرفتی سیاسیی کەمینەکان لەناوچەی ئەودیوی قەوقاز, ریشەو ڕێگەچارەکان)) دیدو بۆچونی چەند بیریارێکی لەلاپەڕە ٥٨-٦٠ باس کردوە لەوانە هانۆم, ئیزفەر, سپیتل و خەڵکانی تر.

ولاّتێکی جیهان, ناوچەی قەرەباخی شاخاوی وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ ناناسیٚو تەنانەت دەولـەتی ئەرمەنستانیش ئەو جۆرە کارە مەترسیدارە ناکا.

یەکپارچەیی‌ی خاکی ئازەربێجان لەلایەن سەرجەم بەڵگەنامە نێودەوڵەتی‌یەکانەوە پشت راست کراوەتەوەو دوای گفتوگۆکانی ئـەم دوایی‌یـەی جـۆرج بـوش‌و ڤلادیمێـر پـۆتین, بەیاننامەیـەکی هاوبـەش لەلایـەن هەردوکیانـەوە سـەبارەت بەکێـشەی نـژادی دەرچـوو و تێیـدا پـشتگیری لەهەڵوێـستی ئازەربێجـان کـراو ژمارەیـەکی زۆر شـیکار بیریـان بـۆ ئـەوە دەچـیٚ کەجـەخت کـردن لەسەر چارە مافناسی‌یەکانی بەردەست کێشەی قەرەباخ چارەسەر ناکـاو لەبنـەما نێودەوڵەتی‌یـە جیاجیاکانـدا, لەوانەیـە مـاددەی ناکۆك لەگـەڵ یـەکتر هـەبن. نوێنـەری پێشوی روسیا لـەرێکخراوی ئاسـایش‌و هاریکـاریی ئـەوروپا لەکۆنفرانـسێکدا کـەرۆژی ٢٥ی نیـسانی ٢٠٠٢ سـازکرا لـەژێر نـاوی ((ئاشـتی, سـەقامگیری‌و رەخساندنی کایەی متمانە لەقەوقازی باشور)) لەیەریڤان, وتـی: ((خـودا بتـانهێڵیٚ بـۆ گـەڕان بـەدوای رێگـا چارەیەکی مافناسـی)) هـەروەها کـازمیرۆف وتـی رێگاچـارەی ئـەم کێـشەیە تـەنها دەکـریٚ سیاسـی بیٚو ئەگـەر ئـەم گوتەیـە بـەلای هەنـدیٚ کەسـەوە قورسـە, ئـەوا گـرنگ نی‌یـە. کێـشەی قـەرەباخ هـەرگیز بـەمۆدێلی تـەنها مافناسـی چارەسـەر ناکرێـت, لەراسـتیدا تـەنها بـەرێگای سیاسـی کێشەکە چارەسەر دەکریٚ. ئاشکرایە کەئاستی گونجانی ئەم رێگا چارە سیاسی‌یەش لەگەڵ پێوەرەکانی مافناسی‌دا گرنگی‌ی خـۆی هەیـە بـەلای نـەوەکانی ئاینـدەی هـەردو کۆمارەکـەوەو ئەمـەش بـۆ خۆی بابەتێکی دیکەیە.

## ب/بنەما بنەڕەتیەکانی دیاریکردنی شێوەی چارەسەرکردنی کێشەکە

لەم فەسڵەدا هەوڵ دەدەین ئەو مۆدیلانەی بۆ چارەسەرکردنی سیاسییانەی کێشەی قەرەباخ خراونەتە رو لەگەڵ ئەگەری هاتنە دیی هەر یەکێك لەم مۆدێلانە تا ئەوەندەی بکرێ هەڵسەنگێنین.

١-هەڵوێستی ئازەربێجان: ئەم هەڵوێستە پشت بەوە دەبەستێ کەئەرمەنستان لەمیانەی ئەو پێکدادانانەدا کە لەساڵی (١٩٨٨)ەوە دەستیان پێکردوە, بەئامانجی لکاندنی بەشێکی خاکی ئازەربێجان بەخاکی خۆیەوە, دەستدرێژیی سەربازیی کردۆتە سەر ئازەربایجان و بەهۆی ئەم دەستدرێژییەوە جگە لەناوچەی قەرەباخی شاخاوی, شەش ناوچەی ئەم ناوچەیەش کەئازەری نشین بوون, لەلایەن ئەرمەنستانەوە داگیر کران و لەئەنجامدا سەدان هەزار کەس لەئازەرەکانی ناوچەکە ئاوارە بوون. حکومەتی ئازەربێجان وەك هەنگاوێکی سەرەتایی داوای دەرچونی هێزە سەربازییەکانی ئەرمەنستان لەناوچەکەو گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ماڵ و حاڵی خۆیان دەکا. کۆماری ئازەربێجان ئامادەیی پیشانداوە مافی ئۆتۆنۆمی بە بەرزترین ئاست بداتە قەرەباخی شاخاوی لەستراکتۆری پێکهاتەی سیاسیی خۆیدا, کەشێوەو ئەندازەی ئەم ئۆتۆنۆمییە بەوتووێژ لەنێوان هەردولا دیاری دەکرێ.

٢-هەڵوێستی ئازەربێجانییەکانی قەرەباخی شاخاوی:

ئەم هەڵوێستە بەدەگمەن بەرەسمی گوزارشتی لێدەکرێ و بەزۆری هاوجوتە لەگەڵ هەڵوێستی رەسمیی حکومەتی ئازەربێجان. بەڵام ئەو رێکخراوانەی بەناوی ئازادیی قەرەباخەوە دروست بون و وەك نوێنەری خەڵکە کارەساتبارەکە کاردەکەن و بەشداریی مشتومڕەکان دەکەن و خاوەن هەڵوێستی تایبەتی خۆیانن, ئەم رێکخراوانە پێیان وایە خاکی

داگیرکــراو پێویــستە بــەخێرایی و بــەهۆی زەبــری ســەربازییەوە وەربگیرێتــەوەو ئاوارەکــان بگەڕێنــەوە مــاڵو حــاڵی خۆیــان, ئنجــا لەپێناوی دامەزراندنی ئاشتییەکی هەمیشەیی و جێگیردا گفتوگۆ لەسەر پێکهێنانی قەوارەیەکی ئۆتۆنۆم لەناو خاکی ئازەربێجان بۆ ئەرمەنەکانی دانیشتوی ئەم وڵاتەو لەناو خاکی ئەرمەنستان بۆ ئازەرە دەرکراوەکانی ئەم وڵاتە ئەنجام بدریٚ. لەم گۆشە نیگایەوە پێویــستە تێبینــی و بۆچــونی رێکخــراوە نێودەوڵەتییــەکانی وەك نەتەوە یەکگرتوەکان, رێکخراوی ئاسایش و هاریکاریی ئەوروپاو دامەزراوەکانی مافناسیی نێودەوڵەتیش رەچاو بکرێن.

رێکخراوەکــانی ئــازادکردنی قــەرەباخ باوەڕیــان وایــە پێکــەوە ژیــانی ئاشــتییانەی ئــازەرو ئەرمەنــەکانی هــەردو کۆمــاری ئازەربێجان و ئەرمەنستان بەپابەند بوون بەم بنەمایانەی خوارەوە دێتە دی:

١-ئەو پێکهاتــە حکومەتییانــەی لــەم بارەیــەوە پێــك دەهێنــرێن پێویستە لەڕوی مافناسی, دەسەڵات و لێپرسراوێتییەوە لەگەڵ یەکتردا هاوتا بن.

٢-پــاش رازی بــوونی ئەرمەنــستان, پــرۆژەی جێبــەجێکردنی رێککەوتننامە ئامادەکراوەکان و ئەو هەنگاوانەی پێویستە لەلایەن هەردو وڵاتەوە جێبەجیٚ بکرێن لەپێناوی هێنانە دیی رێککەوتنە بەدیهاتوەکان, ئەنجام دەدرێن.

بیٚ لــەوە رێکخراوەکــانی رزگــارکردنی قــەرەباخ باوەڕیــان وایــە ئاشــتیی هەمیــشەیی لەناوچــەکەدا تــەنها بەچارەســەرکردنی دادپەروەرانەی کێشەکە سەقامگیر دەبیٚ و کۆمەڵی جیهان تەنها ئەوکاتە دەتوانیٚ بەئاسودەیی بژی کەئاشتییەکی دادپەروەرانە باڵ بەسەر جیهاندا بکێشیٚ و ستەمی نەتەوایەتی و پاکتاوی نژادی لەئارادا نەبێت.

### ٣-هەڵوێستی حکومەتی قەرەباخی شاخاوی:

ئـەم دامـەزراوە بـەدوای مـافی دیـاریکردنی چارەنوسـی خۆیـدا دەگــەڕێ‌و هــەوڵ دەدا ئــەم مافــە ببێتــە مایــەی پێکهێنــانی حکومـەتێکی سـەربەخۆو جیابونـەوە. سـەرکردایەتی‌ی ئێـستای ناوچەی قەرەباخی شاخاوی باوەڕی وایە کەدەبێ ناوچەکە وەك دەوڵــــەتێکی ســــەربەخۆو نــــوێ لەلایــــەن دامــــەزراوە نێودەوڵەتی‌یەکانەوە بناسرێ‌و لەم بارەیەوە دەڵێ:

١-دەربـارەی ئـەوەی کەقـەرەباخی شـاخاوی لـەناو سـتراکتۆری سیاسـی‌ی ئازەربێجــان دایــە, جگــە لەپەســەندکراوێکی ســاڵی ١٩٢١ی لقـی قـەوقازی حزبـی کۆمۆنیـست, هـیچ بەڵگەیـەکی تـر نی‌یە.

٢-ســەربەخۆیی‌ی کۆمـاری قـەرەباخی شـاخاوی لەسـەردەمی حــوکمڕانی‌ی دەوڵــەتی کۆمۆنیــستی‌دا ڕاگەیەنــدراوەو ئــەو ریفراندۆمـەی لـەکانونی یەکـەمی ١٩٩١دا ئـەنجام درا, نیـشانەی دیموکراتی بوونی پرۆسەکەیە.

٣-سەرکردایەتی‌ی قەرەباخ باوەڕی وایە کە لەجەنگ دژی سوپای ئازەربێجاندا سەرکەوتنی بەدەست هێناوەو وەك لایـەنی سـەرکەوتوی جەنگ شایستەی ئیمتیازی تایبەتەو پێویستە لەرەوتی دیاریکردنی هەلومەرجی سیاسی‌ی ناوچەکەدا سود لەو ئیمتیازە وەربگیرێ چونکە بەدرێـژایی‌ی مێـژو هـەرگیز نـەبینراوە نەتـەوەی سـەرکەوتو دوبـارە بچێتەوە ژێر باری ستەم‌و داگیرکردنەوە.

٤-بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی ئەرمەنەکانی قەرەباخی شاخاوی, کەحکومەتێکی سەربەخۆی خۆی دەبێ, سوپای تایبەتی ئەم کۆمارە پێویستە وەك گرەنتی‌ی پاراستنی ئاسایش کاری خۆی ئەنجام بدا.

٥-یەکگرتنەوەی حکومەتی سەربەخۆی قەرەباخی شاخاوی‌و کۆماری ئەرمەنستان بەئامانجێکی کۆتایی تەماشا دەکرێ, بەڵام

ێ

ئێستا باسی لێوە ناکرێ (لەساڵ ٢٠٠٢ ئا. قوکاسیانی سەرکردەی قەرەباخی شاخاوی جارێکی تر جەختی لەسەر ئەم مەسەلەیە کردەوە).

دەربارەی خاکی غەیرە ئەرمەنەکانی ئازەربێجانیش, کە کەوتۆتە ژێردەستی هێزی سەربازی ئەرمەنەکانەوە, بۆچونی وا هەیە دوای بەدەستهێنانی مافی سەربەخۆیی قەرەباخی شاخاوی ئەو زەویو زارانە بدرێنەوە.

٤-دانانی قەرەباخی شاخاوی بە بەشێك لەخاکی ئەرمەنستان:

ئەم داوایە لەدێر زەمانەوە هەیەو پێویست بەرونکردنەوەی زیاتر ناکا, بەڵام ئێستا هەم ئەرمەنستانو هەم ئەرمەنەکانی قەرەباخی شاخاوی بەئاشکرا باس لەم داوایە دەکەنو ئەو بڕیارانەی لەئەنجومەنەکانی ئەرمەنستانو قەرەباخی شاخاویدا لەبارەی یەکبونی هەردولاوە پەسەند کراون, تەنها لەسەر کاغەز ماونەتەوەو ئەم مەسەلەیەش بوەتە مایەی توڕەبوونی گروپە ئەرمەنە ناسیونالیستە توندڕەوەکان کەلەم بارەیەوە رەخنە لەکاربەدەستانی ئەرمەنستان دەگرن. واپێدەچێ ئێستا ئەمجۆرە بڕیار پەسەندکردنانە بەهۆی خۆپاراستن لەئاڵۆزبونی کێشەکەو سەرهەڵدانی کۆسپ لەبەردەم جیابونەوەی قەرەباخ لەئازەربێجان بەهەڵپەسێردراوی ماونەتەوە.

٥-ستراکتۆری حکومەتی نزمتر لەدەوڵەتو سەروتر لەئۆتۆنۆمی:

بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە هەندێ کەس باس لەبەخشینی ئۆتۆنۆمی باڵا دەکەنو ئەم پرۆژەیەساڵی ١٩٩١ لەلایەن ئەمریکییەکانەوە خرایە رو کە بەپرۆژەی ((ویللی)) ناسراوە. بەپێی پرۆژەکە ناوچەی قەرەباخ لەناو پێکهاتەی سیاسیی ئازەربێجاندا

بەشێوەی ناوچەیەکی تایبەت لەژێر چاودێریی تایبەتی ئەمریکا دەمێنێ‌و لەیەکێ لەبەندەکانی پرۆژەکە هاتوە: ئارامی‌و ئاسایشی ناوچەی تایبەت لەلایەن کۆنسوڵگەری‌و سوپای ئەمریکاوە دابین دەکرێ.

لەو نمونانەی چەندین جار بۆ مۆدێلسازی لەقەرەباخ باسی لێوە کراوە, نمونەی دورگەکانی ((ئالاند))ی دەریای بالتیکە. ئەم کۆمەڵە دورگەیە لە٨ هەزار دورگەی بچوك پێکهاتوەو دانیشتوانی ئەم دورگانە لەکۆنەوە بەزمانی سویدی قسە دەکەن‌و تا ساڵی ١٨٠٨ لەژێر حوکمڕانیی پاشاکانی سوید دابون . بەڵام روسیا لەجەنگی ساڵانی ١٨٠٨و ١٨٠٩دا فنلەنداو ئەو دورگانەی لەسوید سەندەوە. دوای جەنگی ساڵی ١٨٥٦ ئەم ناوچەیە وەك ناوچەیەکی مەدەنی لەقەڵەم دراو لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا, دوای راپرسیی گشتی, نەرویجیش لەسوید جیا بوەوە, روسیا بەرەسمی دانی‌نا بەسەربەخۆییی فنلەنداو لەهەمان ئەم ساڵانەدا دورگەکانی ئالاند (کەدواتر بەبەشێك لەخاکی فنلەندا دانران) داوای یەکگرتنەوەیان کرد لەگەڵ خاکی نیشتمانی دێرین, واتە سوید. پیاوماقوڵانی سەرجەم دورگەکان داواکارییەکیان لەم بارەیەوە ئیمزا کردو بۆ پاشای سویدیان روانە کرد. لەکانونی یەکەمی ١٩١٧دا حکومەتی فنلەندا دژی ئەو داواکارییە وەستایەوەو سەرەڕای سەرهەڵدانی گرژی, هیچ لایەکیان پەنایان بۆ هەنگاوی سەربازی نەبرد. ساڵی ١٩٢١ کۆمەڵی جیهانی بڕیاریدا ئەو دورگانە لەپێکهاتەی سیاسی فنلەندا بمێنێتەوە, بەمەرجێ زمان‌و کەلتورو داب‌و نەریتی سویدیی خۆیان بپارێزن‌و حکومەتی فنلەنداش بەڵێنیدا پەرە بەکەلتوری سویدیی ئەو دورگانە بدا.

بـــەپێی ڕێککەوتنەکـــەی نێـــوان فنلەنـــداو ســـوید, جگـــە لەپاراستنی کەلتور, زمانو دابو نەریتی سویدی لـەو دورگانـەدا, مـافی بـەئازادی پەیوەنـدی کـردن بەدانیـشتوانی سـویدو لابردنـی هەمو لەمپەرێکیش بۆ دانیشتوانی دورگەکە فەراهەم کرا. دورگەکە خـۆی ئەنجومـەنی لۆکـاڵی هـەبوو و حکومەتەکـەیان بوارەکـانی پـەروەردەو فێرکـردن, کـەلتور, ئـابوری, تەندروسـتی, بـارکردنو گواستنەوە, پۆلیس, پۆستە, رادیۆ و تەلەفزیۆنی دەگرتەوە, بەڵام کاروباری وەك سیاسەتی دەرەکی, موڵکدارێتیی زەوی, سستمی قـەزایی و مەسـەلەکانی مافناسـی, گـومرکو مەسـەلەکانی دراوو بانکـداری لـەژێر رکێفـی حکومـەتی ناوەنـدی فنلەنـدا بـوون. بـۆ پاراستنی بەرژەوەندیی دانیشتوانی ئالاند لەپەرلـەمانی فنلەندا, نوێنــەرێکی کۆمەڵــە دورگەکــە هــەبوو. کاربەدەســتانی دەزگــای جێبــەجێکردنی دورگەکــە پــاش بەدەســتهێنانی رەزامەنــدیی پەرلەمانی لۆکاڵی دورگەکە, لەلایەن سەرکۆماری فنلەنداوە دیاری دەکران.

لەڕوی ئابوریشەوە پەیوەندییەکان بەمجۆرە بوون, حکومـەتی ناوەنـد بـاجو داهـاتی گـومركو داهاتـەکانی تـری دورگەکـەی کۆدەکردەوەو خەرجییەکانی کۆمەڵە دورگەکە لەلایـەن حکومـەتی ناوەنـدەوە دابـین دەکـراو حکومـەتی ناوەنـد دوای داشـکاندنی خەرجیـیـەکان بەشـێك لــەپاشماوەی داهاتــە دەســتکەوتەکەی دەگەڕاندەوە بۆ ئیدارەی دورگەکە.

سـەرکۆماری فنلەنـدا دەسـەڵاتی هەیـە ئـەو یاسایانەی لەلایـەن دامـەزراوە لۆکاڵییـەکانی دورگەکـەوە (پەرلـەمانی لۆکـالی) پەسـەند دەکـرێن رەت بکاتــەوەو لــەدوو دۆخـدا دەتـوانێ سـود لـەم مـافی رەتکردنەوەیە وەربگرێ, یەکەم ئەگەر پەرلەمانی لۆکالی یاسایەکی سـەروی دەســەڵاتی خــۆی پەســەند بکــاو دوەم ئەگــەر یاســا

پەسـەندکراوەکان هەڕەشـە لەسـەر ئاسایـشی نـاوخۆو دەرەوەی فنلەندا دروست بکەن.

دانیشتوانی دورگەکانی مافی هاولاتیبونی سەربەخۆیان هەیەو هەمو تاکێك کە لەدورگەکەدا لەدایك بووبێ, یان یەکێ لەباوانی خەڵکی دورگەکە بن دەتوانن سود لەم مافە وەربگرن. دانیشتوانی ئالاند هاوکات هاوولاتی ئالاندو فنلەندانو هەموو فنلەندی‌یەك کەماوەی پێنج ساڵ لەئالاند دانیشتبێ‌و زمانی سویدی بزانێ دەتوانێ ببێتە هاوولاتی‌ی ئالاندیش. هەموو هاوولاتی‌یەکی ئالاند کە ٥ساڵ لەدەرەوەی دورگەکان ژیابێ, هاوولاتیبونی ئالاندی لەدەست دەدا. هاوولاتیانی ئالاند خزمەتی سەربازی لەسوپای فنلەندا ئەنجام نادەن. هەروەها ئالاند بۆی هەیە پەیوەندی‌ی راستەوخۆ لەگەڵ ولاتانی ئەسکەندنافی دامەزرێنێ‌و حکومەتی لۆکالی‌ی ئالاند لەکۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی ولاتانی ئەسکەندنافی‌دا (سوید, فنلەنداو نەرویج) بەشداری دەکا. سیاسەتی دەرەکی لەلایەن حکومەتی ناوەندی فنلەنداوە جێبەجێ دەکرێ, بەلام ئەو رێککەوتنو پەیمانە دەرەکی‌و نێودەوڵەتی‌یانەی ناوەڕۆکەکانیان کاریگەری‌ی لەسەر کاروباری ناوخۆی ئالاند هەبێ, پێویستە حکومەتی ناوەند لەو بارەیەوە رەزامەندی‌ی پەرلەمانی لۆکاڵ بەدەست بهێنێ.

مۆدێلی دورگەکانی ئالاند وەك مۆدێلێکی گونجاو بۆ رێکخستنی پەیوەندی‌ی نێوان قەرەباخی شاخاوی‌و کۆماری ئازەربێجان لەلایەن ناوبژیوانانی نێودەوڵەتی‌یەوە پێشنیاز کراوە. لەکانونی یەکەمی ١٩٩٣دا لەمیانەی کۆبونەوەی ولاتانی سەربەخۆی بەرژەوەند هاوبەشەکانو بەهەوڵی وەزیرانی دەرەوەی روسیاو فنلەندا, کۆبونەوەیەك لەنێوان نوێنەرانی ئازەربێجانو ئەرمەنستانو قەرەباخی

شاخاوی لەدورگەکانی ئالاند سازکراو لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو مۆدێلە کرا. لەو کۆبونەوەیەدا نوێنەرانی قەرەباخی شاخاوی مۆدێلەکەیان رەتکردەوە لەبەر ئەوەی بەلای ئەمانەوە بایەخ بەڕیشەی مێژویی و سایکۆلۆجیی کێشەی قەرەباخ نادا. هەروەها نوێنەرانی ئەرمەنستان مۆدێلەکەیان پەسەند نەکردو رایانگەیاند کەهۆی سەرکەوتنی ئەو مۆدێلە دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتنی پەیوەندیی نێوان سویدو فنلەنداو لەبنەڕەتەوە حکومەتی سوید جگە لەئالاند لەمەسەلەکانی دیکەشدا ئیمتیازی بەدەستهێناوە, لەوانە, دەکرێ ئامارە بۆ زمانی سویدی وەك زمانی رەسمیی دوەم لەفنلەندا بکرێ.

نمونەی ئالاند تەنها نمونەی حکومەتی نزمتر لەدەوڵەت و بالاتر لەئۆتۆنۆمی نییە, بەڵکو چەند دۆخێکی تریش هەیە, بەلام زۆربەی پسپۆران و شیکارانی دەرەکی, نمونەکە بەگونجاو دەزانن. ((د. لیت))و ((د. سونی)) کەدوو پسپۆری ئەمریکان ئەم نمونانەی خوارەوە پێشنیاز دەکەن*:

١-لەسەر بناغەی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ولاتان و پێویستیی دەسکاری نەکردنی سنور لەرێگای زۆرو هەنگاوی سەربازییەوە, دەبێ قەرەباخی شاخاوی لەپێکهاتەی سیاسیی ئازەربێجاندا بمێنێتەوەو ئازەربێجان مافی دەسڕۆیی خۆی لەسایەی شەکانەوەی ئالاکەی بەسەر بینا حکومییەکانی قەرەباخدا پەیدا دەکاو قەرەباخی شاخاویش مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆی لەسایەی ئەو نوێنەرەی کەخۆی رەوانەی دەستەی فەرمانڕەوایی ئازەربێجانی دەکا,

---

*David D. Latin and Grigor Suny. Armenia and Azerbaijan: Thinking away out of Karabakh. Middle East policy volume VII, Number١ October ١٩٩٩.

بەدەست دەهێنێ. جگە لەوە نوێنەری ئازەربێجان لەنەتەوە یەکگرتووەکان, نوێنەرایەتی قەرەباخی شاخاویش دەکا.

٢-هاووڵاتیانی قەرەباخی شاخاوی, نوێنەرانی راستەوخۆی خۆیان رەوانەی ئەنجومەنی نیشتمانیی ئازەربێجان دەکەن‌و ئەم نوێنەرانە دەتوانن لەسایەی ئەو دەسەڵاتانەی هەیانە, رێ لەیاسای دژ بە بەرژەوەندیی خەڵکی قەرەباخی شاخاوی بگرن.

٣-قەرەباخ لەچوارچێوەی یاساکانی ئازەربێجاندا دەبێتە خاوەن پەرلەمانێك کەراستەوخۆ لەلایەن خەڵکییەوە هەڵدەبژێرێ‌و مافی رەتکردنەوەی ئەو یاسایانەی حکومەتی ناوەندیی ئازەربێجانی دەبێ (کەپەیوەندییان بەقەرەباخەوە هەیە). جگە لەوە حکومەتی لۆکالیی قەرەباخ لەبواری ئاسایشی ناوخۆ, پەروەردەو فێرکردن, کەلتورو سەرمایەگوزاری کردنی ژێرخانیدا ماف‌و دەسەڵاتی دەبێ.

٤-بەبێ رەزامەندیی هەردولا, کۆماری ئازەربێجان‌و حکومەتی لۆکاڵیی قەرەباخ ناتوانن هێزی سەربازیی‌و پۆلیس لەناو خاکی یەکتر جێگیر بکەن.

٥-ئەرمەن‌و ئازەرەکانی ناوچەی قەرەباخی شاخاوی مافی هاووڵاتیبونی دوانەیی (کۆماری ئازەربێجان‌و کۆماری ئۆتۆنۆمی قەرەباخ), یان مافی هاووڵاتیبونی تەواوەتیی یەکێ لەو دوانەیان دەبێ‌و مافی مانەوەی هەمیشەییان لەناوچەی قەرەباخی شاخاویدا دەبێ.

ئەگەر کۆبەندییەك بۆ ئەو نمونانەی سەرەوە بکەین دەردەکەوێ کەپێکهاتەی حکومیی وەك ((بالاتر لەئۆتۆنۆمی‌و نزمتر لەدەوڵەت)), ((دەوڵەتی بەرژەوەند هاوبەش))و ((دەوڵەتی گشتی)) لەچەند روویەکەوە تێکهەڵکێشی یەکتر دەبن‌و بەزەحمەت لەیەك جیا دەکرێنەوە.

٦-گۆڕینەوەی زەوی:

ساڵی ١٩٨٨ گروپێك بەسەرۆكایەتیی ئەندریێ ساخارۆف بۆ چارەسەركردنی كێشەكە, مۆدێلی جوداكردنەوەی ناوچە ئەرمەن نشینەكانی لەناوچە ئازەر نشینەكان پێشنیاز كرد, بەڵام پێشنیازەكە بەهیچ شێوەیەك گفتوگۆی لەسەر نەكرا.

ئەم مۆدێلە بۆ یەكەمین جار لەلایەن سیاسەتمەداری ئەمریكا, پۆل گۆبل خرایە رو ئەویش لەوتارێكدا بەناوی ((چۆن دەتوانریێ قەیرانی قەرەباخ چارەسەر بكریێ؟)). گۆبل لەم وتارەدا بیری بۆ ئەوە دەچیێ كەهەردو كۆماری ئەرمەنستان و ئازەربێجان توانای چارەسەركردنی كێشەكەیان نییە, بۆیە ئەگەر هەلومەرجی پێش ساڵی ١٩٨٨ لەنێوان هەردولادا بسەپیێ, ئەوا ناتوانریێ باس لەچارەسەركردنی كێشەكە بكریێ*.

گۆبل باوەڕی وایە هەلومەرجی پێشو لەلایەن یەكێتیی سۆڤێتەوە پشتگیریی لیێ دەكرا, بەڵام لەهەلومەرجی ئێستادا, كەیەكێتیی سۆڤێت نەماوە, پێویستە رەوشێكی نویێ پەیڕەو بكریێ. بەڕای گۆبل, مەسەلەی قەرەباخی شاخاوی لەسەر سیێ بنەما چارەسەر دەكریێ:

١-هەمو ئەرمەنەكانی قەرەباخی شاخاوی بەزۆر كۆچ پیێ بكرێن یان قەتلوعام (جینۆساید) بكرێن.

٢-یان ژمارەیەكی زۆر هێزی بیانی تێدا جێگیر بكریێ.

٣-ناوچەكە بدریێ بەئەرمەنستان.

خودی لێكۆڵەرەوەكە زۆر باش دەزانیێ مەحاڵە هیچ یەكیێ لەو سیێ پێشنیازە جێبەجیێ بكریێ, یەكەم لەبەر هۆكاری مرۆیی, دوەم بەهۆی

---

*Globe P. Coping with the Nagorno-Karabakh Crisis. The Fletchers of Forum world Affairs, V.VI, N٢, Summer ١٩٩٢.

گرفتی فیزیکیو سێهەم بەهۆی مەسەلەی سیاسییەوە, چونکە لەو دۆخەدا ئازەربێجان بەشێك لەخاکی خۆی لەدەست دەدا. لەم گۆشەنیگایەوە گوبل سەرەڕای رەتکردنەوەی ئەو بنەمایانە, رێگاچارەی گۆڕینەوەی زەوی بەم شێوەیەی خوارەوە پێشنیاز دەکا:

یەکەم, بەشێك لەناوچەی قەرەباخی شاخاوی لەگەڵ سەرچاوەی ئەو روبارانەی بەرەو ئازەربێجان سەرەوخوار بوونەتەوە بدرێتە ئەرمەنستان.

دوەم, بەشێك لەخاکی ئەرمەنستان, ئەوەی دەکەوێتە نێوان ئازەربێجانو نەخچەوان بدرێتە ئازەربێجان. ئەگەر ئەم پرۆژەیە جێبەجێ کرا, ئەرمەنستان توانای پەیوەندی کردنی راستەوخۆ لەگەڵ ئێران لەدەست دەداو ئەم هەلومەرجە دۆخێکی سەخت بۆ ئەرمەنستان دروست دەکا. لەم سۆنگەیەوە ساڵی ١٩٩٦ هەندێ دەسکاری پێشنیازەکە کرا: دالانی میهری (بەشێك لەخاکی ئێستای ئەرمەنستان کەبڕیارە بەگوێرەی پرۆژەکە بدرێتە ئازەربێجان) لەژێر چاودێری هێزی نێودەوڵەتیدا بمێنێتەوە هەروەها لەدەسکاری کردنەکەدا هاتوە دواتر بەشێك لەقەرەباخی شاخاوی بدرێتە ئەرمەنستانو بەشێ لەخاکی ئەرمەنستان (ناوچەی میهری) بەیەکجارەکیو هەمیشەیی بدرێتە ئازەربێجان. ئەم هەنگاوە سەرەنجام وا لەئازەربێجان دەکات بتوانێ پەیوەندی راستەوخۆی نەپچڕێ لەگەڵ نەخچەوان. ئەرمەنستانو حکومەتی قەرەباخی شاخاوی ئەم پرۆژەیەیان پەسەند نەکرد, بەلام بەگوێرەی بابەتە بلاوکراوەکان لەئەرمەنستان, پێشنیازەکە لەسالانی ٢٠٠١و ٢٠٠٢داو لەمیانەی دانوستاندنەکانی سەرانی ئازەربێجانو ئەرمەنستاندا باس کراوە, بەلام هەردو حکومەتی یەریڤانو باکۆ بەرەسمی ئەو زانیارییانەیان رەت کردۆتەوەو زانیاری زیاتریش لەم بارەوە لەمیدیاکاندا بلاو نەکراوەتەوە.

## ٧-حكومەتی هاوبەرژەوەند

سیاســەتمەداران زۆر كــات بــۆ چارەســەركردنی كێــشەی سیاســیی نێــوان نەتــەوەكان, مــۆدێلی حكومــەتی بەرژەوەنــد هاوبــەش پێــشنیاز دەكــەن و لــەم روەوە پــشت بــەبڕیارو پەسەندكراوەكانی نەتەوە یەكگرتوەكان دەبەستن, بەتایبەتی ئەو بەیاننامەیــەی ســاڵی ١٩٧٠ لەلایــەن نەتــەوە یەكگرتوەكانــەوە دەربارەی پەیوەندیی دۆستایەتی و هاریكاریی نێوان وڵاتان و بنەماكانی مافناسیی نێودەوڵەتی دەرچووە.

لەبەیاننامەكــەدا مــافی دیــاریكردنی چارەنوســی نەتــەوەكان بەسێ شێوە خراوەتــە رو: پێكهێنــانی دەوڵــەتی نــوێ, هاوبەشــی كردنــی بەرژەوەندیــەكان لەگــەڵ دەوڵەتــە ســەربەخۆكەو دیاریكردنی هەلومەرجێكی تر لەسەر بناغەی دەنگدانی ئازادانەی سەرجەم هاووڵاتیان. ئێستا, هاوبەشی كردنی بەرژەوەندی لەگەڵ دەوڵەتــە ســەربەخۆكە زیــاتر جێگــای ســەرنجەو بــەكردەوە لەپێشنیازەكانی تر زیاتر ئەگەری سەركەوتنی هەیە. بەڵام نابێتە مــۆدێلێكی سیاســی, بــەڵكو ســەركەوتنەكەی لەپراكتیكــدا دەردەكــەوێ. بۆ نمونــە, دورگــەكانی ((كوكــا))و ((یــەنی)) لەگــەڵ نیوزیلەندا, دورگەكانی مارشال لەگەڵ پۆرتریكۆو فیدراسیۆنی میكرۆنزی لەگەڵ ئەمریكا, ئەمانە دەوڵەتی یەكگرتوو بەرژەوەند هاوبەشیان پێكهێناوەو تەنانەت دورگەكانی مارشال و میكرۆنزی لەساڵی (١٩٩٠)ەوە بوون بەئەندامی نەتەوە یەكگرتوەكانیش.

ســاڵی ١٩٩٤ جــۆن مارســیكای نوێنــەری تایبــەتی ئــەمریكا پرۆژەیەكی پێشنیاز كرد كە بەپرۆژەی مارسیكا ناسراوەو لەهەشت بەش پێكهاتبوو. لەبەشی یەكەمدا كەناوی ((هەلومەرجی قەرەباخی شاخاوی)) لێنراوە هاتوە: قەرەباخی شاخاوی وەك كۆماری قەرەباخی

شاخاوی ناو دەبریێ و لەناو ستراکتۆری سیاسی و حوکمڕانیی کۆماری ئازەربێجاندا خاوەن مافی بەڕێوەبردنی تەواوەو دەبێتە دەوڵەتێکی بەرژەوەند هاوبەش لەگەڵ ئازەربێجان. بەگوێرەی ئەم پرۆژەیە پێشنیاز کراوە لەهەر یەك لەستپانکرت (ناوەندی ناوچەی قەرەباخی شاخاوی کەئازەرەکان بەخان کەندی ناوی دەبەن)و باکۆ، هەردولا خاوەن نوێنەرایەتیی سیاسی بنو لەپایتەختی ئەو وڵاتانەی کێشەکەیان بەلاوە گرنگە، وەك یەریڤانو مۆسکۆ، کۆماری قەرەباخی شاخاوی نوێنەرایەتیی هەبێ و ئەم وڵاتانەش لەبەرامبەردا لەناوەندی قەرەباخی شاخاوی نوێنەرایەتییان هەبێ.

بەگوێرەی پرۆژەی مارسیکا، هێزە سەربازییەکانی قەرەباخ وردە وردە دەبێ کەم بکرێنەوە. واتە کۆماری قەرەباخی شاخاوی هێزی ئاسایشی ناوخۆی دەبێ، بەڵام نابێ هێزێکی سەربازیی ئەوتۆی هەبێ کەتوانای هێرشی سەبازیی هەبێ. کۆماری ئازەربێجان لەناو ئەم ناوچەیە، هەروەها لەدەوروبەری ئەم ناوچەیە دەتوانێ هێزی ئاسایش جێگیر بکا، بەڵام مافی نییە هێزی سەربازیی ئەوتۆ جێگیر بکا کەتوانای هێرشی سەربازیی هەبێ. لەمۆدێلە پێشنیازکراوەی مارسیکادا هاتوە: لەنێوان کۆماری ئەرمەنستانو (برونبۆم)ی نەخچەواندا، بەهۆی دالانی (لاچین)ەوە پەیوەندی ترانزێتی دادەمەزرێ و ئاوارە دەرکراوەکانی دەرەنجامی جەنگیش دەگەڕێنەوە سەر ماڵو حاڵی خۆیانو وڵاتانی ئەرمەنستانو ئازەربێجانو لەم سەروبەندەدا ناوچەکانی قەرەباخی شاخاویو نەخچەوان دەکرێنە ناوچەی بازرگانیی ئازاد. لەکۆتاییدا مارسیکا پێشنیاز دەکا کەگرەنتیی جێبەجێ بوونی مەرجەکانی ئەم بەڵگەنامەیە لەلایەن ڕێکخراوی ئاسایشو هاریکاریی ئەوروپاو ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە دەستەبەر بکرێ.

هەرچەندە لەم مۆدێلە پێشنیازکراوە, مەسەلەی هاوولاتیبونی بێ قەیدو مەرجی قەرەباخی شاخاوی بۆ ئازەربێجان رەتدەکرێتەوە, بەلام لەبنەڕەتەوە سەربەخۆیی قەرەباخی شاخاوی بەرەسمی ناناسێ و هەرچۆنێ بێ قەرەباخ وەك بەشێك لەخاکی کۆماری ئازەربێجان رەچاو دەکا. بەلای ئەرمەنەکانەوە ئەم پێشنیازە ناکرێ پەسەند بکرێ چونکە ئەرمەنەکان دژی هەمو جۆرە تابعیەتێکی قەرەباخن بۆ کۆماری ئازەربێجان ومەرجەکان تەنها لەسەر بناغەی مافی یەکسانی نێوان هەردولا پەسەند دەکەن.

یەکێکی تر لەو مۆدێلانەی لەچوارچێوەی دەوڵەتی هاوبەرژەوەندیدا پێشنیاز کراوە بریتییە لەمۆدێلی (سێنتن). ئەم پێشنیازە لەناوەڕاستی نەوەدەکاندا لەلایەن لۆدسکی بەڕێوەبەری دامەزراوەی دیموکراسی ئەمریکاوە خرایە روو ئەویش لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (تورکیش دەیلی نیوز)ی تورکیا لەئەیلولی ١٩٩٥دا. لۆدسکی باوەڕی وایە پێویستە قەرەباخی شاخاوی بلکێندرێ بەئەرمەنستانەوە, بەلام هاوکات دەبێ پەیوەندی لەگەڵ ئازەربێجانیش نەپچڕێ و شێوازی ئەم پەیوەندییەش پێویستە بەشێوەیەکی ورد دیاری بکرێ. بێ لەوە لۆدسکی بیری بۆ ئەوە دەچێ کە: ((لەبەر ئەوەی ئازەرەکان لەجەنگدا بەدەستی ئەرمەنەکان تێکشکاون, بۆیە دەبێ مل بۆ لەدەستدانی زەوی و زارە دەست بەسەرداگیراوەکان بدەن. بەلام لایەنی ئازەربێجان ئەم داوایە رەتدەکاتەوەو پێی وایە پسپۆڕانی خۆرئاوا لەڕێگای وروژاندنی مەسەلەی وەك ((سەرکەوتنی سەربازی))و ((ئەنجامی پێکدادانی سەربازی)) دەیانەوێ ئەوە بڵێن کەتەنها بەڕێگای سەربازی ئەگەری چارەسەرکردنی کێشەکە هەیە.

لۆدسکی لەوەڵامی پرسیارێکی هەواڵنێرەکەی تورکیا کەپرسیاری کردبو ئایا ئێوە پێشنیاز دەکەن قەرەباخی شاخاوی یان بەشێك لەخاکی ئەرمەنستان ئاڵوگۆڕ بکرێت بۆ دروستکردنی گوزەرێك لەنێوان ئازەربێجان و نەخچەوان وتویەتی: ((هەمو دانوستاندنێك ببێتە مایەی دروستکردنی گوزەرێك لەنێوان ئازەربێجان و نەخچەوان و هەروەها لەنێوان ئەرمەنستان و قەرەباخ پێویست و زەرورن)).

هەروەها ((دەوڵەتی گشتی))یش مۆدێلێکی دیکەیە کە لەلایەن گروپی مینسك (گروپێکە پێکهاتوە لەنوێنەرانی ئەو وڵاتانەی بەرژەوەندی‌یان لەکێشەکەدا هەیەو لەژێر چاودێری رێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپادا کار دەکا) پێشنیاز کراوە. ئەم مۆدێلە نزیکە لەمۆدێلی ((دەوڵەتی هاوبەرژەوەند)و جیاوازی‌یەکەیان هێندە نی‌یەو بەندە بەچەندین هەلومەرجی جیاجیاوە. لەلێکدانەوەی ئەم مۆدێلەدا سەرنجتان بۆ هەڵسەنگاندنەکەی (نیازی مەهدی)ی سیاسەتمەدارو بیریاری ئازەربێجان رادەکێشین: گومانی تێدا نی‌یە کەقەرەباخی شاخاوی ئەم دەرفەت و ئەگەرەی هەیە، بەهۆی مانەوە لەچوارچێوەی ستراکتۆری سیاسی‌ی کۆماری ئازەربێجاندا بەکردەوە ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و وەك پێویست دەسەڵاتی سیاسی‌ی حکومەتێکی هەبێ، بەڵام ئەرمەنەکان لەئاسۆی ئەم دۆخە دەترسن. یەکەم لەبەر ئەوەی رکەبەرەکەیان (ئازەربێجان) رۆژ لەدوای رۆژ بەهێزتر دەبێ و لەسایەی بەهێزکردنی توانا سەربازی و ئابوری‌یەکاندا، هەڵکەوتەکەیشی لەمەیدانی نێودەوڵەتیدا مکوّمتر دەبێ. لەم سۆنگەیەوە وردە وردە چاودێری‌ی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی ئاشتی لەناوچەکەشدا کاڵتر و لاوازتر دەبێ و کۆماری ئازەربێجان بەسود وەرگرتن لەهێزی خۆی دەتوانێ بەکردەوە مافی دەسڕۆیی‌ی

سەربەخۆیی قەرەباخی شاخاوی پێشێل بکا. بەلای ئەرمەنەکانەوە مافی سەربەخۆبونی پێشنیازکراو لەستراکتۆری سیاسیی ئازەربێجاندا وەك ((بەردی ژێر ئاو)) وایە, (چونکە ناتوانرێ پێشبینی بکرێو ترسناکە). دوەم, لەوانەیە کۆماری ئازەربێجان بەرەوشی غەیرە سەربازی, ئەرمەنەکان ناچار بکا ناوچەکە چۆڵ بکەنو ستراکتۆری دیموگرافیی ناوچەکە بگۆڕێ. سێهەم, رای گشتیی ئەرمەنەکانی قەرەباخی شاخاویو ئەرمەنستان دژی لکاندنی قەرەباخە بەئازەربێجانەوەو لەلایەن زۆرینەی ئەرمەنەکانەوە بەرهەڵستکاری دەکرێ.

هەڵوێست وەرگرتنی ئازەربێجانیش لەبەر چەند هۆیەکن, لەوانە: یەکەم, لەرای گشتی ئازەربێجاندا قەرەباخی سەرو (قەرەباخی شاخاوی)و خواروو وەك دوو بەشی دانەبڕاوی خاکی ئازەربێجانن و لەیەك جیا ناکرێنەوەو بیرۆکەی جیاکردنەوەی قەرەباخی شاخاوی لەئازەربێجان وەك کارەسات لەقەڵەم دەدەن. دوەم, یاسا, بنەماو سستمی مافناسیی نێودەوڵەتی لەبارەی نەگۆڕانی سنوری ئازەربێجانەوە, لەقازانجی حکومەتی ئازەربێجاندایە, چونکە بەلای رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە قەرەباخی شاخاویش لەناو ئەم سنورەدا دەناسرێو لەم روەوە نەقۆستنەوەی ئەم ئیمتیازو هەلە بەجۆرێ لەگێلی لەقەڵەم دەدەن. سێهەم, بەهێزبونی ئازەربێجان, کەیەکێ لەئەگەرەکانی بریتییە لەتۆڵە سەندنەوە لەئەرمەنستان, بەداش سوارییەکی ئازەربێجان دادەنرێ. چوارەم ئەو کێشانەی ناوەڕۆکی مافناسیی نێودەوڵەتییان هەیە بەشێوەیەکی ئاسایی پێویستیان بەچارەسەری قۆناغ بەقۆناغ هەیەو لەو قۆناغانەدا, چاوپۆشیو لێبوردەیی لایەنی ئازەربێجان وا دەکا بنەماکانی یاریی دۆمینە باڵ بەسەر

دانوستاندنەکاندا بکێشێ. یەکێ لەم لێبوردەیی‌یانەی ئازەربێجان بریتی‌یە لەقبوڵ کردنی ئەرمەنەکانی قەرەباخ وەك یەکێ لەلایەنەکانی دانوستاندن، کە بەهەنگاوێکی گرنگ بۆ داننان بەسەربەخۆیی و جیابونەوەی قەرەباخ لەئازەربێجان دادەنرێ.

٨-مۆدێلی قوبرس:

مۆدێلەکە بریتی‌یە لەوەی کۆماری تورك نشینی باکوری قوبرس سەرەڕای ئەوەی کەبەرەسمی نەناسراوە، بەڵام بەکردەوە هەیەو چالاکی ئەنجام دەدات. لەم بارەیەوە مۆدێلەکە بۆ بارودۆخی قەرەباخی شاخاویش لەبارەو دەکرێ کۆماری قەرەباخی شاخاوی بەرەسمی نەناسرێ، بەڵام بەکردەوە هەبێ و چالاکی ئەنجام بدا. ئەمەش مانای وایە ئەم ناوچەیە ناخرێتە ستراکتۆری سیاسی‌ی هیچ یەکێ لەئەرمەنستان و ئازەربێجانەوە، هەروەها کۆمارەکە بەرەسمی ناناسرێ و ناتوانێ ببێتە ئەندام لەنەتەوە یەکگرتوەکان، بەڵام بەکردەوە بوونی دەبێ. ئەرمەن ئەم مۆدێلەیان تاڕادەیەك پێ باشەو باوەڕیان وایە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی گرژی و قەیران و بارودۆخەکە ئاسایی دەکاتەوەو یارمەتی‌ی ئاسایی‌کردنەوەی پەیوەندی‌ی نێوان ئازەربێجان و ئەرمەنستانیش دەدا. بەڵام ئازەرەکان دەڵێن ئەو مۆدێلە ماوەی هەشت ساڵە بەکردەوە هەیەو لەم ماوەیەدا هیچ یەکێ لەداوای دوو لایەنە خاوەن بەرژەوەندەکەی نەهێناوەتە دی.

٩-مۆدێلی چەچانستان

دوای ئیمزاکردنی پەیمانی (خاساڤیۆرد) لەنێوان فیدراسیۆنی روسیاو سەرانی چەچانستان لەساڵی ١٩٩٦، مۆدێلێکی دیکە بۆ ئەگەری چارەسەرکردنی قەیرانی قەرەباخ زیادی کرد. لەم ساڵەدا پێکدادانی خوێناوی‌ی نێوان فیدراسیۆنی روسیاو چەچانستان کۆتایی

هات‌و ئاشتی سەقامگیر کرا. بۆ دیاریکردنی یەکجارەکی‌ی هەلومەرجی سیاسی‌ی چەچانستان هەردولا رێککەوتن کەمەسەلەکە تا پێنچ سالّی دیکە دوا بخرێ. پاش ئەم سازش کردنە، نوێنەرانی حکومەتی روسیاو کۆماری ئەرمەنستان‌و قەرەباخی شاخاوی چەندین جار دانوستاندنیان لەسەر ئەگەری جێبەجێبونی ئەم مۆدێلە کرد لەکێشەی قەرەباخدا.

ئەگەر مۆدێلی چەچانستان جێبەجێ بکرێ ئەوە لەراستیدا خولێکی تازە لەهەلّوێستی هەردولادا دروست دەبێ‌و ئەگەر ئەم پێنچ سالّە دوا بخرێ، ئەوا لەو ماوەیەدا، نەوەیەکی نوێ لەسیاسەتمەداران‌و کاربەدەستانی حکومەت دەردەکەون‌و دێنە سەرکارو لەوانەیە گۆڕانی شایستە لەمەیدانەکانی سیاسی‌و ئابوری‌ی قەوقازی باشوردا بێتە دی‌و ئەگەری دورکەوتنەوەی هەردولا لەتوندڕەوی لەگفتوگۆکاندا برەخسێ. لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانرێ ئومێد بکرێ مەسەلەکە جموجوّلی تێکەوێ‌و لەپنتی سفر دور بکەوێتەوە.

لەپوختەی ئەو بابەتانەی سەرەوەدا دەتوانرێ بوترێ جێبەجێکردنی مۆدێلی چەچانستان لەکێشەی قەرەباخدا، پشت بەسێ پرەنسیب دەبەستێ:

ئەلف/دابینکردنی ئاسایشی دانیشتوانی نزیک سنوری ئازەربێجان‌و ئەرمەنستان تا بالاّترین رادەی شیاو.

ب/دواخستنی چارەنوسی هەلومەرجی سیاسی‌ی قەرەباخی شاخاوی لایەنی کەم بۆ ماوەی پێنچ سالّ لەپێناوی فۆرموّلّەبەندی بوونی خولی گواستنەوە لەرەوتی چارەسەرکردنی کێشەکەدا چونکە بەرەخساندنی ئەم ماوە زەمەنی‌یە هەلومەرجی سیاسی‌و ئابوری‌ی لەبارو گونجاو دروست دەبێ.

ج/لەو ماوە زەمەنی‌یەدا تەوژمی قەیرانەکە هێورتر دەبێتەوەو دوژمنایەتی کردنی یەکتر لەناو دەچێ‌و لەو هەلومەرجە نوێیەی دروست دەبێ، نەوەی نوێ لەسیاسەتمەداران چالاکانەتر دێنە مەیدانەوە.

چەند مۆدێلێکی دیکەی هاوشێوەی مۆدێلی چەچانستان هەیە، لەوانە پەیمانی ئاشتی‌ی ساڵی ١٩٩٦ی دایتۆن. بەگوێرەی ئەم پەیمانە، دیاریکردنی چارەنوسی هەلومەرجی سیاسی‌ی سربەکانی بۆسنیا-هەرزەگۆڤینا تا نۆ ساڵی تر دواخرا. سەرانی قەرەباخی شاخاوی کاتی خۆی مۆدێلی چەچانستانیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی قەرەباخ بەپۆزەتیف لەقەڵەم دا. رۆبێرت کۆچارمیان، سەرکردەی ئەو کاتەی ئەرمەنەکانی قەرەباخ لە ٢٧ی شوباتی ١٩٩٧ لەستیپاناکرت رایگەیاند مۆدێلی هاوشێوەی مۆدێلی چەچانستان بەتەواوی لەلایەن ئەرمەنەکانەوە پەسەندە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی قەرەباخی شاخاوی.

بەڵام ئازەربێجان باوەڕی وایە مۆدێلی لەجۆری مۆدێلی چەچانستان لەگەڵ هەلومەرجی ناوچەی قەرەباخی شاخاوی‌دا سازگار نی‌یە، چونکە چەچانستان نە دەیەوێ‌و نە توانای ئەوەی هەیە خۆی بەوڵاتێکی ترەوە بلکێنێ، بەڵام قەرەباخ هەر لەسەرەتاوە لکێنراوە بەخاکی ئەرمەنستانەوەو لەماوەی پێنچ ساڵی ئایندەدا ئەم یەکێتی‌و لکاندنە دەگاتە باڵاترین پلەو پرۆسەی جوداکردنەوەی قەرەباخ لەخاکی ئازەربێجان‌و لکاندنی بەئەرمەنستانەوە کامڵ دەبێ. لێکدانەوەیەکی‌تر کەبۆ مۆدێلی چەچانستان کراوە بریتی‌یە لە (بنەما شازەکان)و لەوتارەکەی نیازی مەهدی‌دا خراوەتەڕو. لەم وتارەدا مەهدی چەند نمونەیەکی هێناوەتەوە کەدەریدەخەن چۆن هەردولای ناکۆك چاویان لەهەڵوێستی توند پۆشیوەو هەوڵ دەدەن رێگاچارەیەك بدۆزنەوە بۆ

بەئاشتی پێکەوە ژیان. تەوەرە سەرەکی‌یەکانی (بنەما شازەکان) بریتین لە:

١-یەك دەنگی‌ی دیدگاکانی ئازەربێجان‌و ئەرمەنستان بەجۆرێ بێ کەهەردولا رێککەون لەسەر ئەوەی کەقەیرانەکە لەناو خاکی ئازەربێجانەو بریتی‌یە لەدۆخێکی جیاوازو پێویستە بەشێوەیەکی نائاسایی چارەسەر بکرێ. ئنجا پرس بەناوەندە نێودەوڵەتی‌یەکان بکرێ‌و ئەو ناوەندانە رازی بکرێن تا قەیرانەکە لەچوارچێوە نائاسایی‌یەکاندا هەڵسەنگێنن‌و دواتر لەسایەی چەند رێککەوتنێکەوە, قەیرانەکە بخەنە دۆخی (پات)ەوە, واتە نە براوەو نەدۆڕاو لەئارادا بێ.

٢-ئازەربێجان, قەرەباخی شاخاوی وەك کۆماری قەرەباخی شاخاوی‌و دەوڵەتێکی سەربەخۆ بناسێ, بەڵام کۆماری قەرەباخی شاخاوی پێش ئەنجامدانی رفراندۆم (راپرسی‌ی گشتی) نابێ ناوی کۆماری قەرەباخ بەکار بهێنێ‌و دەبێ لەدۆکۆمێنتەکانی خۆی‌دا ئەو ناوە لەنێوان دوو کەوانەدا دانێ.

٣-کۆماری قەرەباخی شاخاوی خاوەن هێزی سەربازی‌ی رەسمی دەبێ, بەڵام ئەم هێزە پێویستە لەژێر چاودێری‌ی دەوڵەتی ئازەربێجاندا بێ‌و چەکی قورسی لێ قەدەغە بکرێ‌و لەئاستی هێزەکانی پۆلیس‌دا بمێنێتەوە. جگە لەوە پێویستە رێگا بەئازەرە خۆماڵی‌یەکانی ناوچەی قەرەباخی شاخاویش بدرێ بچنە ریزی ئەم سوپایەوەو پێکهاتەی هێزەکان بەپێی رێژەی دانیشتوانی هەر یەك لەم دوو نژادە دیاری بکرێ.

٤-کۆماری قەرەباخی شاخاوی خاوەن پەرلەمانی خۆی دەبێ‌و لەم پەرلەمانەدا ئازەرە خۆماڵی‌یەکانیش بەشداری دەکەن. ئەم پەرلەمانە

لەچوارچێوەی دەستوری ئازەربێجاندا دەبێ, بەڵام دەتوانێ بۆ خۆیشی دەستورێکی تایبەت رێك بخا.

٥-کۆماری قەرەباخی شاخاوی نوێنەری دەبێ لەپەرلەمانی ئازەربێجاندا.

٦-پەرلەمانی ئازەربێجان هەمو پێنچ ساڵ یەکجار دەتوانێ هەلومەرجی سیاسی‌ی کۆماری قەرەباخی شاخاوی تاوتوێ بکاو لەبارەیەوە رای خۆی دەربڕێ‌و ئەگەر پەرلەمان دەنگی‌دا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم کۆمارە, ئەوا نوێنەرانی کۆماری قەرەباخ, کەئەندامی پەرلەمانی ئازەربێجانن, بەسودوەرگرتن لەمافی ڤیتۆ (رەتکردنەوە) ئەو بڕیارەی پەرلەمان هەڵدەوەشێننەوە.

٧-وەك بەندەکەی پێشو, پەرلەمانی کۆماری قەرەباخی شاخاویش هەمو پێنچ ساڵ جارێك دەتوانێ پرۆژەیەك بۆ جیابونەوە لەخاکی ئازەربێجان بخاتە دەنگدانەوەو لەم دۆخەشدا ئازەرە خۆماڵی‌یەکانی ئەندام لەپەرلەمانی کۆماری قەرەباخ دەتوانن ئەم بڕیارە ڤیتۆ بکەن. ئەمجۆرە بڕیارانە گرژی‌یەکانی نێوان هەردولا لەڕوی رای گشتی‌و سایکۆلۆجی‌یەوە ئێجگار کەم دەکاتەوە. شایانی باسە کەکاری هاوشێوەی ئەمجۆرە هەنگاوانە لەپەیوەندی‌ی سیاسی‌ی نێوان بەریتانیاو وڵاتانی کۆمۆنوێلس‌دا بەدی دەکرێ.

٨-ئەگەر کۆماری ئەرمەنستان لەدژی کۆماری ئازەربێجان یان لەدژی وڵاتێکی دیکە جەنگی راگەیاند, ئەوا نوێنەرانی ئازەری ئەندام لەپەرلەمانی قەرەباخ بەسود وەرگرتن لەمافی ڤیتۆ رێ دەگرن لەوەی هاوپەیمانێتی لەنێوان قەرەباخ‌و دەوڵەتی ئەرمەنستان لەم جەنگەدا دروست بێ‌و لەبەرامبەریشدا ئەگەر کۆماری ئازەربێجان جەنگی لەدژی ئەرمەنستان راگەیاند, ئەوا نوێنەرانی ئەرمەنی‌ی ئەندام

لەپەرلـەمانی قـەرەباخ ڕێ دەگـرن لەبەشـداریکردنی قـەرەباخی شاخاوی لەجەنگی دژی ئەرمەنستاندا.

ئەگـەر ئـەو هەلومەرجانـە بـالاّ دەسـت بـن, ئـەوا لـە((وازیـی ڕێساکان)دا هەسـتو نەسـتی هـەردولا سـەرکوت نـاکرێنو دۆخـی ((پات)) باڵ بەسەر وازییەکەدا دەکێشێ.

١٠-دەوڵەتی گشتی:

لەبــەر چــەند هۆیــەك, ئــەو هەولاّنــەی لەلایــەن ناوبــژیوانانی نێودەوڵەتییەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی قەرەباخ دراون, بەبێ بەست گەیشتوون. چالاکیی ئەم دامەزراوانـە, لەهـەوڵێکی نوێدا سـاڵی ١٩٨٨ لەلایـەن گروپـی (منیـسك)ی ڕێکخـراوی ئاسـایشو هاریکـاری ئـەوروپا لەچوارچێوەی بنـەمای ((دەوڵـەتی گـشتی))دا هاتە بەر. پێشنیازێکی بێ مەرجو پێش وەخت خرایە ڕو. بەپێی پێــشنیازەکە دەبوایــە ســەرەتا هــەردو بنــەمای پاراســتنی یەکپارچەیی کۆماری ئازەربێجانو بەخشینی مافی دیاریکردنی چارەنوس بەقەرەباخی شاخاوی ڕەچاو بکرێ. لێدوانە سەرەکییە بڵاوکراوەکان لەم بارەیەوە بریتین لە:

١-قـەرەباخی شـاخاوی خـاوەن سـتراکتۆری دەوڵـەتو خـاکی دیـاریکراوە لـەناو سنوری ناسـراوی کۆمـاری ئازەربێجـان داو هـەم لەکۆمـەڵی نێودەوڵەتیـداو هـەم لەگـەڵ حکومـەتی ئازەربێجـان یـەك حکومەت پێکدەهێنن.

٢-لــەناو خــاکی قــەرەباخی شــاخاویدا کــار بەدەســتورو یاســاکانی تایبــەت بەناوچــەکە دەکــرێ. یاســاکانی کۆمــاری ئازەربێجان, بەو مەرجەی ناکۆك نەبن لەگەڵ دەستورو یاساکانی تری قەرەباخ, دەتوانرێ لەخاکی ناوچەکەدا کاریان پێ بکرێ.

٣–قەرەباخی شاخاوی مافی هەیە راستەوخۆ پەیوەندی بەوڵاتانی بیانی‌یەوە بکا لەبوارەکانی ئابوری، بازرگانی، زانستی، پەروەردەو فێرکردن و کەلتوریدا.

٤–قەرەباخی شاخاوی گاردی نەتەوەیی و هێزی پۆلیسی خۆی دەبێ. ئەم هێزانە لەدەرەوەی سنوری قەرەباخی شاخاوی‌دا ناتوانن چالاکی ئەنجام بدەن.

٥–سوپا، هێزی ئاسایش و پۆلیسی کۆماری ئازەربێجان بەبێ رەزامەندی‌ی حکومەتی قەرەباخی شاخاوی مافیان نی‌یە بچنە ناو خاکی قەرەباخی شاخاوی‌یەوە.

دیارە کەموکوڕی لەلایەنە جیاجیاکانی مۆدێلەکەدا هەیە، تەنانەت دەربارەی ناونیشانەکەیشی بۆچونی لێبڕاو لەنێوان خاوەن پێشنیازەکاندا نی‌یەو لەم سۆنگەیەوە جگە لەناونیشانی (دەوڵەتی گشتی)) چەند چەمکێکی تری وەك ((یەك دەوڵەت))، ((دەوڵەتی یەکپارچە))و ((دەوڵەتی یەکگرتوو))ش پێشنیاز کراوە.

ئاشکرایە کەجیاوازی‌ی بنەڕەتی لەنێوان وشەکانی (یەك)، (گشتی)و یەکگرتودا هەیە چونکە لەجۆری یەکەمدا مەبەست ئەو دەوڵەتەیە کە لەناوەوەیدا ئۆتۆنۆمی‌یەکی ((سنوردار))و تەنانەت ((بەرفراوان)) دەتوانێ لەئارادا بێ‌و لەوانەیە مەسەلەی ئۆتۆنۆمیش بەهیچ کلۆجێ لەئارادا نەبێ. ئەگەرچی گروپی مینسك لەرێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپا (یەك دەوڵەت)ی بۆ هەردولای ناکۆکی کێشەکە پێشنیاز کردوە، بەڵام پێویستە بوترێ کەئەم ناوبژیوانە هەرگیز هیچ بیرۆکەو رێگاچارەیەکی نوێی نەخستۆتە روو. دەربارەی جۆری دوەم (دەوڵەتی گشتی)یش پێویستە بوترێ ئەمجۆرە دەوڵەتە رێگا بەبوونی دوو دەوڵەت لەشێوەی فیدراسیۆن و کۆنفدراسیۆن‌دا دەدات و

لەم بارەیەوە (ی. یۆکالۆف)ی نوێنەری ئەو کاتەی روسیا لەگروپی مینسك وتویەتی: ((داوا لەئەرمەنەکانی قەرەباخی شاخاوی دەکرا ببنە ئەندام لەفیدراسیۆندا, بەلاّم هیچ وردەکارییەکی پێویست لەبارەی جۆری فیدراسیۆنەکەوە دیاری نەکرابوو. دەربارەی دەوڵەتی یەکگرتوش دۆخەکە بەهەمان شێوەیە, چونکە لێرەش بابەتی مافناسی نادیار هەیە)).

دەربارەی ماکی ئەو پێشنیازانەی سەرەوە, لەمۆدێلی ((دەوڵەتی گشتی))دا دەبێ بڵێین کەلەم چوارچێوەیەدا, باس لەپێکهێنانی فیدراسیۆن لەوڵاتانی قەوقازی باشور دەکرێ. روسیا تا ساڵی ١٩٩٥ لەچالاکیی ناوبژیوانیی خۆیدا پشتگیریی لەم مۆدێلە دەکرد, بەلاّم دواتر بەهۆی هەڵوێستی ئازەربێجان و جۆرجیا دەستی لەم مۆدێلە هەڵگرت. هەروەها ئەمریکا بەشێوەیەکی شاراوە ئەو مۆدێلەی پێشنیاز کرد. لەدەقە نوسراوەکان لەلایەن ئەندامانی گروپی مینسکی سەر بەرێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپاوە لەنۆڤەمبەرو دیسەمبەری ١٩٩٧دا ئەم مەسەلەیە رەنگی داوەتەوەو تێیدا باس لەهەڵوێستی روسیا کراوە لەڕوی پێکهێنانی ناوەندی فیدراڵ لەقەوقازی باشورو رێکخستنی پەیوەندی بەرامبەر, ئەوەش لەسەر بنەمای پرنسیپەکانی فیدراسیۆن و پشتگیری کردنی ئەمریکاو فەرەنسا لەم فیدراسیۆنە.

بۆ نمونە وا گومان دەکرا ئەگەر قەرەباخی شاخاوی بگەڕێتەوە سەر موڵکداریێتیی مافناسیی ئازەربێجان, ئەوا دیسانەوە ئەم ناوچەیە دەتوانێ ستراکتۆری سەربەخۆی خۆی هەبێ, وەك یەکەی سەرۆکایەتیی کۆمار, پەرلەمان, دەستور, سستمی دادوەری, سوپا (لەچوارچێوەی پاسەوانانی نیشتمانی), پۆلیس, هێزەکانی ئاسایش, ئالاّو شتی تر.

دەربـارەی دامەزرانـدنی پەیوەنـدیی دەرەکـیش پێـشنیاز کـرا, کۆماری ئازەربێجان دالآنی لاچین بەکرێ بداتە ڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاریی ئەوروپا بۆ سودوەرگرتن لەبواری کۆمەکی مرۆڤ دۆستانەو ڕێگای پەیوەندیکردنی سپتاناکرت (ناوەندی قەرەباخی شاخاوی) تا لەسـایەی ئـەم دالآنـەوە هاریکارییـەکان بەچـاودێریی ڕێکخراوەکـە ئـەنجام بـدرێ. بـەلاّم قـەرەباخی شـاخاوی نـاتوانێ بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ پەیوەنـدیی دەرەکـی (سیاسـیو دارایـی) دامـەزرێنێ. ئاشکرایە کەلەم ناوچەیەدا, کەدواتر ناوچەی بازرگانیی ئازادی تێدا دادەمەزرێ, هەمو ولاّتێك دەتوانێ لەڕوی ئابورییەوە بەشداریی تێدا بکـا. هەرچـەند لـەم ڕێگـا چـارەیەدا لـەڕوی چـەمك ناسـییەوە بـاس لەیەکپارچەییی خـاکی ئازەربێجـان دەکـرێ, بـەلاّم لـەڕوی ناوەڕۆکـەوە پەیوەندیی نێوان کۆماری قەرەباخی شاخاویو کۆماری ئازەربێجان لەئاست کۆنفیدراسیۆندا دەمێنێتەوە. ئێستا ئەم پرنسیپانە لەلایەن قەرەباخی شاخاویو کۆماری ئەرمەنستانەوە بونەتە بناغەیەك بۆ دانوسـتاندنەکان, بـەلاّم کۆمـاری ئازەربێجـان بەپـشت بەسـتن بەسـتاندەرەکانی مافناسـیی نێودەولـەتیو بەرژەوەندییـە نەتەوەیییەکانی, ئەم پرنسیپانە ڕەتدەکاتەوە.

١١-کۆنفیدراسیۆنی ئەودیوی قەوقاز:

لـەم مۆدێلـەدا ئاینـدەی ولاّتـانی قـەوقازی باشـور, لەیەکپارچـەییو یەکبونیانـدا وێنـا دەکـرێ, ئـەوەش لەرەهەندی سیاسیی ناوچەکەداو ئەم بیرۆکەیەش نوێ نییە. بۆ نمونە دەکرێ ئاماژە بکرێ بۆ بیرۆکەی پێکهێنانی ((بنەلۆکسی قەوقاز)) کە بەمەبەستی پێکهێنانی یەکێتییەك لەنێوان سێ ولاّتی قەوقازی باشور لەشێوەی یەکێتیی نێوان ولاّتانی بەلجیکیا, هۆلّەنداو لۆکسەمبۆرگ لەلایەن شـﭭارد نـادزێی سـەرۆکی پێشوی جۆرجیاو وەزیری پێشوتری یەکێتیی

سۆڤێتەوە لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٠ خرایە روو. دواتریش ژمارەیەك تۆژەری سەر بەسەنتەری لێكۆڵینەوە سیاسیەكانی ئەوروپا, كەبارەگاكەیان لە(بروكسل)ی پایتەختی بەلجیكایە, پێكهێنانی یەكێتیی نێوان ئەم وڵاتانەیان بەچارەسەری كلیل ئاسا لەقەڵەمدا, نەك تەنها بۆ چارەسەركردنی كێشەی قەرەباخ, بەڵكو بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی تری ناوچەكەش. لەم پرۆژەیەدا رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە كراوە:

١-سەرانی سێ وڵاتی ناسراوی قەوقازی باشور هەنگاوێكی بەپەلە بنێین بۆ زەمینە خۆش كردن بۆ یەكپارچەیی ناوچەیی و یەكێتیی قەوقازی باشور.

٢-ئەنجومەنی ئەوروپا, روسیاو ئەمریكا پێویستە رازی بن و پشتگیریی ئەم یەكێتییە بكەن.

٣-رەخساندنی زەمینەی جێبەجێكردنی بەرنامەیەكی ٦ ماددەیی, كەسێ ماددەیان راستەوخۆ پەیوەندییان بەناوچەی قەوقازی باشورو سێ ماددەكەی تر بەناوچەی سنوری دەریای قەزوین و باشوری روسیاوە هەیە. سێ بەندی یەكەم (تایبەت بەقەوقازی باشور) ئەم دۆخانەی تێدایە:

دەسەڵاتدارێتیی هاوبەش هاوجوت بەمۆدێلە هاوچەرخەكانی ئەوروپا بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەی یاسایی بۆ ناكۆكیی نێوان نەتەوەكان و گرتنە بەری شێوازی جیاجیای بەڕێوەبردنی وڵات, بهێنرێتە كایەوە. بۆ چارەسەركردنی كێشە گرنگەكانی ناوچەكە (قەرەباخی شاخاوی و ئاپخازیا) چەند حكومەتێك لەسەر ئاستی باڵا پێكبهێنرێن بۆ بەڕێوەبردنی كاروبارەكانیان, لەوانە دامەزراوەو رێكخراوەكانی حوكمڕانی, دامەزراوەی ئەمنی, دەسەڵات لەبواری پەیوەندییەكانی

دەرەوەو چالاکی ئابوری. لەم بارەیەوە پێویستە لەپێناوی ئامانجی ئاشتیخوازانەدا ئاسایش دابین بکرێ‌و لەمەیدانی ئاوارەکاندا بەرنامەی کاری تایبەت ئامادە بکرێ.

ئەو رێککەوتننامانەی لەم بارەیەوە ئامادە دەکرێن، لەسۆنگەی پەیوەندی‌یە کەلتوری-نژادی‌یەکانی نێوان ئازەربێجان‌و جۆرجیاوە پێویستە بەجۆرێ سستمی فیدرالی دابندرێن تا لەچەند ناوچەیەکی ئەم وڵاتانە، کە کەمینەی نژادی تێدا نیشتەجێن، رێ لەسەرهەڵدانی کێشەی نژادی بگیرێ. دوای هاتنەدی ئەو دۆخانەی سەرەوە، لەپێناوی پێکهێنانی پەیوەندی‌ی نزیکی سیاسی‌و ئابوری لەنێوان وڵاتانی ناوچەکەو بۆ پێکهێنانی ((یەکێتی‌ی قەوقازی باشور)) پێویستە هەنگاوی بنەڕەتی بنرێ. لەم پرۆسەیەدا جگە لەفیدراسیۆنی روسیا، ئەنجومەنی ئەوروپاش دەبێ چالاکانە بەشدار بێ. وەك پێشبینی دەکرا، لەبەر ئەوەی ئەم پرۆژەیە ئارەزوی سەرانی وڵاتانی ناوچەکەی دەستەبەر نەدەکرد، هیچ ئەنجامێکی دیاریکراوی لێ نەکەوتەوە.

لەم بوارەدا دەکرێ ئاماژە بۆ پرۆژەکانی کۆنفدراسیۆنی ئەودیوی قەوقاز یان یەکێتی‌ی قەوقازی باشوریش بکرێ، کەلەلایەن (ئەمیل ئاغایۆف)ەوە خراوەتەڕوو. بەپێی ئەم پرۆژەیە هەم دەوڵەتانی سەربەخۆو هەم کۆمارە ئۆتۆنۆمەکان دەتوانن لە (کۆنفدراسیۆن یان یەکێتی‌یە ناوبراوەکە)دا ببنە ئەندام. لەهەناوی ئەم کۆنفدراسیۆنەدا، هەندێ ناوچەی وەك ئاپخازستان، ئۆستیای باشور، ئاجارستان، قەرەباخی شاخاوی‌و کۆماری نەخچەوان دەتوانن بەشێوەیەکی یەکسان بەشداری بکەن. ئاشکرایە کەبەشداری‌کردنی ئەمان بەچەند مەرجێکە کەپاشتر دەتوانرێ دیاری بکرێن. هیچ یەکێ لەو ناوچانەی باس کران، ناتوانن ببنە رێگر لەبەردەم ئەندامێتی‌و چالاکی‌ی ناوچەیەکی‌تر

لەکۆنفدراسیۆنەکەدا. هەم پێکهێنانی فیدراسیۆن و هەم ئەندامێتی ئەم ناوچانە (پێویستە لەچوارچێوەی ڕێککەوتنێکدا بێت و لەم ڕێککەوتنەدا پێویستە ڕاشکاوانە بنوسرێ کەهیچ لایەنێك داوای زەوی لەلایەنەکەی تر ناکات). لەم دۆخەدا زۆربەی ئەو کێشانەی گرژو جێگای مشتومڕن, بەئاسانی چارەسەر دەکرێن. دەربارەی کێشەی قەرەباخیش پێشنیاز کراوە دوای پێکهێنانی کۆنفدراسیۆن و پەیوەندی کردنی قەرەباخ بەکۆنفدراسیۆنەکەوە (وەك ئۆتۆنۆمەکانی تر) ئەوکات ئاسانە خاڵە هەڵچوەکان هێور بکرێنەوە. بەرای ئاغایۆف, دامەزراندنی یەکێتی قەوقازی باشورو چالاکبونی لەسایەی کۆمەك و تەنانەت ناوبژیوانی کۆمەڵی جیهانیدا دەکرێ بێتە دی ئەگەرنا ڕێککەوتنی بەکۆمەڵ لەم بارەیەوە زەحمەتە. ئەمجۆرە یەکێتییانە بەئاراستەی مەیلی بەجیهانیبون دەبینرێن.

زۆربەی ئیمپراتۆریەتە گەورەکان, کەکۆن بون و چونەتە مێژوەوە, هەندێ خاڵی پۆزەتیڤیان لەم بارەیەوە تێدابوە. لەگۆشەو کەناری ئەو ئیمپراتۆریەتە پان و بەرینانەدا, دیالۆگی نێوان کەلتورەکان و مامەڵەی نێوان شارستانێتییەکان و چالاکیی بەرامبەری نەتەوەکان سەری هەڵدەدا. لەسەدەی بیست و یەکەمدا دەرکەوت گەڕانەوە بۆ هەلومەرجی سیاسیی جاران و دوبارە پێکهێنانەوەی ئەو ئیمپراتۆریانە مەحاڵەو بەگاڵتەجار دێتە بەرچاو, بەڵام لەچوارچێوەی پێکهێنانی یەکیتی و کۆنفدراسیۆنەکانی وڵاتاندا دەتوانرێ لەناوچەیەکدا رەچاو بکرێ. وڵاتانی قەوقازی باشور, روسیا, تورکیا, ئێران و وڵاتانی پەراوێزی دەریای قەزوین لەکۆمەڵەی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و ژمارەیەك وڵاتی سەر کەناری دەریای رەش, ئەم وڵاتانە هەم لەڕوی هەڵکەوتی جوگرافی و هەم لەڕوی ئابوورییەوە حەز بەیەکبون و

یەکپارچەیی دەکەن کە لەزۆر رووی ئیجابی و سەلبی یەوە دەکرێ ئەم مەیلە شیکار بکرێ و هەڵبسەنگێندرێ.

سالانی ١٩٩٦-١٩٩٨ هێزە سیاسی یە چەپەکانی ئەرمەنستان, کە لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە پشتگیری دەکران, چەند پرۆژەیەکیان دەربارەی پێکهێنانی یەکێتی لەناوچەکەدا خستەڕو, هەرچەندە پرۆژەکان کاڵوکرچ بوون.

ساڵی ١٩٩٧ زیاد لەملیۆنێك هاووڵاتیی ئەرمەنستان داواکاری یەکیان ئیمزا کردو داوایان کرد یەکێتی یەك لەنێوان روسیاو بیلۆ روسیا-ئەرمەنستاندا دروست بێ. بەگوێرەی هەندێ زانیاری بەردەست, دامەزراوەکانی قەرەباخی شاخاویش بایەخیان بەم پرۆژەیە دا, بەڵام لەو کاتەدا وڵاتانی ئازەربێجان, ئەرمەنستان و جۆرجیا پرۆژەکەیان رەتکردەوە.

١٢-پرنسیپەکانی پاریس: ئەم پرەنسیپانە گرنگیی خۆیان هەیە, بۆیە ماوەی ساڵێکە لەدانوستاندنەکاندا بایەخیان پێ دەدرێ. ئەندامانی گروپی بەشدار لەدانواستاندنەکانی تایبەت بەچارەسەرکردنی کێشەکە, هیچ زانیاری یەك دەربارەی ناوەڕۆکی وردی ئەم پرەنسیپانە بڵاو ناکەنەوە, بەڵام پێدەچێ ئەو پرنسیپانە هاوجوت بن لەگەڵ یەکێ لەو پرۆژانەی پێشتر باسیان لێوەکرا.

دوای دیدارو گفتوگۆی ئەندامانی گروپەکە لە((کەی یو ئیست))ی ئەمریکا, ئەم پرنسیپانە بەپرنسیپەکانی ((کەی یو ئیست)) ناویان دەرکرد.

حەیدەر عەلیۆف-ی سەرۆکی پێشوتری کۆماری ئازەربێجان رایگەیاندبوو کە((لەبنەڕەتەوە هیچ پرەنسیپێك بەناوی پرەنسیپی پاریسەوە نی یە)) کەچی دواتر لە (حوزەیرانی ٢٠٠٢)دا وتی:

((ئەم پرەنسیپانە بریتین لەچەند ئامۆژگاری‌یەك بۆ گۆڕینەوەی هەردو دالآنی میهری‌و لاچین لەلایەن هەردولاوە. رۆبێرت کۆچاریان-ی سەرۆکی ئەرمەنستانیش ئەو وتانەی بەدرۆ خستەوە, بەلآم هیچ شتێکیشی دەربارەی ناوەڕۆکی پرەنسیپەکان نەدرکاند)).

١٣-پرنسیپەکانی ئاندۆرا:

دوای دانوستاندنەکانی (کەی یو ئیست) میدیاکانی ئەرمەنستان‌و ئازەربێجان رایانگەیاند کەلەم گفتوگۆیانەدا هەلومەرجی ولآت وەك مۆدێلێك پێشنیاز کراوەو بەگوێری مۆدێلەکە لەناو ستراکتۆرەکانی حوکمڕانی‌ی قەرەباخی شاخاوی‌دا, نوێنەرانی بەدەسەلآتی کۆماری ئازەربێجان‌و ئەرمەنستان ئامادەگی‌یان دەبیٚ, هەروەها لەبواری بەرژەوەندی‌یەکانی تری هەردولاش (لەوانە چاودێری کردنی دالآنەکان لەلایەن دامەزراوە نێودەوڵەتی‌یەکانەوە) چەند گفتوگۆیەك ساز کرا. ئەگەری ئەوە هەیە باسکردنی ئەمجۆرە مەسەلەیە, پێشنیازەکە لەناو خەڵکی ئازەربێجان, قەرەباخی شاخاوی‌و ئەرمەنستاندا بەجۆرێکی چەوت لێك بدرێتەوەو هەڵبسەنگێندریٚ. لەراستیدا پەیڕەوی کردن لەمۆدێلی وەك مۆدێلی ئاندۆرا, کەداوای چەك داماڵینی ناوچە ناکۆکەکە دەکا, ناتوانریٚ لەناوچەی قەرەباخدا جێبەجیٚ بکریٚ. ژمارەیەك ئەندامی گروپی مینسك لەرێکخراوی ئاسایش‌و هاریکاری ئەوروپا لەوانە گریبکۆف وف.د. سۆرمن لەلێدوانەکانیاندا لەستپاناکرت‌و یەریڤان وتویانە کۆمەڵی جیهانی چەندین ساڵە ناوچەی قەرەباخی شاخاوی بەناوەڕۆکێکی سەربەخۆ وێنا دەکاو ئەندامانی گروپەکەش مەیلیان بۆ بوونی هێزی چەکداری تایبەت بەدامەزراوە حکومی‌یەکانی قەرەباخی شاخاوی پێشانداوە. پێدەچیٚ پەیڕەوی کردن لەمۆدێلی ئاندۆرا, کەگرنگترین لایەنی بریتی‌یە لەچەك

داماڵینی هێزە چەکدارەکانی حکومەتی قەرەباخ و چەك داماڵینی ناوچەکە, سەرەڕای ناڕەزایی‌ی حکومەتی قەرەباخ روبەڕوی ناڕەزایی‌ی ئازەربیجان و ئەرمەنستانیش بێتەوە, چونکە پرۆسەی چەك داماڵین لەڕوی ناچاری‌یەوە چەند بەشێك لەخاکی ئەو دو وڵاتەش دەگرێتەوە.

# بەشی سێیەم

## ڕەوشەکانی چارەسەرکردنی کێشەی قەرەباخ

وەك چۆن گرنگە بزانرێ کام مۆدێل بەکردەوە بۆ بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی کێشەی قەرەباخ باشە، بەهەمان شێوە ڕەوشی جێبەجێ کردنی ئەو ڕێگا چارەسەرەش گرنگە. لەڕاستیدا ئەو مۆدێلانەی باس کران چوارچێوەو بەرنامەی گەورەن، بەڵام چۆن ئەم چوارچێوەو بەرنامە گەورانە بەکردەوە جێبەجێ دەکرێن؟ ئەمە بۆ خۆی باسێکی گرنگە. ئەو چارەسەرانەی پێشنیازکراون، ئەگەر واقعبینانەش بن هێشتا لەمەیدانی پراکتیك دا بەهۆی ئەو دژوارییانەی ڕوبەڕویان دەبێتەوە، دوادەخرێن و یەکێ لە لەمپەرە بنەڕەتییەکانیش نەبوونی متمانەیە بەیەکتری.

### چارەسەرکردنی کێشەکە بەڕەوشی سەربازی

جێگای داخە کەبەدەر لەهەڵوێستی ڕەسمیی هەردولا، ڕەوشی سەربازی وەك یەکێ لەشێوەکانی کۆتایی هێنان بەم بارودۆخە هێشتا لەئارادایە، واتە لایەنی ئازەربایجان بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی خۆی، لەوانەیە پەنا بۆ سەرکوتکردن و لەناوبردنی یاخیبوە ئەرمەنەکانی قەرەباخی شاخاوی بباو لایەنی ئەرمەنیش لەپێناو ناچارکردنی ئازەربایجان بەچاوپۆشی کردن لەبەرژەوەندییەکانی بیەوێ زەوی زیاتری دەرەوەی ناوچەی قەرەباخی شاخاویش داگیربکا. هەرچەندە

کاربەدەستانی هەردو وڵات لەهەڵوێستگیریی‌یە رەسمی‌یەکانیاندا باس لەچارەسەرکردنی ئاشتی‌یانەی کێشەکە دەکەن، بەڵام نکوڵی لەئەگەری سەرهەڵدانی پێکدادانی سەربازیش ناکەن. کۆماری ئازەربێجان لەسەر بنەماکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان‌و لەپێناو پاراستنی یەکپارچەیی خاکی وڵاتدا، کۆتایی هێنان بەکێشەکە لەرێگای سەربازی‌یەوە لەهاوکێشەکان وەدر نانێن‌و حکومەتی ئەرمەنستانیش ئەم رەوشە بەدوور نازانێ.

ئەو هەڵوێستە رەسمی‌یانەی باکۆ پێش هەمو شتێك مەسەلەی دۆزینەوەی رێگاچارەسەری شیاو قورس دەکا، بۆیە پێویستە لەمبارەیەوە کەشێکی سیاسی ئەوتۆ برەخسێ، بەجۆرێ هەردولا متمانە بەیەك پەیدابکەن. هەرچەندە لەوەڵامی ئەو نیگەرانی‌یەدا باکۆ رایگەیاندوە: ئەگەر ئازەربێجان بەکۆمەکی روسیا کاری بۆ داگیرکردنی بەشێك لەخاکی ئەرمەنستان بکردایە، کەئازەری‌یەکانی تێدا نیشتەجێن‌و داوای پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی بۆ ئازەرەکان بکردایە، ئایا کۆماری ئەرمەنستان ئامادەبوو لەبارەی ئاشتی‌یەوە دانوستاندن بکا؟

## چارەسەرکردنی کێشەکە بەشێوەیەکی هەمەلایەن( لەچوارچێوەی پرۆژەیەکی هەمەلایەن )

لەو رەوشەدا سەرجەم مشتومڕو مەسەلە ناکۆکەکانی نێوان هەردولا رەچاو و دەکرێن. مەسەلەو گرفتەکان لەچوارچێوەی پرۆژەیەکی هەمەلایەن‌و کامڵدا دەخرێنە روو ولەم سۆنگەیەوە کار بۆ هێنانەدی رێککەوتنێ دەکرێ‌و ئنجا دەست بەتاوتوێکردنی مەسەلەکان دەکرێ.

دەربارەی قەرەباخ ئەم مەسەلانە بەهۆی نەگەیشتن بەرێککەوتنێك لەسەر هەڵکەوتی قەرەباخی شاخاوی لەرەوتی گفتوگۆکاندا، هیچ

ئەنجامێکیان لێ نەکەوتەوەو هەمو ئەو مۆدێلە جیاجیایانەی لەم بارەیەوە پێشنیاز کراون، کەبەناوبانگترینیان پێشنیازەکەی ساڵی ١٩٩٧ی گروپی مینسکە، رەت کراونەتەوە، ئەگەرچی رۆبێرت کۆچاریانی سەرۆکی ئێستای ئەرمەنستان دەڵێ هێشتا لایەنگری لەم رەوشە دەکا.

## چارەسەرکردنی قۆناغ بەقۆناغی کێشەکە

مۆدێلی چارەسەرکردنی قۆناغ بەقۆناغی کێشە، لەساڵی ١٩٩٧ لەجیاتی پرەنسیپی پرۆژەی هەمەلایەن خرایەڕو، ئەم رەوشە لەبناغەوە پشت بەم بنەمایە دەبەستێ کە لەبەر ئەوەی ئازەربێجان و ئەرمەنستان ناتوانن بگەنە رێککەوتنێك بۆ یەکلایی کردنەوەی ناکۆکی و کێشەکانیان لەهەمو رویەکی کێشەکەوە، بۆیە پێویستە هەمو رێککەوتنێکی لاوەکی وەك قۆناغێك لەقەڵەم بدرێ و لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانرێ لەقۆناغی یەکەم دا، زەویوزارە نا ئەرمەنی نشینەکانی ئازەربێجان، کە لەلایەن هێزەکانی ئەرمەنەوە داگیرکراون، ئازاد بکرێن(جگە لەدالانی لاچین). هەروەها ئەگەری ئەمەش هەیە ئاوارەکان بەچەند قۆناغێك رەوانەی زێدی خۆیان بکرێنەوە. ئاشکرایە لەم بوارەش دا هەندێ مەسەلەی ئاڵۆز هەیە کەیەکێکیان بریتییە لەدیاریکردنی سنوری دالانی لاچین(کەبۆ هێزەکانی ئەرمەن بایەخێکی ستراتیجی و گرنگی هەیە وەك کەناڵێکی پێکەوە گرێدانی قەرەباخی شاخاوی). بەڵام دەتوانرێ ئەم دۆخە ئاڵۆزانە لەهەنگاوەکانی پاشتری گفتوگۆکاندا چارەسەربکرێن. ئەم رەوشەش تائێستا تەنها مەرەکەبی سەرکاغەزە. بەهۆی ناکۆك بوونی ئەو رەوشانە لەچارەسەرکردنی کێشەی قەرەباخدا، (لیۆن تیرپترۆسیان)ی سەرکۆماری ئەرمەنستان

دەستی لەکارکێشایەوەو میراتگرەکەی، واتە روبێرت کۆچاریان باوەڕی وایە ئەم کێشەیە تەنها بەڕەوشی پڕۆژەی هەمەلایەن چارەسەر دەکرێ.

وەك پێشتر باسکرا رەوشی قۆناغ بەقۆناغ دەیتوانی رێگاچارەی دواخستنی کێشەکە یان مۆدێلی چەچانستان کەپێشتر ئامارەی پێدرا، پراکتیزە بکاو هەرچەند هەڵگرتنی ئەرکەکان بۆ ئاینده لەلایەن هەردولاوە رەتکرایەوە، بەڵام بەکردەوە کێشەکە هەر وای لێ هات. شایانی باسە کەهەلومەرجی ئێستا لەهەناوی خۆیدا، ئەگەری دەستپێکردنەوەی ئۆپەراسیۆنی سەربازیشی هەیە.

و. کازمیرۆف(نوێنەری پێشوی روسیا لەرێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپا) یەکێکە لەلایەنگرانی جیددی رەوشی قۆناغ بەقۆناغی چارەسەرکردنی کێشەکەو رەوشی پڕۆژەی هەمەلایەن بەپڕۆژەیەکی لەتوانا بەدەرو مەحاڵ لەقەڵەم دەدا. کازمیرۆف باوەڕی وایە رێگای چارەسەری کێشەکە بەهەنگاوی بچوك دەست پێدەکاو ئەم دیپلۆماتە دەڵێ: ((ئاشکرایە کەرەوشی قۆناغ بەقۆناغ مانای وا نییە کەسەرەتا خواستەکانی لایەك(هەرچەند یاساییش بن)جێبەجێ بکرێ و لەقۆناغی پاشتردا داواکاریی لایەنەکەی تر، بەڵکو لەهەمو قۆناغێکدا، هەردولا بەشێك لەخواستەکانیان، هەرچەندە بچوك و لاوەکیش بن، بەدەست دەهێنن و لەم پرۆسەیە رازی دەبن(بەڵام ئەم رەزامەندبوونە لەوانەیە رێژەیی و جوزئی بێ). هەرچۆنێ بێ لەبری چەندین ساڵ دانیشتن و لێدوان و قسەی بێزارکەر، دەکرا لەو حەوت ساڵەدا(ساڵانی پێشو، ئەوکات کازمیرۆف نوێنەری روسیا بوو)هەلومەرجی لەبارتری ئەوتۆ برەخسێندرێ، کەبەشێك لەناکۆکی‌یەکان یەکلایی بکرێتەوە)).

## ڕەفتاری هەمگەرایی

گومـــانی تێدانی‌یـــە کـــەپێکهێنانی سیـــستمی یەکپارچـــەی دابینکردنـــی ئاسـایش لەقـەوقاز بـەری بەڵگەنامەیەکـە لەلایـەن(م. ئەمرسـۆن)ەوە بڵاوکراوەتـەوەو بـەپێی ئـەم بەڵگەنامەیـە سـاڵانی ١٩٩٨-٢٠٠٢ دانوســتاندن و گفتوگــۆ لەســەر ئاســتێکی بــاڵادا ئەنجام درا، بۆ پێکهێنانی ئاسایش و ئۆقرەیی لەناوچەی قەوقازی باشـور، ڕەفتـاری متمانــە بەیــەك کــردن و پێکهێنــانی سیــستمی ئاسایشی هەمەلایەنە بەپایەو بناغە لەقەڵـەم دەدرێ. گفتوگۆکانی ٣+٣+٢(سێ وڵاتـی ناسراوی کۆمـەڵی جیهان لەقەوقازی باشـور+ وڵاتە پێشەنگەکانی ناوچەکە(روسیاو ئێران و تورکیا+ ئـەمریکا و ئەنجومــەنی ئــەورووپا)لەلایــەن ئــەمریکاو تورکیــاو ئەنجومــەنی ئــەورووپاوە پێــشوازی‌ی لێکــرا، بــەڵام وڵاتــانی روســیاو ئێــران دژایەتی‌یەکی توندی ئەم پێکهاتەیان کردو داوایان کرد ئـەمریکاو ئەنجومـەنی ئـەورووپاو تورکیـا بخرێنـە لاوەو مەسـەلەکە لەلایـەن فۆرمــۆلی(٣+٢)ەوە بەدواداچــونی بــۆ بکــرێ. هــەروەها چــەند دانوسـتاندنێك لەشـارەکانی(بوخـوم‌و بـەرلین)ی ئـەڵمانیا لەسـاڵی ٢٠٠١ ئـەنجام دران و لـەکۆنگرەی بەرلینـدا ئەمرسـۆن دەسکاری‌ی ژمارەیەك بەندی پڕۆژەکەی خۆی کرد.

## گوشار لەدەرەوە یان پڕۆژەی دایتۆن

یەکێ لەرێگاچارەکانی کێشەکە بریتی‌یە لەبەکارهێنانی گوشار لەلایــەن زلهێزەکـانی جیهانــەوەو ئــەم رەوشــە بــەپڕۆژەی دایتــۆن ناوبانگی دەرکردوە. راسم ئاغایۆفی سەرکردەی گروپی Image بـاوەڕی وایـە دوای روداوی ١١ی ئـەیلولی سـاڵی ٢٠٠١ و بـەپێی هەڵـسەنگاندنی مەیلـەکانی جیهـان، پێویـست دەکـا ئـەمجۆرە ئۆپەراسـیۆنانە لەلایـەن(سـۆپەر دەوڵەتـەکان)ەوە ئـەنجام بـدرێ. ئاغایۆف بیری بۆ ئەوە

دەچێ یەکێ لەئامانجەکانی ئەم ئۆپەراسیۆنانە پێویستە بریتی بێ لەدابینکردن و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئازەربایجان. پرنسیپی بنەڕەتی پڕۆژەکەی ئاغایۆف لەسەر ئەمەدانراوە کەکۆماری ئازەربێجان و ئەرمەنستان بۆ یەکلایی‌کردنەوەی ناکۆکی‌یەکانیان(ناکۆکی زەوی)نەیانتوانیوە چارەسەرێکی گونجاو بدۆزنەوەو لەم سۆنگەیەوە ناوچەکە دوچاری نائۆقرەیی و قەیرانی فراوان بوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیران و نائۆقرەیی‌یەش پێویستە بیر لەرێوشوێنی ئیجباری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بکرێتەوە.

ئەم مۆدێلە هیچ ناکۆکی‌یەکی نیە لەگەڵ چەند پرەنسیپێکی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانی وەك(چارەسەکردنی ئاشتی‌یانەی گرژی‌یەکان)و(ئۆپەراسیۆنی دژی پێشێلکردنی ئاشتی و دەستدرێژی)و تێیدا ئەولەوی‌یەت دەدرێتە دەسەلاتدارێتی نەتەوەیی و یەکپارچەیی خاك و لەکەدار نەبوونی سنووری رەسمی ولاتان لەچاو مافی چارەنوسی نەتەوەکان، بەتایبەتی لێکدانەوەی ئازادانە بۆ ئەم بنەما پەسەند کراوانەی نەتەوە یەکگرتوەکان. بێ لەوە مۆدێلەکە بۆ ناوبژیوانی کردن لەنێوان هەردولای ناکۆکی قەیرانی قەرەباخ ئەم رێوشوێنانەی پێشنیاز کردوە:

١-بۆدابینکردنی ئاشتی و بنبڕکردنی تیرۆری نێودەوڵەتی، ولاتانی ناوچەکە، ئەنجومەنێکی دەسەلاتدار پێکبهێنن(یان کۆماری ئازەربایجان مەسەلەی تایبەت بەداواکاری مافی چارەنوسی ئەرمەنی‌یەکانی قەرەباخ رەوانەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بکا تا لەگەڵ مافی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ولاتانی ئەندام لەنەتەوەیەکگرتوەکاندا هاوجوت بێ).

٢-دەربارەی داواکاری‌یەکانی قەرەباخی شاخاوی کەخۆی بەحکومەت لەقەڵەم دەداو حکومەتی ناوەندی ئازەربایجان، بڕیارێك بدرێ تا بنەماکانی حکومەتی ئۆتۆنۆم لەچوارچێوەی یەك دەوڵەتی ناوەنددا دیاری بکرێ.

٣-ئەگەر یەکێ لەهەردولا لەسەر ئەم رەوتە رازی نەبوو و چوارچێوە دیاری کراوەکانی لەمبارەیەوە پێشێل کرد، ئەوا ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی هەندێ رێوشوێنی ئیجباری پێویست لەبارەی ئەو لایەنەوە دەگرێتەبەر(وەك نامیبیاو عیراق)و یەکێك لەرێوشوێنەکانیش بریتی‌یە لەسەپاندنی سزای ئابوری.

٤-بۆ جێبەجێ بوونی سزا ئابوری‌یەکان و چاودێری‌کردنی، هێزی سەربازی فرەنەتەوە لەناوچەکەدا جێگیر بکرێ.

٥-دوای تەواوبونی ماوەی سزا سەپێنراوەکان، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەسەڵاتی ئەوەی دەبێ چەند دامەزراو و رێکخراوێکی بان نەتەوەیی پێکبهێنێ بۆ هاریکاری‌کردنی حکومەتی ناوەندی ئازەربێجان.

٦-ئەو هێزو تاکانەی کار لەدژی رێوشوێنەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بکەن، رێوشوێنی سزادانیان لەدژ دەگیرێتە بەرو پەلکێش دەکرێنە بەردەم دادگاکانی قەزایی نێودەوڵەتی(وەك یۆگسلاڤیا).

٧-بۆ گێڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان و دەستبەرکردنی ژیانێکی ئارام بۆیان، وردە وردە هەلومەرجی گونجاو فەراهەم دەکرێ.

ئەمرسۆن و توچی ئەو سیناریۆیەیان بەواقعی و شیاو بۆ جێبەجێ بون دەزانی تاکۆمەڵی جیهان سود وەربگرێ لەپرۆژەی دایتۆن لەناوچەکەدا، کەلەلایەن ئەمانەوە پێشنیازکراوە بۆ جێبەجێ کردنی رێوشوێنی هەمگەرایانە(رێوشوێنی تایبەت بۆ هاوکاری کردنی

ولاّتانی ناوچەکە). ئەمرسۆن‌و توچی دەڵێن((لەبەرئەوەی تائێستا هیچ ولاّتێك‌و هیچ دامەزراوەو رێکخراوێکی نێودەوڵەتی، پشتگیری‌ی لەپێشنیازو داواکانی ئەم پڕۆژەیە نەکردوە، پڕۆژەکە هەمیشە وەك بیرۆکەیەکی پراکتیزە نەکراو ماوەتەوە)).

# بەشی چوارەم

## کێشەی قەرەباخ و کایەی سیاسی- کۆمەڵایەتیی هەردو وڵات

هێـزە سیاسـی‌یەکانی هـەردولا لەهەلومـەرجێکی نائارامـدان و بەشێوەیەکی گشتی باردۆخیان بەمجۆرەیە:

أ-ئەرمەنستان:

تـا نیـوەی دوەمـی سـاڵی ٢٠٠٢ سـێ ئایـدیا و بیرۆکـە لەئەرمەنستاندا هەبون:

١-لایەنگرانی سەربەخۆیی تەواوی قەرەباخی شاخاوی، یان لکاندنی بەخاکی ئەرمەنستانەوە، کەهێزەکانی ناوەندی راستڕەو و چەپڕەو وەك زۆرینـە لـەم گروپـەدا بوون. هێزە سیاسی‌یەکانی ئـەم گروپـە بریتـی بـوون لـە: حزبـی کۆمـاریخوازی ئەرمەنستان، کەئێستا حزبی فەرمانڕەوایە، حزبی داشناکسیۆن تیۆن(توندڕەوترین حزبی ناسیۆنالیستی ئەرمەنەکان)، حزبی گەلی ئەرمەنستان، حزبی دیموکراتی میللی، یەکێتیی مافە یاسایی‌یەکان و((ئۆریانتاس بێرکیر)) و ژمارەیەك حزبی‌تر کەزۆرینەی کورسی‌یەکانی پەرلەمانیان پاوان کردوە.

٢-لایەنگرانی چارەسەرکردنی کێشەی قەرەباخ لەرێگای لکاندنی قەرەباخی شاخاوی و کۆماری ئەرمەنستان بەفیدراسیۆنی روسیا- بیلۆروسیاوە، ئەم گروپەش حزبەکانی EKP و ANIRBA و حزب و رێکخراوەکانی ئەندام لەهاوپەیمانێتی هێزە سۆسیالیستەکانی ئەرمەنستان دەگرێتەوە.

٣-لایەنگرانی مانەوەی قەرەباخ لەستراکتۆری سیاسیی ئازەربێجان، ئەم گروپەش حزبی بچوکی وەك EGH و حزبی رێگای نوێ دەگرێتەوە کەسالی ١٩٩٣ داوایان کرد قەرەباخ لەپێکهاتەی ئازەربایجاندا بمێنێتەوە.

رێژەی سەدی‌ی لایەنگرانی هەر یەکێ لەو بۆچونانەی سەرەوە، بەمەزەندە بەمجۆرەیە: گروپی یەکەم ٧٥-٨٠٪، گروپی دوەم ١٤-١٩٪ و گروپی سێهەم نزیکەی ١٪ لەم سۆنگەیەوە زۆرینەی نوێنەرانی پەرلەمانی ئەرمەنستان لەمانگی نیسانی ٢٠٠١دا رایانگەیاند کە بەهەموو دژی ئەوەن قەرەباخی شاخاوی لەژێر ناوی هەر شێوەو فۆرمێك لەچوارچێوەی ئازەربێجان دا بمێنێتەوەو دوپاتیان کردەوە کەرازی نابن هیچ بەشێك لەخاکی ئەرمەنستان(لەچوارچێوەی ئەو بیرۆکانەدا کەداوا دەکەن قەرەباخی شاخاوی لەگەڵ چەند بەشێکی خاکی ئەرمەنستان بگۆڕدرێتەوە)بدرێتە لایەنی بەرامبەر.

ئاشکرایە کەزۆرینەی زۆری هێزە سیاسی‌یەکان لەبارەی کێشەی قەرەباخەوە هەڵوێستێکی توندیان هەیە. ئەم مەیلەش پشت ئەستورە بەم بیروباوەڕەی کەتەنانەت دوای چارەسەرکردنی کێشەکەش لەرێگای سیاسی‌یەوە، زەوی‌یەکانی دەوروبەری قەرەباخی شاخاوی(ئەو زەوی‌یانەی لەلایەن سوپای ئەرمەنستانەوە داگیرکراون) بۆ ئازەربێجان نەگێردرێنەوە. پاساوی ئەوانە ئەوەیە کەناکرێ ئەو زەوی‌یانەی

بەداگیرکراو لەقەڵەم بدرێن، بەڵکو دەبێ بەزەوی‌ی رزگارکراو ناوزەد بکرێن‌و پێویستە وەك ناوچەی قەرەباخی شاخاوی لەڕوی نژادی‌یەوە پاك بکرێنەوە(تەنها ئەرمەنی تێدا نیشتەجێ بێ). یەکێ لەو رێکخراوانەی لەهەموان توندڕۆترە لەمبارەیەوە ناوی((رێکخراوی بەرگری کردن لەزەوی‌یە رزگارکراوەکانە)). جیرابەر سفیلیان وەك یەکێ لەسەرکردەکانی ئەو رێکخراوە وتویەتی: ((تەنها ئیمتیازێك کەدەکرێ بەئازەربێجانی بدەین بریتی‌یە لەو ئاگربڕەی ساڵی١٩٩٤ بەسترا، چونکە ئەگەر جەنگەکەمان رانەگرتایە، دەمانتوانی سەرتاپای ئازەربێجان نابود بکەین)). بۆیە لەسایەی بوونی ئەم بۆچونانەوە، هەوڵەکانی گروپی مینسك-ی رێکخراوی ئاسایش‌و هاریکاری ئەوروپاش بۆ کەمکردنەوەی بیروڕای توندڕەوی لەناو کۆمەڵی ئەرمەندا سەرکەوتو نەبوە. هاوکات لەکۆماری ئازەربێجانیش دیدگای رادیکاڵ لە بەهێزبووندایە بۆ دەستپێکردنەوەی جەنگ‌و لەئەرمەنستانیش مەیلی سەربازیگەری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە هەست پێ دەکرێ. یەکێ لەو کەسانەی رۆڵی لەزەقکردنەوەی ئەو جۆرە بۆچونانەدا هەیە بریتی‌یە لەئارکادی قوکاسیان-ی سەرۆکی ئەرمەنەکانی قەرەباخی شاخاوی کە لەلێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی لوس ئانجلس تایمز وتویەتی: ((ئەگەر ئازەربێجان لایەنگری جەنگ بێ، ئەوا وەڵامەکەی وەردەگرێ))[١].

ب/قەرەباخی شاخاوی:

هەڵوێستی گروپە سیاسی‌یەکانی ناو ئەرمەنەکانی قەرەباخ بەزۆری بەئاراستەی پشتگیری کردنە لەهەڵوێستی گروپە توندڕۆکانی ناو

[١] Los Angeles Times. ٢٨. ٠٣,٢٠٠١

ئەرمەنستان، لەوانە حزبی داشناکسیۆن، کەداوای سەربەخۆیی قەرەباخی شاخاوی و پێکهێنانی وڵاتێکی نوێ دەکەن یان داوای لکاندنی بەکۆماری ئەرمەنستانەوە دەکەن و لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانرێ بوترێ کەژینگەو کایەی سیاسیی ئەرمەنستان و قەرەباخی شاخاوی لەبەراورد لەگەڵ هەڵویستگیری ئازەربێجان توندن و قبوڵ ناکرێن.

شایانی باسە کەزۆرینەی خەڵکی ئازەربێجان نکوڵی لەئەگەری هەڵگیرسانەوەی جەنگ ناکەن و بەگوێرەی راپرسییە ئەنجام دراوەکانی ساڵی ٢٠٠٢ کە بەپشتگیری ئەنجومەنی ئەوروپاو یەکێتی ئەوروپا ساز کراون، دەرکەوتوە لەکۆماری ئازەربێجان ٣٢٪ی ئەوانەی پرسیان پێکراوە، پێیان وایە ئەگەری هەڵگیرسانەوەی جەنگ لەقەرەباخدا هەیە، کەچی لەئەرمەنستان تەنها ١٦,٦٪ دەڵێن ئەگەری هەڵیرسانەوەی جەنگ هەیە.

ج/ئازەربێجان:

وەك کاردانەوەی بۆ رازی نەبوونی زۆرینەی نوێنەرانی ئەرمەنستان لەساڵی ٢٠٠١ بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەکە، زۆربەی حزب و گروپ و دامەزراو و رێکخراوە جەماوەری و ناحکومییەکان، کەژمارەیان دەگاتە ٦٠٠ حزبی سیاسی، رێکخراوی ناحکومی، سەرۆك ئاژانسی میدیاکان و لێپرسراوانی چاپەمەنی، کەسایەتی ئاییني، نوێنەرانی روناکبیران، بەیاننامەیەکیان ئیمزاکردو تێیدا هەڵویستی خۆیان دەربارەی کێشەکە بەمجۆرە بەسەرۆك کۆماری ئازەربێجان، رای گشتی و ئەندامانی گروپی مینسك و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان راگەیاند.

ئیمزاکەرانی بەیاننامەکە پێیان وایە کێشەکە بەچوار قۆناغ دەکرێ چارەسەر بکرێو پێویستە قۆناغەکان یەك لەدوای یەك جێبەجێ بکرێن:

١-زەویییە داگیرکراوەکان بەتەواوی بگێڕدرێنەوەو یەکپارچەیی خاکی وڵات بپارێزرێ.

٢-ئەو ئازەرانەی پێش چەند ساڵێك بەزۆر لەشوشاو ناوچەکانی تری قەرەباخی شاخاوی دەرکراون، بچنەوە سەر زێدی خۆیانو ئاسایشیان دابین بکرێ.

٣-مافی ئۆتۆنۆمی بدرێتە قەرەباخی شاخاوی بەمەرجێك حوکمڕانیی بنەڕەتی لەدەستی حکومەتی ناوەندی ئازەربێجاندا بێ.

٤-ئەگەر کێشەکە بەرێگای ئاشتی چارەسەر نەکراو بواری جێبەجێ کردنی ئەم رەوشە لەئارادا نەبوو، پێویستە ئازەربێجان بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی نەتەوەیەکگرتوەکانو بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بەسودوەرگرتن لەزۆرو هێزی سەربازی، دەستدرێژیکاران لەخاکی خۆی دەر بکا.

لەم نێوانەدا حزبی سۆسیال دیموکراتی ئازەربێجان، هەڵوێستی خۆی بەکەمێ جیاوازتر لەو هەڵوێستەی سەرەوە راگەیاندوەو پێیان وایە:

١-پێویستە ئازەربێجان رێگاکانی کۆنتاکتو دەستپێکردنەوەی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەرمەنستان ئاشکرا بکا.

٢-دیاریکردنی هەلومەرجی سیاسی قەرەباخی شاخاوی لەناو ستراکتۆری سیاسی ئازەربێجاندا پێویستە بەم مەرجانەی خوارەوە بێ:

ا/پێویــستە قــەرەباخی شــاخاوی لەچوارچــێوەی کۆمــارێکی ئۆتۆنۆمــدا بــێ و شــوێنی نیــشتەجێی یەکپارچــەی ئەرمــەن و ئازەرەکانی ناوچەکە لەخۆ بگرێ.

ب/دالانــی لاچــین کــەرێگای شوشــە دەگرێتــەوە{رێگــای بەستنەوەی ناوچەی قەرەباخی شاخاوی و کۆماری ئەرمەنستانە} بخرێتە ژێر چاودێریی هێزی فرە نەتەوەو گومرگی ئازەربێجانەوە.

ج/قــەرەباخی شــاخاوی، وەك ناوچــەیەکی ئــابوریی ئــازاد رابگەیــەنرێ و لــەپێناوی پەرەپێــدانی ناوچــەکەدا ئاســانکاری بــۆ راکێشانی سەرمایە بکرێ.

د/رێگــا بەکەمینــەی ئەرمــەنی ئازەربێجــان بــدرێ رێکخــراوی ناحکومی((دامەزراوەی کەلتوری ئەرمەن)) پێکبهێنــێ و خــەرجیی ئــەم دامەزراوەیــە لەبودجــەی دەوڵــەتی ئازەربێجــان و بەشــێك لــەداهاتی بەدەســتهاتو لەئەرمەنەکانــەوە دابین بکــرێ. دەوڵــەتی ئازەربێجان دەست وەرنەداتــە کاروبــاری کــەلتوری ئەرمەنەکانــەوەو ئــەم دامەزراوەیــە ئیعتیبــارو ســیمای نێودەوڵــەتیی خــۆی هــەبێ و لەکاروباری ناوخۆی خۆیدا ئازاد بێ.

٣-پێویــستە ئازەربێجــان لایــەن و رەهەنــدە جیاجیاکــانی ئــەو ئۆتۆنۆمییە ئاشکرا بکا کەدەیداتە ئەرمەنەکان.

٤-پــێش یەکلاکردنــەوەی تــەواوەتی کێــشەو قەیرانەکــە، پێویــستە ئازەربێجــان دوبــارە دەســتپێکردنەوەی پەیوەندییــە ئــابوری و بازرگانییــەکانی رابگەیــەنێ و لەمبارەیــەوە رێککــەوتنی پێویست ئیمزا بکا.

٥-پێویستە دەوڵەتی ئازەربێجان رایبگەیەنێ کەهیچ لەمپــەرێك دروست ناکا لەبەردەم پێکهێنانی پەیوەندی لــەنێوان ئەرمەنــەکان و رێکخراوە حکومی و ناحکومییەکاندا.

٦-ئازەربێجــان بــەوڵاتانی قـــەوقازی باشـــورو رێکخـــراوە نێودەوڵەتی‌یـــەکان رابگەیـــەنێ کـــەهاریکاری‌ی ئـــەو رێکخـــراوە ناحکومی‌یانــە دەکـا کـە بـەئامانجی ئاشـتیخوازانە لەناوچـەکەدا چالاکی ئەنجام دەدەن.

٧-لـەدوا قۆناغـدا، حکومـەتی بـاکۆ راسـتەوخۆ دانوسـتاندن لەگـەڵ سـەرانی قـەرەباخی شـاخاوی بکـاو لـەم دانوسـتاندنانەدا لەلایـەن ئازەربێجانـەوە سـەرۆك وەزیـر، وەزیـری نـاوخۆ، سـەرۆکی کۆمیسیۆنی پەیوەندی‌یە نەتەوەیی‌یەکان یان یەکێ لەراوێژکارانی سەرکۆمار دەتوانن بەشداری بکەن.

د/دیپلۆماسی‌ی جەماوەر(هەردو نەتەوە):

لەسـەرەتای سـاڵانی ١٩٩٠ دیپلۆماسـییەتی جـەماوەر ئێجگـار کارا بوو، بەجۆرێ لەناو هێزە جەماوەری‌یەکانی هـەردولادا هیـوای زۆر بۆ رەواندنەوەی بێ متمانەیی لەنێوان هـەردولادا رەخسا بـوو. رێکخـــراوی پەیوەندی‌یـــەکانی جیهـــان لەئـــەمریکا چـــەندین کۆبونـەوەی  رێکخست بـۆ گفتوگـۆی نێـوان روناکبیران، بیریـاران‌و ئـەو رێکخـراوە ناحکومی‌یانــەی ئامــانجی ئاشــتی‌یان هــەبوو و لەمبارەیەوە هەنگاوی گرنگی نا.

ساڵی ١٩٩٣ ئارەزو عەبدوڵلا یوا و ئانایت بایاندوەر، سـەرانی کۆمیتـە میللی‌یـەکانی ئازەربێجـان‌و ئەرمەنـستان لـە((ئەنجومـەنی هــاولاتیبوونی هەلــسنگی)) لەســایەی هــەوڵی شایــستەیان بــۆ سەقامگیرکردنی ئاشـتی لەناوچـەکەدا بەسـودوەرگرتن لەشـێوازی دیپلۆماسی جەماوەری، توانی‌یان خـەڵاتی ئاشتی‌ی(ئۆڵف پاڵمە) بەدەست بهێنن.

سەرەڕای پشتگیری‌ی بەردەوامی  وڵاتانی خۆرئاواو رێکخـراوە نێودەوڵەتی‌یەکان لەم چالاکی‌یانە، کەچی ئەم شێوازە لەساڵانی

دوایی‌دا ئێجگار کز بووەو هۆیەکەی بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کەهەوڵە دیپلۆماسی‌یەکان‌و دانوستاندنە رەسمی‌یەکان هیچ ئەنجامێکیان لێ نەکەوتۆتەوەو ئەم مەسەلەیەش کاریگەری‌ی لەسەر رای گشتی داناوە، بێ لەوە یەکێکی تر لەو هۆکارانەی بوون بەهۆی کەمبوونەوەی ئەو جۆرە چالاکی‌یانە بریتی‌یە لەبوونی بیروڕای توندڕۆ لەهەردو وڵات کەئامادە نین سازش‌و نەرمی بنوێنن. حکومەتی ئازەربێجان رێگا نادا پەرلەمانتارە ئەرمەنەکان سەردانی باکۆ بکەن‌و بەپێچەوانەوە ئەرمەنستانیش رێگا نادا پەرلەمانتارانی ئازەربێجان ناوچەی قەرەباخی شاخاوی بەسەر بکەنەوە.

# بەشی پێنجەم

## ئه نجامگیری

ئەمڕۆ جیهان بەئاراستەیەکی جیاوازدا دەڕوات، لەسەرێکەوە یەکپارچەو یەکگرتو بەرەو بەجیهانیبون، ئاشکرا گەرایی و ئازادیی زانیاری‌یەکان هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێ و لەسەرێکی دیکەوە، پارچە پارچە دەبێ و بۆ یەکەی بچوکتر دابەش دەبێ. تەنانەت یەکە سەقامگیرو نەگۆڕە سیاسی و کۆمەلایەتی- کەلتوری‌یەکانیش لەژێر ناوی نەتەوە- دەولەتدا ئەم هەستەیان لا دروست بووە کەگشتبوون و یەکپارچەیی‌یان ڕێژەیی‌یەو هەمو رووداوێکی مێژوویی تەکانبەخش، ئەم یەکپارچەیی‌یەیان لەناو دەباو یەکەکانی بۆ بەشی بچوکتر دابەش دەکا.

لەو سۆنگەیەوە کەرێگرتن لەو مەیلە بەکردەوە مەحالە، بۆیە چیتر مشتومڕ لەسەر راستی و دروستیی ئەو مەیلانە سودی نی‌یە. ئەمڕۆ زیاتر هەول بۆ ئەوە دەدرێ ئاراستەی ئەو مەیلانە بەرێرەوێکی پۆزەتیڤ و دروستدا رێنمایی بکرێ، بەجۆرێ هەول بدرێ مەیلەکان خراپ و وێرانکەر نەبن و بکەونە چوارچێوەیەکی ئەوتۆوە کەهەست و نەستی مرۆڤ لەسایەیاندا نەشونما بکاو مافەکانی مرۆڤ هاوشان بێ لەگەل ئاستە جیهانی‌یەکان، هەروەك زیان بەرەوت و پرۆسیسی نوێگەری ژیانی مرۆڤەکان نەکەوێ. هاوشان لەگەل بەجیهانیبوندا، فرە

نەتەوەیی- کەلتوری، کەبەردەوام ستراکتۆرەکەی لەگۆڕاندایە، جۆرێ هاوسەنگی بەرقەرار دەکاو سەرەنجام هەلومەرجێکی ئەوتۆ دەڕەخسێ کەتێیدا((وردوخاش بوون))(پارچە پارچە بوونی کۆمەڵو پێکهێنانی یەکەی نژادی بچوك)وەك رەوشێکی پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤ لەقەڵەم نەدرێن. لەم دۆخەشدا، بەجیهانیبون لایەنی نێگەتیڤ، زێدەڕۆیی و نا واقعبینانەی بزاڤە نژادییەکان لەناو دەباو رێکیان دەخات.

جێگای داخە کەدەبێ بوترێ بزاڤە ناسیۆنالیستیو جوداخوازەکان بەهۆی نامەنتقی بوونو نکوڵی کردنیان لەهەمو شتێك جگە لەخۆیان، جیهانیان روبەڕوی جەنگی شارستانییەکان(ئاینییەکان)و مشتومڕی مەزهەبیو ناکۆکەی نەتەوەکان کردووەو بەبنبەستێکی سەختیان گەیاندوە. لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کەلایەنە ناکۆکەکان ناتوانن بگەنە جۆرێ لەکۆدەنگی رێژەیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، بەڵکو قسە لەسەر ئەوەیە کەمشتومڕە نژادییەکان پێش هەمو شتێ جێگای خۆیان لەمێشكو رای خەڵکیدا کردۆتەوەو ئەم بیرکردنەوەیە، کەغەیرە خۆیی بەدوژمنی نەگۆڕو هەمیشەیی لەقەڵەم دەدا بەدرێژایی سەردەمە جیاجیاکان، لەناو ژمارەیەك نەتەوەدا بوەتە شتێکی باوو ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە سەرەنجام تەسلیم بون بەفەلسەفەی تیرۆرو رۆحیەتی خوێنڕێژیی لێدەکەوێتەوە ولەڕوی سایکۆلۆجییەوە ئایدیای ترسناك دەئاخنێتە مێشکی نەتەوەکانەوە(خۆم لەناو دەچم، بەلام دوژمنیشم بەسەلامەتی ناهێڵم) یان(سەرەتا پێویستە بکوژیو وێران بکەیو دواتر گفتوگۆ بکە))ئەمانە بیرکردنەوەی سەقەتنو دزەیان کردۆتە ناخی کەسایەتیی سایکۆلۆجی نەتەوەکانەوە.

لەبەر ئەوەی ئەو وڵاتانەی هەوڵ بۆ بەجیهانیبون دەدەن نەیانتوانیوە فەلسەفەی کارەکەیان لەجیهاندا روون بکەنەوەو چالاکی‌یەکانیان لەسەر بنەمای ئەم فەلسەفەیە دانەڕێژراوە، دەبینین ناتوانن بەتواناو کاریگەرانە بەشداری چارەسەرکردنی کێشە ناوچەیی‌یەکان بکەن. ئەمڕۆ جیهان روبەڕوی جۆرێك((جەمسەرگەری))بووەتەوەو تێیدا وڵاتان لەجیاتی تەواو کردنی یەکتر، کار بۆ سڕینەوەی یەکتر دەکەن. لایەنگرانی بەجیهانیبون بۆ پاراستنی خۆیان پەرژینێکی پتەویان بەچواردەوری خۆیاندا دروست کردووەو لەسەرێکی ترەوە بەرهەڵستکارانی پرۆسەی بەجیهانیبونیش لەسایەی کۆکردنەوەی جەماوەری ماندو و نائومێدەوە دژە جەمسەرێکیان قوت کردۆتەوە.

سەرجەم ئەو هەلومەرجانەی سەرەوە کەم تا زۆر پەیوەندی راستەوخۆیان بەهەلومەرجی قەوقازی باشورەوە هەیەو لەراستیدا لەماوەی ١٠تا ١٢ ساڵی رابردوودا هیچ یەکێ لەکێشەکانی ناوچەکە چارەسەر نەکراون و بگرە قەیرانەکان تەشەنەیان کردوە. بوێرانە دەتوانرێ بوترێ کەکێشەکان هێشتا نەچونەتە چوارچێوەی رێوشوێنە پێویستەکانەوەو لایەنەکانی کێشەکە ئامادەگی ئەمەیان نی‌یە کەدەبێ گفتوگۆ پێکەوە بکەن. بێ لەوە، هەلومەرجی سایکۆلۆجی‌ی پێویستیش لەناو لایەنەکانی دەرگیری کێشەکەدا دروست نەبوەو هێشتا خەڵك دیل و گرفتاری ئیدیعای مێژویین و هەستی لەیەك نزیکی‌ی نێوان نژادەکان لەناو خەڵکدا بەشێوەیەکی کاریگەر شێوەی نەگرتوە. دامەزراوە نێودەوڵەتی‌یەکانیش ساڵانێکە کارەکانیان سست بووەو لەشوێنی خۆیاندا((چەقیون)) و نایانەوێ هۆکارەکانی سەرنەکەوتنیان بدۆزنەوە.

یەکێ لەدوو لایەنەکەو هەندێ جار هەردو لایەن لەبری دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکە، هەوڵ دەدەن هەرچۆنێك و بەهەر نرخێ بووە

لایـەنی بەرامبـەری خۆیـان چۆك پـێ دابـدەن و تـەنها لـەم ڕێگایـەوە سـود لــەئامرازی یاســایی و نێودەوڵــەتی و توانــای میــدیاكان وەردەگرن. لەمجۆرە كایانەشدا چۆن دەتـوانرێ ڕێگاچارەی شیاو بدۆزرێتـەوە؟ تەكنیكـە سیاسـی‌یە هاوچـەرخەكان پەیوەندی‌یـەكی ڕاستەوخۆیان بە بیرو ڕۆحی ناسیۆنالیستی‌ی جەماوەرەوە نی‌یە بۆ چارەسەركردنی كێشە ناوچەیی‌یەكان. پێویستە ئەم تەكنیكانە نــەك بــۆ ســەركۆمار(وبەشــێوەیەكی گــشتی بــۆ ســەرجەم سیاســەتمەدارەكان) بــەكار بهێنــرێ، بــەڵكو پێویــستە بــەكاریش بهێنــرێن بـۆ كاریگـەری دانـان لەسـەر هەسـت و نەسـتی خـەڵكی بەگـشتی(جـەماوەری یـاخیبوو) كـەنقوومی هەسـتی زێـدەڕۆیی ناسیۆنالیستین.

بەزیادبونی ئاستی خوێندەواری و هوشیاری گشتی، ئەم لایەنە لەو ڕێگایانەدا بەكاردەهێنرێ كە لەپەیوەندی نێوان وڵاتانـدا تـەنها بـۆ سـەركوتكردنی لایـەنی بەرامبـەر وەردەگـیرێ(واتـە دەتـوانرێ بـوترێ كـەزیادبونی ئاسـتی خوێنـدەواری نـەك تـەنها نابێتـە هـۆی دەســت هــەڵگرتن لەزێــدەڕۆیی، بــەڵكو ئــەم ڕەگــەزەش بــۆ سـەركوتكردن بـەكاردەبرێ و بەگۆڕانی‌یـەكی نـوێ ئـاوازێكی كـۆن دەوترێتەوە). لەم هەلومەرجەدا زۆربەی گروپە سیاسی‌یەكان ڕوو لەبەدەسـتهێنانی پـشتگیری هێزەكـانی دەرەوەی ناوچـەو وڵاتــە زلهێزەكــان دەكــەن. جــەماوەر دەســت لەقەبــەكردنی ڕوداوە مێژوویی‌یـەكان هـەڵناگرێ و نـابودكردنی دوژمنـی نـژادی‌ی خـۆی بەباڵاترین پلەی نیشتمانپەروەری لەقەڵەم دەدا.

نەتــەوە ڕزگاربووەكـان لەسیـستمی یـەكێتی‌ی سـۆڤێتی جـاران، بەتایبــەتی نەتــەوەكانی ناوچــەی قــەوقاز, بــەجارێ لەكۆیلایــەتی‌ی سیـستمی كۆمۆنیـستی ڕزگاریـان بـوو وتوانیـان لەزۆربـەی لایەنـەكانی ژیـان، خۆیـان بگەیەننـە ستاندەرەكانی خۆرئاوا، بەڵام مەسـەلەكە بـەو

ئاسانی‌یەش نەهاتە دی, چەندین هۆ لەم بارەیەوە هەبون کەلێرەدا تەنها ئاماژە بۆ دو هۆکاریان دەکەین:

١-زۆربــەی ئــەم نەتەوانــە پــێش ســەقامگیربوونی سیــستمی کۆمۆنیستیش ئازاد نەبوون و سەر بەهێزی بیانی بوون و لەڕوی یاسای نێودەوڵەتی‌یەوە هیچ ئیعتیبارێکیان نەبوو. ئەو هەلومەرجەش نەك تەنها لەڕوی سیاسی‌یەوە، بەڵکو لەڕوی مێژویی‌یەوەش بەجۆرێك بوو کەدەسەلاتدارێتی‌ی ناوەندی سۆڤێت لەکتێبە مێژویی‌یەکاندا هەوڵی دەدا ناسنامەی نەتەوەیی‌ی نەتەوەکانی تر بسڕێتەوەو دەبوایە ئەم نەتەوانە هەست و نەستی ناسیونالیستی‌یان لەبەهاکانی یەکێتی‌ی سۆڤێتدا بدۆڕێنن.

٢-هەر یەك لەنەتەوەکانی قەوقازی باشور(نەك تەنها نژادی ئازەر، جۆرجی و ئەرمەن، بەڵکو نژادەکانی ئاپخاز، ئۆستی و لەزگی و ئەوانی تریش) وێنای مێژویی تایبەت بەنژادی خۆیان هەیە کە بەداخەوە ژمارەیەك لەم نژادانە((دادپەروەریی مێژویی))نەك لە بەئاشتی پێکەوە ژیان بەڵکو لەنەفرەت و دوژمنایەتی کردنی یەکتردا دەبیننەوە.

کێشەی نێوان ئازەرو ئەرمەنەکان یەکێکە لەنمونە زەقەکانی کێشە ناوچەیی‌یە هاوچەرخەکان، لەم ململانێ‌یەدا هەردولا نەك بۆ گەیشتن بەجۆرێ رێککەوتن و سازش، بەڵکو هەوڵ دەدەن بەهەر نرخێ بووە لایەنی بەرامبەر چۆك پێ دابدەن و لەم نێوانەدا تەنها لەو پێناوەو بۆ ئەو مەبەستە سود لەهەوڵە نێودەوڵەتی‌یەکان وەردەگرن، لەوانە چالاکی‌یە((یاری‌یە ئاساکانی))گروپی مینسکی سەر بەرێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپاو میدیاکان و هەر لەم رێگایانەوە هەست و نەستی خاك و ناسیۆنالیستی جەماوەر دنە دەدەن و دەوروژێنن. هەلومەرجی جەماوەرناسی باوی ناوچەکە لەراستیدا میراتی بەجێماوی

هەلومەرجی ژیانی سەردەمی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤێته، کەدەسەڵاتدارانی ئەوکات لەسایەی شاردنەوەی ناوەڕۆکی کێشەو مەسەلەکانی ناوچەکەوە، ڕێیان لەدروست تێگەیشتنی جەماوەر لەماکی مەسەلەکان دەگرت. حکومەتەکانی ئێستای ناوچەکە هەرچەند بیانەوێ ستراکتۆری ناکارای حکومەتی خۆیان لەپشت ستاندەرە بەڕواڵەت جیهانییەکانەوە بشارنەوە، بەڵام دیسانەوە نایاسایی بوون و پابەند نەبوون بەمافەکانی مرۆڤ لەم وڵاتانەدا بۆ هەمو لایەك ئاشکرایە، کەیەکێ لەدەرەنجامە نێگەتیڤە سەرەکییەکانیشی بریتییە لەپەراوێز کەوتنی کەسانی شایستە بەتایبەتی لەمەیدانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا.

مشتومڕی نێوان ئازەرو ئەرمەنەکان بەکردەوە لەسەدەی نۆزدەهەمەوە دەستی پێکردوەو دواتر چەند ناونیشانێکی وەك((ناکۆکیی ریشەیی)) و ((کێشەی مێژویی))خراوتە پاڵ ئەم مشتومڕە. پێویستە دان بەمەدا بنێین کە لەماوەیەکی نەك هێندە زۆردا، هەردو نەتەوەی ئازەرو ئەرمەن لەدژی یەکتر ریزبەندییان کردوە، بەجۆرێ ناکۆکییەکان بەشێوەیەکی ریشەیی و بنەڕەتی لەهەست و رۆحی جەماوەردا جێگای خۆیان کردۆتەوەو بۆچونێکی نەفرەت ئەنگێزیان لەناو جەماوەری هەردولادا دروست کردوە. باشە ئەم نەفرەتە ریشەدارە چۆن دروست بوو، بەجۆرێ هەمو جۆرە هەنگاوێکی ئاشتیخوازانە بەخیانەت و خۆفرۆشی لەقەڵەم دەدرێ و لایەنی بەرامبەر نەك تەنها بەدڕندە، بەڵکو لەڕوی خولقەتیشەوە لەبنەڕەتەوە بە نامرۆڤ پێشان دەدرێ؟

لەکاتی ئێستادا لەوانەیە ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی ورد نەتوانرێ ریشەکەی بدۆزرێتەوە، بەڵام هەمو مرۆڤێکی بێ لایەن و

دڵپاك دان بەمەدا دەنێ كەئەم دوو نەتەوەیە لەڕابردوودا تا ئاستێكی باش پەیوەندی نزیكیان لەگەڵ یەكتر هەبووەو تێكەڵی یەكتر بوون لەڕێگای ژن و ژنخوازیی فراوانەوە، تەنانەت زۆر داستانی فۆلكۆری هەیە دەربارەی خۆشەویستی و عیشقی كوڕە توركی ئازەری لەگەڵ كچە ئەرمەن(بۆ نمونە داستانی ئەسلی و كەرەم)، هەروەها زۆر نەریت و میراتی كەلتوری و ئەدەبی ژیانی هاوبەش هەیە لەگۆرانی، ئامرازی مۆسیقا، خواردەمەنیی فۆلكۆری، وێنەو شتیتر لەنێوان هەردو نەتەوەداو دواتر تۆمەتی دزینی ئەم نەریتانە لەیەكتریش سەری هەڵداوە.

لەهەلومەرجی ئێستادا, كێشەكە لەزۆر رووی سایكۆلۆجییەوە قوڵتر بووەتەوەو ئەرمەنەكان لەناو خۆیاندا دەڵێن: ((ئێمە بەڕواڵەت وا خۆمان نیشان دەدەین كەرازین سازش و ئاشتی بكەین، بەڵام لەبەینی خۆماندا ئەوان(ئازەرەكان)بەدوژمنی خۆمان دەزانین. ئێمە نەك ئامادە نین گفتوگۆ بكەین، بەڵكو لەبنەڕەتەوە لەم گفتوگۆیانە تۆقیوین)). ئەمجۆرە لێداوانانەی ناو خەڵكی وادەكا نەتوانرێ پێشنیازو ئامۆژگاریی ژیرانەو لۆجیكی بخرێتەڕو بۆ چارەسەركردنی كێشەكە.

لەڕۆژگاری حوكمڕانیی یەكێتیی سۆڤێتدا، چوارچێوەیەك و چەند ریوشوێنێك دانران بۆ بەزۆر سەپاندنی دۆستایەتی بەسەر نەتەوەكانی بن دەسەلاتی یەكێتی سۆڤێتداو ئەمەش تاڕادەیەك خۆشگوزەرانی و ژیانێكی گونجاوی هێنایە ئاراوەو بەشێوەیەكی ریاكارانە باڵی بەسەر ژیانی خەڵكیدا كێشا. ئەم چوارچێوانە نەك لەبەر ئەوەی سەرەنجام درۆ دەرچوون، بەریاكارانە ناویان دەبەین، بەڵكو لەبەر ئەوەی نەیانهێشت خەڵكەكە سەرنجی ئەو گرژی و مشتومڕە مێژوویییانە بدەن كەلەوانە بوو ئەم دۆستایەتییە تەشریفاتییە لەكەدار بكەن.

دوای روخانی یەکێتی سۆڤێت، ئەو رۆحیەتە باڵی بەسەر وڵاتە تازە سەربەخۆکاندا کێشا، واتە هەموان هەوڵی دۆزینەوەی دوژمنی گشتییان دەداو ئەم هەنگاوە جگەلەوەی فاکتەری بەتەواوی سیاسی لەپشتەوە بوو، لەڕاستیدا بریتیش بوو لەجۆرێك پەیداکردنی هەڵکەوت بۆ وڵات لەکایەی سەرو پیشەسازی بوونو بەجیهانیبووندا.

لەسۆنگەی ئەو راستییانەی سەرەوە دەتوانین بەمجۆرە ئەنجامگیری بکەین کە یەکەم: لەناوچەی قەوقازی باشور، ئەوەی رێ لەتێگەیشتنی هەردولا دەگرێ بریتییە لەهەستو ئارەزوە نەتەوەییەکان، کەریشەیان لەمێژوی نەتەوەیی نژادەکاندایە. کەواتە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سەردەم پێویستە پشت بەمێژوی رابردووەکان نەبەسترێ. ئاشکرایە ئەم کارە بەکردەوە مەحاڵە، بەڵام ئەوەی لێرەدا ئەگەری ئەوەی هەیە بەکردەوە بکرێ بریتییە لەگۆڕینی ئاراستەی مەیلە مێژوییەکانو لەم راستایەدا پێویستە بەوردی لەدوو گوتار تێبگەینو روون بکرێنەوە:

ا-مێژوویی میللی(پەیوەست بەرابردووەکان)پێویستە لەڕوی کاتەوە، لەکاتی ئێستا جیا بکرێتەوە و کاتی ئێستا وەك خولێکی هەرگیز نەگەڕاوە بۆ رابردوو لەقەڵەم بدرێ. چونکە مێژوی رابردو، تەنها باس لەخۆییەکان دەکاو هیچ ئاماژەیەك بۆ پەیوەندی لەگەڵ بیانییەکان ناکا. لەم سۆنگەیەوە ئەمجۆرە مێژووە بۆ سەردەمی ئێستا سودی نییەو سازگارییان پێکەوە نییە.

ب-پێویستە دان بەوەدا بنێین کە بەڵگەنامەکانی یاسای نێودەوڵەتان لەم سەردەمەدا بەکردەوە گرنگی بەهیچ پێشینەیەکی مێژویی نادەنو ئەم بەڵگەنامانە تەنها لەم دۆخەدا شیاوی جێبەجێ کردنن.

لێرەدا چەند پرسیارێك خۆیان قوت دەکەنەوەو ئێمەش وەڵامەکانیان بۆ خوێنەران بەجێ دەهێڵین: دەبێ چۆن ئەمجۆرە هەستو بیرکردنەوەیە بوروژێنرێن؟ یان دەبێ چۆن لەناو جەماوەردا پڕوپاگەندەیان بۆ بکرێو رەواجیان پێ بدرێ؟ کێن ئەو کەسانەی دەبێ لەم بوارەدا چالاکی بنوێنن؟ ئایا لەناو جەماوەردا هێزی ئەوتۆ هەیە ئەمجۆرە ئەرکانە بگرێتە ئەستۆ؟

ئەنجامگیریی دووەم تایبەتە بەپێویستی پێکهێنانو بەدامەزراوکردنی هێزە جیاجیاکان(سیاسی، کۆمەڵایەتیو..). بۆ ئەنجامدانی ئەو کارو ئەرکانەو بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیاز دەکرێ:

ا-هەمیشە دیدو راوبۆچونی بەرامبەریشت هەیەو مافێکی یەکسان بە(دیدی ئێمە)ی هەیە.

ب-(لەم ناکۆکیەدا)براوە لەئارادا نییەو هەموان دۆڕاون.

و-مەیلە جیهانیەکان لەمەیلە ناوچەییەکانو مەیلە ناوچەییەکان لەمەیلە میللیەکان لەپێشترن.

د-بەرژەوەندی مرۆیی لەبەرژەوەندی گروپ(بەرژەوەندی گروپێکی تایبەت) لەپێشترە.

ه- مەیلو ئارەزووەکان دەگەنە خاڵێك، کە لەهەلومەرجی ئێستای ئەم خاڵەدا ئەولەویەتیان نییە، بەڵکو ماکی مەیلو ئارەزوەکان ئەولەویەتیان هەیە.

و-لەیەك تێنەگەیشتن، واتای بوون بەقوربانی لەپێناوی بەجیهانیبوون دەگەیەنێو لەم سۆنگەیەوە پێویست ناکا بەجیهانیبون بەکەمتەرخەم لەقەڵەم بدرێ.

ر-ئەو گرژییانەی بەهۆی ناسیۆنالیستییەوە سەرهەڵدەدەن، دەبنە هۆی سەرهەڵدانی بیری هێرشبەرانەی جەماوەر، بۆیە بۆ گەیشتن

بــەهاریکاریی ئازادانــە لەناوچــەکەدا، پێویــستە ئــەم بــیرە هێرشبەرانەیە دامرکێنرێتەوە.

ز-پێکهاتن و سازش لەسەرکەوتن بالاترو بەنرخترە.

ئەگەر کەمێ ورد بینەوە بۆمان دەردەکەوێ کەبنەڕەتیترین ئەرك بریتیی‌یــە لــەپێکهێنانی کۆمەڵــەی هاوولاتییــانی ئازەربێجــان و ئەرمەنستان(پێکەوە).

## پێشنیازەکان

١-ئاشــتیخوازی رۆژە ســەختەکانی خــۆی بــەڕێ دەکــاو ئــەم راســتی‌یە نــەك تــەنها لەقــەوقازی باشــور، بــەڵکو لــەبارەی هــەمو ناوچــەیەکەوە راســتە. پرۆســەکەش لەیۆگــسلاڤیای جارانــەوە دەســتیپێکرد، کاتــێ ویــستی کێــشە نژادی‌یــەکان بەشــێوازی سەربازی چارەسەر بکا هەڵوێستی ئەمریکاو کۆمەڵی ئەوروپا لەم بارەیــەوە دوای روداوی ١١ی ئــەیلولی ســاڵی ٢٠٠١ لــەجاران زیــاتر جێگای سەرنجەو جەخت لەسەری دەکرێتەوە.

٢-ئێــستا هــەمو هەوڵــەکان لــەپێناوی ئاشــتیدایە، بــەڵام دەبــێ چــۆن ئــەم ئاشــتی‌یە بەرقــەرار بکــرێ؟ بەدڵنیایی‌یــەوە پێویــستە ئەمجۆرە ئاشتی‌یە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بێت، بەجۆرێ ئەو تاکانــەی نادادپــەروەری بەرامبــەریان کــراوە یــان لایــەنی کــەم بــەو جۆرە تێگەیشتوون، لەئایندەدا زەمینــەی دوبارە هەڵگیرسانەوەی جــەنگێکی‌تر نەڕەخــسێنن. ئەگــەر هەلومــەرج بــەجۆرێ بــوو شەڕفرۆشی‌یەکان وەك ئەو(مینانــەی)لەلانکــەی ئاینــدەی جیهانــدا خۆیان شاردبێتەوە، ئەوا لەڕاستیدا ئێمە ئەم کێشەیە بەمیرات بۆ نەوەکانی ئایندە دەهێڵینەوە.

٣-ئــەو چــالاکی‌یە دژە تیرۆریــستی‌یانەی دوای ١١ی ئــەیلولی ٢٠٠١ دەســتیان پێکــردوە، رەهەنــدێکی نوێیــان بەخــشیوەتە گرژی‌یەکانی

قــــەوقازی باشـــور. حکومەتـــەکانی ناوچـــەکە لـــەپێناوی بەدەســـتهێنانی پـــشکی خۆیـــان لـــەیاری کـــردن لەچوارچـــێوە سیاسی‌یەکاندا، هـەوڵ دەدەن بەهـەر شێوەیەك بلوێ چاوپۆشـی لەدیپلۆماســـی‌یەتی نەتـــەوەکان بکـــەن‌و هەڵکـــەوتی خۆیـــان بەشێوازی‌تر بەدەست بهێننەوە.

٤-ئـەو پـسپۆڕانەی بـەوردی شـارەزاییان لەهەلومـەرجی بـاوی ناوچـەی قـەوقازی باشـورو کێـشەکانی وڵاتـانی ئـەم ناوچـەیە هەیـە، بەباشی لەلێکچووی‌ی نێوان سیستمە سیاسی‌یەکانی وڵاتانی ناوچەکە تێگەیشتون کەبوەتە مایەی سەرسوڕمانیان، بۆیە لەکاتێکدا کێشەکانی ناوچـەکە بەچارەسـەرنەکراوی ماوەتـەوە، ئـەمان لەسـۆنگەی مـەیل‌و بەرژەوەندی‌یـە دژو ناکۆکـەکانی ناوچـەکەوە، هەوڵـەکانی خۆیـان بەئاراسـتەی پێکهێنـانی هاوسـەنگی‌یەك لەناوچـەکەدا خـستۆتە گـەڕ. هــەروەها ئــەم بۆچــونەش لەئارادایــە کەلایەنــە دەرگیرەکــان لەکێـشە ناوچەیی‌یەکاندا، بـەقبوڵکردنی پێویستی‌یەکانی دەرەنجامی ڕەفتاری موحافزەکارانە، هەمو بلۆك کردن(تجمید)و(کپ کردن)ی ناکۆکی‌یـەکان قبــوڵ دەکــەن، ئــەم هەلومەرجــەش وادەکــا جــۆرە ســەقامگیری‌یەك لەهەڵکەوتی سیاسی ئایندەی سیاسەتمەدارانی دەسڕۆی ئەم وڵاتانـەدا دروست بێ.

٥-بەئاشـکرا دەرکـەوتوە سـەرەڕای پێکهێنـانی دامـەزراوێکی وەك گروپـــی مینـــسك، کەچـــی هەڵوێـــست‌و پەیوەندی‌یـــەکانی ئەمریکاو ئەوروپای خۆرئاواو روسیا لەئاستێکی بەرزدا ناکۆك‌و دژ بەیـەکترن, ئایا لـەم هەلومەرجـەدا دەکرێ چارەسـەری لێبڕاوی کێشەکانی قەوقازی باشور بکرێ؟

٦-لەوڵاتانی قەوقازی باشوردا هەلومەرجی سیاسی‌و ئابوری‌و دانیـشتوان بـەکردەوە هاوشـێوەی یـەکترن: ڕژێمـی سـەرکوتکەر، ئابوری‌ی

گرفتاری چنگی گەندەڵی و هەلومەرجی فەلاکەتباری دانیشتوان، ئەمانە لایەنە هاوبەشەکانی ئەم وڵاتانەن. لەمەزەندەکاریی‌یە خۆشبینانەکاندا لەهەموو پێنج کەسێکی گەنج و لەمەزەندەکاریی‌یە رەشبینانەکاندا لەهەمو سێ کەسێك لەم وڵاتانەدا یەك کەس بۆ دۆزینەوەی کار، وڵاتەکەی خۆی بەجێهێشتوە. بەتەواوی روون و ئاشکرایە کەهەمو جۆرە رێککەوتن و خستنەڕوی پڕۆژەیەك بۆ ناوچەی قەوقازی باشور پێویستە بەشێوەیەکی هەمەلایەن و یەکپارچە(بۆ هەرسێ وڵاتەکە) ئامادە بکرێ و دواتر بۆ هەر وڵاتێك بەشێوەی جیا جێبەجێ بکرێ، لێرەدا باس لەپڕۆژەی مارشاڵێکی نوێ‌تر بۆ ناوچەی قەوقازی باشور دەکرێ تا بەدەستەبەرکردنی کۆمەکی ئابوری، ئەم سێ وڵاتە بتوانن لەبیرو بۆچونی تۆتالیتارو سیستمی دەسەلاتگەرو چەوسێنەر رزگاریان بێ.

٧-هەلومەرجی سیاسی و ئابوریی زاڵ لەناوچەکەدا وای کردوە هاووڵاتیان بەگشتی و روناکبیران بەتایبەتی بێ بەش بن لەمافی سیاسی و بەهۆی نەبونی ئاسایش و ئۆقرەیی‌یەوە نەتوانن کاریگەری لەسەر ژیانی سیاسی‌یانەی خەڵك دابنێن. هەوڵەکانی جەماوەر بۆ پێکهێنانی دامەزراوەو رێکخراوە ناحکومی‌یەکان و ئامادەیی ئەم دامەزراوانە بۆ نواندنی چالاکی لەمەیدانە میللی و ناوچەیی‌یەکاندا روبەڕوی کاردانەوەی نێگەتیڤی حکومەتەکان دەبێتەوە، بۆیە رێکخراوەکان لەسایەی رەوشی حیساب بۆ کراوەوە لەبازنەی رەوایی جەماوەر دەردەکرێن و تەنانەت هەڕەشەشیان لێ دەکرێ.

٨-ئاشکرایە کەژیانی ئاشتی‌یانە لەنێوان ئازەرو ئەرمەن، گورجی و ئاپخازو ئۆستی هەبوە، بۆیە ئەمانە یان خوو دەگرن بەژیانی هاریکاری کردن و پەیوەندیی نزیك، یان کینەو دوژمنایەتی لەنێوانیاندا

دەمێنێتەوەو هەمو هەوڵێك بۆ پەرەپێدانی ناوچەكە بەناكامی دەمێنێتـەوە.(واتـە ئـەم نەتەوانـە پێویـستە یـان هاریكـاری یـەكتر بكـەن، یـان ببنـە دوژمنـی یـەكترو هـیچ چارەسـەرێكی مـام ناوەنـد لەئارادا نییە).

٩-سیاســـەتی بەیەكپارچـــەكردن‌و لەیـــەك نزیكبونـــەوەو ئاشتیخوازی لەناوچەی قەوقازی باشوردا دەشێ جێبەجێ بكرێ وەك پێویـستییەك لەقەڵــەم بـدرێ. ئــەم سیاســەتە لەســایەی پشتبەستن بـەهێزە جۆراوجۆرە دەرەكییـەكان‌و پێكهێنـانی بلۆكـە ناكۆكەكانـدا كـارێكی پراكتیكـی نییـەو پێویـست دەكـا شـێوازی دیكە بۆ هەمگەرایی‌و لەیەك نزیكبوونەوە بگیرێتە بەر.

١٠-ئێـستا كـاتی ئـەوە هـاتوە ژمارەیـەك ئۆرگـانی هەمیـشەیی پێكبهێنرێن بۆ چالاكی نواندن لەمەیدانی هاریكاری كردنی یەكترو دامەزراوە ناحكومییەكاندا، واتە ئۆرگانی وەك گروپـی جیاجیای سیاسی، رۆشنبیری‌و میدیاكان. پێویستیی ئەم كارە زیاتر لەو روەوەیە كەسانسۆركردنی هـەواڵ‌و زانیارییـەكان رێ لـەپێكهاتنی هاریكارییەكان دەگرن.

١١-ئــەمڕۆ پێویـستە پـشتگیری لــەو هەنگاوانــە بكــرێ كــە بەئاراسـتەی پێكهێنـانی متمانـەن بەیـەكتركردن‌و كۆتـایی هێنـان بەكێـشەی قـەوقازی باشـور، ئەگەرچـی ئـەم هەنگاوانـە بەسـتی دەنرێن، سـەرباری نـەبونی مۆدێلێكی وردو دیـاریكراو بـۆ ئاسـۆی گفتوگۆكانی ئاشتی.

١٢-ئایـا پـرۆژەی دەسـتەبەركردنی سـەقامگیری لەناوچـەكەدا، دواهـەمین بەڵگەیـە بـۆ چارەسـەركردنی كێـشە پەیوەندیـدارەكان بەناوچــەی قــەوقازی باشــورەوە؟ چارەنوســی قــەوقازی باشــور كەی(لەم سیستمانەی ئێستای ناوچەكە یان دوای ئەم سیستمانە) دیاری دەكرێ؟

چـی پێویـسته بکـرێ بـۆ گفتوگـۆ هەڵپەسـێراوەکان(خـامۆش کراوەکـان)و ناوچـه بـێ چـاودێرەکان؟ وەڵامـی دروسـتی ئـەم پرسیارانه هێشتا نەدراونەتەوە.

١٣-ساختەبوونی ئەنجامی هەڵبژاردنه گشتییەکانی قەوقازی باشـورو کاردانـەوە لیـبراڵ ئاساکان(لەگـەڵ چاوپۆشـیی) وڵاتـانی بیـانیو دامـەزراوە نێودەوڵەتییـەکان لـەم بارەیـەوە وای کـردوە ترسـی ئـەوە هـەبێ حکومـەتی میـانڕەوتر لـەم وڵاتانـەدا نەیەتـە سەرکار، ئەمەش بە نیگەرانیی سەرەکیی ناوچەکە دادەنرێ.

# پێرست

پێشەکیی چاپی کورد ........................ ٣
پێشەکیی هەردو نوسەر ........................ ٥
**بەشی یەکەم:**
ئاستو رەهەندەکانی کێشەی قەرەباخ لەرەهەندە لۆکالیەکانەوە
تا رەهەندە جیهانییەکان........................ ١١
**بەشی دووەم:**
رێوشوێنە پێشنیارکراوەکانی چارەسەکردنی کێشەی قەرەباخ ... ٣٣
**بەشی سێیەم:**
رەوشەکانی چارەسەرکردنی کێشەی قەرەباخ ........................ ٧٣
**بەشی چوارەم:**
کێشەی قەرەباخو کایەی سیاسی کۆمەڵایەتیی هەردوو وڵات .... ٨١
**بەشی پێنجەم:**
ئەنجامگیری........................ ٨٩




بەرگسازی: قادر میرخان

( 2000) دینار